

ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
www.asiacell.com

# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 561 سێشەممە 22/ 12/ 2009 — نرخ 750 دینار — No.561 Tue 22/ 12/ 2009

# نەوتی هەرێم بێ گومرگ دەبرێتە ئێران

**ڕۆژنامە**

نووسراوێکی ڕەسمیی وەزارەتی دارایی، ڕێگا بە کۆمپانیای (عێراق ئۆیڵ) دەدات بەبێ گومرگ نەوتی ڕەشی هەرێم لەڕێگەی هەردوو دەروازەی باشماخو پەروێزخانەوە ببرێتە ئێران.

لە نووسراوێکی ڕەسمیی وەزارەتی داراییدا، کە ژمارە (٧٥١١)و ئیمزای بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی لەسەرەو لە (٢٠٠٩/١١/٢٣)دا ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی گومرگی سلێمانی کراوە، هاتووە: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە نووسراوی ژمارە (٤٦٨٨) لە (٢٠٠٩/١١/١٥)دا ئاگاداریان کردووین، کە وا کۆمپانیای (عێراق ئۆیڵ) بۆ خزمەتگوزاریی نەوت، گرێبەستی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکەیان‌و فەرامۆشکراون لە باجی گومرگ بۆ بردنە دەرەوەی نەوتی ڕەش (FUEL OIL)ی پاڵاوگە ناوخۆییەکان.

لە بەشێکی دیکەی نووسراوەکەدا، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە ئاماژە بەوە کراوە؛ کە کۆمپانیای (عێراق ئۆیڵ) بەرهەمەکانیان کەڵەکە بووەو سەرف ناکرێت لەناوهەرێمداو داوا لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی گومرگی سلێمانیش دەکات هەردوو دەروازەی سنووریی باشماخو پەروێزخان ئاگاداربکەنەوە بۆ ڕێپێدان بەو کۆمپانیایەو لێبووردنیان لە باجی گومرگ.

## فراکسیۆنی گۆڕان، داوای کەمکردنەوەی مووچەی وەزیرو پەرلەمانتاران دەکات

**ڕۆژنامە**

فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان داوادەکات گۆڕانکاریی بکرێت لە مووچەی پلە تایبەت‌و فەرمانبەرانی ئاساییداو بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیاسایەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە.

بەپێی ئەو پرۆژەیاسایەی فراکسیۆنی گۆڕان، لانیکەم دوو ملیۆن دیناری مووچەی مانگانەی وەزیرو پەرلەمانتاران کەمبکرێتەوەو لەبەرامبەریشدا مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی زیادبکرێت.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «بە بڕوای ئێمە «سیستمی ئێستای مووچە جیاوازیی چینایەتی دروستدەکات بە جۆرێک کۆمەڵێک خەڵک لە پلە تایبەتەکان سوودێکی زۆر لە بودجە وەردەگرن، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێکی زۆر لە فەرمانبەران بە کەمیی سوودمەند دەبن».

بۆهەمان مەبەست عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: «پرۆژەکەی ئێمە بۆئەوەیە یەکسانیی هەبێت لە دانانی مووچەو ئەو جیاوازییە گەورەیەی مووچە نەمێنێت، بەجۆرێک یەکسانیی تێدابێت، ئەمە پرۆژەی ئێمەیە بۆ ئەوەی شێوازێکی یەکسانیی لە مەسەلەی مووچەدا هەبێت».

**لەوبارەیەوە راپۆرتێک لە (ل٤و٥)دا بخوێنەوە**

## «حکومەتی هەرێم ڕێکەوتنی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەران» ١٩

## دەبوایە ٢٤ سەعات کارەبا بدرێت
## نزیکەی ٣ ترلیۆن دینار بۆ کارەبا خەرجکراوە

**ڕۆژنامە**

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٢) ترلیۆن‌و (٥٠٠) ملیار دینار بۆ بواری کارەبای هەرێم خەرجکراوە، وەزیری پێشووی کارەبای هەرێمیش لەبەردەم پەرلەماندا ڕایگەیاند: تا ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨) کێشەی کارەبا چارەسەر دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا بەشێوەیەکی بێ بەرنامەو نارێک کارەبا بە هاوڵاتییان دەدرێت.

ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/١٦) لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هۆشیار سیوەیلی وەزیری کارەبا، بەڵێنی بە پەرلەمان‌و هاوڵاتییان دا کە لە ناوەڕاستی ٢٠٠٨دا کێشەی کارەبا چارەسەر بکات‌و دواتریش لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامە وەزیری کارەبا وتی: «لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨)دا دەتوانین کارەبا لەو وێستگانە بەرهەمبهێنین، کە گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کردووەو بەمەش کێشەی کارەبا تاڕادەیەکی باش چارەسەردەبێت».

سەرەڕای تەرخانکردنی ئەو بودجە زۆرەو بنیادنانی ئەو هەموو وێستگەیەو بەڵێنی وەزیری کارەباو بەرپرسان، بەڵام لە ئێستادا بەشێوەیەکی بێ بەرنامەو پچڕپچڕ کارەبا دەدرێتە هاوڵاتییان‌و بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی کارەبا بێ بڕان لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا کەمتر لە (١٤) کاتژمێرە.

**وردەکاریی لە ڕاپۆرتێکی لاپەڕە ٦ دا بڵاوکراوەتەوە.**

### ٨
**رزگار عەلی:**
## ناکرێت هەموو هیواکان لەسەر بەیاننامەکەی کۆشکی سپی بنیادبنێین



## دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان لە پەسەندکردن نزیکبووەتەوە

**ڕۆژنامە**

هەردوو لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان گەیشتنە ئەنجام بەمەبەستی پەسەندکردنی یاسای بودجەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان.

د. زانا ڕەئوف ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی (١٢/٢٠) لە دانیشتنێکی هەردوو لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هەردوو پرۆژە یاسای (بودجەی حیزبە سیاسییەکان)و (پشتگیریی دارایی حیزب‌و قەوارە سیاسییەکان) تاووتوێکران‌و ئەندامانی هەردوو لیژنەکە کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە ئەو دوو پرۆژەیە بکرێن بە یەکو بەناوی پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارت‌و قەوارە سیاسییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە بەپێی پرۆژە گشتگیرەکە، بۆ دەستنیشانکردنی بودجەو پشتگیریی دارایی پشت دەبەسترێت بەو کورسییە پەرلەمانیانەی کە لایەنە سیاسییەکان بەدەستیانهێناوە، هاوکات بودجە دەدرێت بەو لایەنانەش کە نیوەی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە.

د. زانا گەشبینبوو بەرامبەر تێپەڕاندنی یاساکە لەلایەن پەرلەمانەوە، وتیشی: «گرنگی ئەو یاسایە لەوەدایە، کە سنوورێک بۆ تێکەڵاوکردنی بودجەی حیزب‌و حکومەت دادەنێت‌و جگە لەو بودجەیەی کە بە لایەنەکان دەدرێت، هەموو بودجەکە هی هەرێمی کوردستان دەبێت‌و لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا خەرج دەکرێت».

**وردەکاریی لە ڕاپۆرتێکی ل (٤و٥)دایە.**

## پەرلەمان پێش ئەوەی هیچ یاسایەک دەربکات پشوو دەدات

**ڕۆژنامە**

چەند ڕۆژێکی دیکە (٢٠١٠/١/١) دانیشتنەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتاییاندێت‌و بۆماوەی دوو مانگ پشوو دەدەن. ئەمەش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ساڵانە لە دوو وەرزدا بۆماوەی (٢) مانگ پشووی پەرلەمان دەبێت.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکاتێکدا ئەو پشووەی پەرلەمان دەستپێدەکات، تائێستا ئەم خولەی پەرلەمان هیچ یاسایەکی دەرنەکردووە دەبوایە پەرلەمانی کوردستان کاری زیاتری بکردایە.

کاردۆ کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە وتیشی: «دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان لەئێستادا گرفت دروستدەکات‌و کاریگەریی دەکاتە سەر دواکەوتنی پرۆژەیاساکان».

**وردەکاریی لە ڕاپۆرتێکی ل (٢)دایە.**

## ئاژانسی ستراتفۆر: پارتی‌و یەکێتی ئاسایش‌و موخابەراتی خۆیان هەیە ١٢

# گۆڕان لە نیوەی پارێزگاکانی عێراق بەشداریی هەڵبژاردن دەکات

شاڵاو فەتاح

لیستی گـۆڕان بۆ هەڵبژاردنی ساڵی داهـاتـوو کۆتایی بە تۆمارکردنی ناوی کاندیدەکانی هێنا لە پارێزگاکانی هەرێم‌و چەند پارێزگایەکی عێراقی‌و ئامادەکارییەکی گشتگیری کـردووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، کە لە (٧)ی ئازاری ساڵی داهاتوو ئەنجامدەدرێت.

محەمەد تۆفیق رەحـیـم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، وەڵامی ئەو پرسیارە هەنووکەییانە دەداتەوە کە بووەتە جێگەی پرسیاری هاوڵاتییان‌و بە گەشبینییەکی زۆریـشـەوە بـاس لـەوەدەکـات کـە بۆ ئەم هەڵبژاردنە گـۆڕان دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان دەهێنێت.

وەک زۆرێـــک لــە لیستە خــاوەن جەماوەرە گەورەکانی عێراق، گۆڕان تەنیا لەو پارێزگایانەدا بەشداریی دەکـات، کە چاوەڕواندەکات دەنگی پێویست بهێنێت، کە رێژەی بەشداربوونی ئەم لیستە بەرزەو لە نزیکەی نیوەی پارێزگاکانی عێراقدا کاندیدی دەبێت‌و کاندیدەکانیش وەک محەمەد تۆفیق رەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: تەنیا کەسانێک نین کاریان بۆ لیستەکەمان کردبێت، بەڵکو «هەوڵمانداوە ژمارەیەکی زۆر کەسانی سەربەخۆو بێلایەن بەشداریی پێبکەین» بۆ هەریەک لە پارێزگاکانی «سلێمانی‌و هەولێرو دهۆک‌و موسڵ‌و کەرکوک‌و سەلاحەدین‌و دیالەو بەغدا»، واتە هەشت پارێزگا لە کۆی هەژدە پارێزگاکەی عێراق هەڵدەبژێردرێن.

سەبارەت بە ناوی کاندیدەکان، محەمەد تۆفیق رەحیم خـۆی لە ئاشکراکردنی ناوەکانیان پاراست، چونکە «نایاسایییە» وەک خۆی دەڵێت: «ناوەکانیان ناڵێین، چونکە رانەگەیەنراوەو نایاسایییە ئەگەر ئاشکرای بکەین».

سـەبـارەت بە سـەرچـاوەی بودجەی دابینکراوی لیستی گۆڕان لەو هەڵبژاردنەدا، محەمەد تۆفیق رەحیم وتی: «سەرچاوەی مادیی لیستی گۆڕان تەنیا لە خەڵکەوەیەو خەڵکێکی دیاریکراو یارمەتی لیستەکەمان دەدات، بــەڵام ئاشکراکردنی نــاوی ئەو خەڵکە دوورنییە بەرژەوەندییەکانیان بخاتە مەترسییەوە، ناتوانین ناویان بهێنین، چونکە نامانەوێت لەبەر زروف‌و بارودۆخی هەڵبژاردن بەرژەوەندییەکانیان بخەینە مەترسییەوە». وەک خۆی وتی: «یەکێک لەو مەترسییانەی کە لەلایەن خەڵک‌و لیستە سیاسییەکانەوە چاوەڕواندەکرێت، بوونی تەزویرو ئاستی بێلایەنیی کۆمسیۆنی باڵایە، محەمەد تۆفیق رەحیم گەشبینیی پیشاننەدا بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن، چونکە وەک خۆی دەڵێت: «پێموایە کۆمسیۆن هەر هەمان کۆمسیۆنی جارانە»، بەڵام گەشبینیی بەرامبەر کەمبوونەوەی ئاستی تەزویر پیشاندا، چونکە هەڵبژاردنەکە تەنیا لە چوارچێوەی کوردستاندا نامێنێتەوەو لە عێراقدا بەگشتیی ئەنجامدەدرێت، ئەمەش گرنگی هەڵبژاردنەکە بۆ چەندین لایەن زیاتر دەکات‌و هەوڵدەدەن دیاردەی تەزویر کەمبکەنەوە، وەک محەمەد تۆفیق رەحیم دەڵێت: «بۆ تەزویر پێموایە کەمتر بێت، چونکە زۆر لایەنی دیکە هەن چاودێریی هەڵبژاردن دەکەن، چونکە ئەمە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەو زۆر لایەن هەن گرنگیی پێدەدەن، لەبەرئەوە هەوڵدەدەن تەزویر کەمتر بێت».



ماوەیەکی زۆرە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی دەسـەڵاتـەوە بانگەشەی «گـەڕانـەوەی لایەنگرانی لیستی گـۆڕان» دەکـرێـت‌و دەوترێت گوایە لیستی گۆڕان ئەو ئاستەی کە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) بەدەستیهێنا، لە کزیدایەو بەدەستی ناهێنێتەوە، چونکە «ئەو بەڵێنانەی کە بەخەڵکیان داوە جێبەجێیان نەکردووە، محەمەد تۆفیق رەحیم کۆی ئەو بانگەشانەی بە «مەسرەحیات» زانی‌و بگرە بە تەواوی باوەڕبەخۆبوونەوە پێشبینیی ئاستی بەرزتری کرد بۆ لیستەکەیان لەم هەڵبژاردنەدا، وەک دەڵێت «بگرە زیاتر دەهێنین».

# بەغدا حساباتی کوردستان دەپشکنێت

شارا عەبدولڕەحمان

دوو دەستەی وردبینی‌و شەفافیەتی سەر بە دەستەی نەزاهەی عێراق بەمەبەستی پێداچوونەوەی حساباتی هەرێم دێنە کوردستان‌و ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئـامـاژەبـەوەدەکـات، کـە ساڵانی رابــردووش ئەو دەستانە هاتوون، بەڵام راپۆرتەکانیان ئاشکرانەکردووە، هاوکات هەماهەنگیکاری دەستەی نەزاهەی عێراق لە هەرێمی کوردستان ئاماژەبەوەدەکات؛ هاتنی ئەو دەستانە پەیوەندیی بە وردبینیی لە بڕوانامەی ئەو پاڵێوراوانەوە هەیە کە بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەکەن.

سـەرچـاوەیـەکـی ئـاگـادار بە رۆژنـامـەی راگەیاند: بڕیارە دوو دەسـتـەی وردبـیـنـی‌و شەفافیەتی دەستەی نەزاهەی عێراقی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بەمەبەستی پێداچوونەوەو وردبینیی لە داهات‌و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانداو داوایانکردووە کە لەکاتی هاتنیان بۆ کوردستان سەردانی دەزگاو وەزارەتەکان بکەن‌و هەموو ئەو بەڵگانەیان بخرێتە بەردەست کە بۆ وردبینیی حساباتی هەرێم داوای دەکەن.

ئـازاد چـالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بێئاگایی خۆی لەکاتی هاتنی ئەو دوو دەستەیەی سەر بە دەستەی نەزاهەی عێراق نیشانداو راشیگەیاند: «دەستەی نەزاهەی عێراق هەموو سێ مانگ جارێک راپۆرتی خۆی لەسەر هەموو دامودەزگاکانی عێراق ئامادەدەکات‌و ساڵانەش لیژنە دەنێرن بۆ هەرێم بـۆئـەوەی بە حساباتی هەرێمدا بچنەوە، بەڵام راپۆرتەکانیان تا رادەیەک نهێنییەو ئاشکرای ناکەن، واتە ئەو راپۆرتانەی کە لەسەر ئەو پـارانـەی کە دیارنەماون یـان ئەو خروقاتانەی کە لە دامودەزگاکاندا روویـانـداوە، ئاشکرا ناکەن، بۆیە ئەوەی دەست ئێمە دەکەوێت زیاتر نافەرمین».

بــەڵام ســامــی شــەبــەک، هەماهەنگیکاری دەستەی نەزاهەی عێراق لە حکومەتی هەرێم، ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو لیژنانەی سەر بە دەسـتـەی نـەزاهـەی عـێـراق بۆ وردبینیی حساباتی هەرێم بێن‌و بۆ رۆژنامە وتی: «راستە بڕیاری هاتنی لیژنەکانی سەر بە دەستەی نـەزاهـەی عێراق بۆ هەرێم هەیە، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی، پێویستی بە رەزامەندیی سەرۆکایەتیی هەرێم هەیە، ئەمە جگەلەوەی ئەو لیژنانە بۆ وردبینیی لە حساباتی هەرێمدا نایەن، بەڵکو بۆ وردبینیی لە بڕوانامەی ئەو پاڵێوراوانەدا دێن کە بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەکەن».

ئەوەشی رەتکردەوە کە ساڵانی رابــردوو هیچ لیژنەیەکی سەر بە دەستەی نەزاهەی عێراق بۆ وردبینیی حساباتی هەرێم هاتبێتنە کوردستان.

هاوکات بەپێی سەرچاوەکەی رۆژنامە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەناو حکومەتی عێراق لە هاتنی ئەو دوو دەستەیە ئاگادارکراونەتەوەو ئەوانیش حکومەتی هەرێمیان بۆ ئەو مەبەستە ئاگادارکردووەتەوە.

دیلان سیتی
Dylan City
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان

ئاسانکارییەکی بێوێنەو بێهاوتا لە قیستەکانی پرۆژەی (دیلان سیتی)دا کرا

لەسەر داواکاریی دەستەی وەبەرهێنان‌و هاوڵاتیان، (کۆمپانیای هەستیار) سەرەڕای شێوازی پێشووتری بۆ فرۆشتنی شوقەکان چەند هەلێکی دیکەتان دەخاتە بەردەست لە پرۆژەی (دیلان سیتی) کە لە بناری شاخی گۆیژە جێبەجێدەکرێت:

ئەو هاوڵاتیانەی سندوقی نیشتەجێبوون (٥٠٪)ی پارەکەیان بۆ دەدات.
شێوازی دانەوەی قیستەکانیان بەمشێوەیەیە:
(A): ١- (٣٤٠٠$) لەگەڵ واژووکردنی گرێبەستدا.
٢- قیستێکی (٤٠) مانگی بە بڕی (٣٨٠$).
٣- (٢٦٠٠$) لەگەڵ وەرگرتنی کلیلی شوقەکەدا.
(B): ١- (٦٠٠٠$) دۆلار لەگەڵ واژووکردنی گرێبەستدا.
٢- قیستێکی (٤٠) مانگی بە بڕی (٣٨٠$).

ئەو هاوڵاتیانەش کە سندوقی نیشتەجێبوون (٣٠٪)ی پارەکەیان بۆ دەدات.
شێوازی دانەوەی قیستەکانیان بەمشێوەیەیە:
(A): ١- (٥٢٥٠$) لەگەڵ واژووکردنی گرێبەستدا.
٢- قیستێکی (٤٨) مانگی بە بڕی (٤٠٠$).
٣- (٥٢٦٣$) لەگەڵ وەرگرتنی کلیلی شوقەکەدا.
(B): ١- (٦٠٠٠$) دۆلار لەگەڵ واژووکردنی گرێبەستدا.
٢- قیستێکی (٤٨) مانگی بە بڕی (٤٩٤$).


شوقەکان بە (١٨) مانگ لەسەر رووبەری (١٠٠م٢) دروستدەکرێن‌و بە (٤٢) هەزارو (٤٤٨$) یش دەفرۆشرێن.

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پرۆژەکە بکەن: شەقامی سەحەتری - گەڕەکی هۆمەرەگۆڕ یان ٠٧٧١٠١٢٢٢٢١ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢
DIRECT

## «لە (٤) مانگی ڕابردوودا سست بووە لە کارەکانیدا»

# لە خولی یەکەمیدا پەرلەمان نەیتوانی هیچ یاسایەک دەربکات

**پشتیوان سەعدوڵڵا**



چەند ڕۆژێکی دیکە دانیشتنەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتاییان دێتو پشوو دەستپێدەکات، لەکاتێکدا لەم خولەیدا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی هیچ یاسایەک دەربکات، هاوکات تائێستاش بودجەی هەرێم دەنگی لەسەر نەدراوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چۆنێتی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان کاریگەریی لەسەر ئەدای پەرلەمان هەبووەو لەم سێ مانگەدا پەرلەمان کاری کەمکردووەو دەبوایە پەرلەمانی کوردستان کاری زیاتری بکردایە لە پەسەندکردنی پڕۆژەیاساو هەم لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پشووی پەرلەمان دەستپێدەکات، بەڵام هیچ یاسایەکی دەرنەکردووە.

پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا تەنیا (١٢) دانیشتنی سازکردووەو لەو ماوەیەدا تەنیا خوێندنەوەی یەکەم بۆ چەند پڕۆژەیاسایەک کراوە، بەڵام تائێستا هیچ یاسایەک پەسەند نەکراوەو دەنگدان لەسەریان دەکەوێتە مانگی ئازارەوە.

بە بڕوای کاردۆ محەمەد «دەستپێکردنی پشووی پەرلەمان لەئێستادا گرفت دروستدەکاتو کاریگەریی دەکاتە سەر دواکەوتنی پڕۆژەیاساکان، جگە لەوەش جۆرێک لە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئێمە دروستدەکات، کە ئێمە وەکو پەرلەمان لە دەورەیەکدا نەمانتوانی هیچ بڕیارێک لەسەر هیچ پڕۆژەیەکی یاسایی بدەین».

هەروەک د. ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕاستە پشووی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکراوە، بەڵام دەکرێت لەکاتی پێویستدا پەرلەمان پشووەکەی دوابخات، یان ماوەکەی کەمبکاتەوە، لە(٤) مانگی ڕابردوودا پەرلەمان سست بووە لە کارەکانیدا، لە ماوەی ڕابردوودا پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ چەند پڕۆژەیاسایەک کردووەو تائێستا دەنگیان لەسەر نەدراوەو دەکەوێتە مانگی ئازارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان هەندێک کاری باشی کردووە.

هاوکات پەرلەمانتارێکی دیکە پێیوایە سستی لە کارەکانی پەرلەماندا هەیەو هاوکات بەپێویستی دەزانێت ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان زیاتر بکرێت.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە چاو ئەو ماوە زۆرەی لەم خولەی پەرلەماندا تێپەڕیون، دانیشتنەکانی پەرلەمان کەمن، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو نیگەرانیی خۆمان لەوە دەربڕیوەو داوامانکردووە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان زیاترو چڕوپڕتر بکرێت، ماوەیەک پێش ئێستا داوای پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆمان کرد، ئەویش بە مەبەستی زیادکردنی ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی نەداوینەتەوەو بیانوو بۆ دواکەوتنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان هێنراونەتەوە.

باسی لەوەشکرد، پشووی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیەو دەبێت ئێمەش پابەندبین بە پەیڕەوی ناوخۆوە، ڕاستە پشووەکە زۆرە، بەڵام پەرلەمان سوود لە کاتی دەوام وەرناگرێتو کۆبوونەوەی زۆری تێدا ئەنجامنادرێت.

لەگەڵ ئەوەی لە (١/١ وە تا ٣/١) پشووی پەرلەمان دەستپێدەکات، بەڵام تائێستا بودجەی هەرێم دەنگی لەسەرنەدراوە، هاوکات چەند ئەندام پەرلەمانێک درێژکردنەوەی ماوەی ئاسایی پەرلەمان بە گرنگ دەزانن.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، ڕایگەیاند: هەرچەند چەند ڕۆژێکی دیکە دانیشتنەکانی ئەم خولەی پەرلەمان کۆتاییان پێدێت، بەڵام پێویستە لەپێش پشووەکە پەرلەمان چەند کارێک ئەنجامبدات، یەکێکیان داڕشتنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، دووەمیان دانیشتنێکی تایبەت بە گفتوگردن لەسەر کارنامەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، خاڵی سێیەم گفتوگۆکردنە لەسەر بودجەی هەرێم.

سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیش ئەوە دەخاتەڕوو، بودجە مەسەلەیەکی گرنگەو پێویستە لەکاتی دەوامی ئاسایی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، نەک لەکاتی پشوودا.

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵێکدا دوو وەرزی دانیشتنی هەیەو لەنێو وەرزەکاندا دوو پشووی هەیە، یەکەمیان (١/١) تا (٣/١)، پشووەکەی دیکە لە (٧/١) تا (٩/١) دەگرێتەوە.

کاردۆ محەمەد وتی: « بڕیارە لەم ماوەیەدا بودجەی ساڵی (٢٠١٠) ڕەوانەی پەرلەمان بکرێتو دەکەوێتە ماوەی پشووی پەرلەمانەوە، یان دەبێت پەرلەمان پشووەکەی دوابخات، یان لە کۆبوونەوەی نائاساییدا بڕیار لەسەر بودجە بدرێت، چونکە بودجە مەسەلەیەکی گرنگەو دەبێت ئەمساڵیش جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو لە پەرلەماندا گفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێت.

**ڕۆژنامە هەوڵیدا لەوبارەیەوە قسە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، بەڵام نەتوانرا لێدوان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگیرێت.**

# کاندیدەکان لە لیستی کراوە دەترسن

**بەهادین یوسف**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، کە یەکێتیو پارتیو (١١) حیزبی دیکە پێکیانهێناوە، زۆرینەی پاڵێوراوەکانی ئەو لیستە بەر دوو حیزبەکە دەکەونو پارتی لە دهۆکو موسڵ کاندیدی زیاترو یەکێتی لە سلێمانیو کەرکوک زیاترو لە هەولێرو دیالەش وەک یەک کاندیدەکانیان دابەشکردووە.

جەعفەر ئیبراهیم بەرپرسی دەزگای گشتیی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکیدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هاوپەیمانیی لە (٩) پارێزگای عێراق بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکاتو تەواوی ناوی کاندیدەکانی بە ڕێکەوتنی نێوان لایەنەکان پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵا کردووە، هەندێک لە لایەنەکان تەرکیزیان لەسەر پارێزگایەک بووە، یان نەیانویستووە لە پارێزگای دیکە بەشداریی بکەن.

وتیشی: «یەکێتیو پارتی چەند کاندیدیان ویستبێت لە هەر پارێزگایەک ئەوەندە کاندیدیان داناوە، ئەگەریش هەیە ئەمڕۆ گۆڕانکاریی لە لیستەکەدا بکرێت».

بەپێی بڕیارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕۆژی (١٢/٢٠) دوا وادەبوو بۆ پێشکەشکردنی ناو و کاندیدی لیستەکانو دوو ڕۆژ دوای ئەو بەروارەش هەر لیستێک بۆی هەیە گۆڕانکاریی لەناو یان ڕیزبەندیی کاندیدەکانیدا بکات.

لیستی هاوپەیمانی کە لە ١٣ حزبو لایەن پێکهاتووە (یەکێتی، پارتی، بزووتنەوەی ئیسلامیی، سۆسیالیست، هەردوو زەحمەتکێشان، شیوعی، لیبراڵی تورکمانی، یەکێتیی نەتەوەیی، حزبی کرێکارانو ڕەنجدەران، لیستی تورکمانی هەولێر، حزبی ئەخای تورکمانی، بزووتنەوەی دیموکراتی) کاندیدەکانی بەمشێوەیە دابەشکراوە، لە دهۆک لە کۆی (٢٠) کاندید (١٠)ی بۆ پارتیو (٤) بۆ یەکێتیو (٦) بۆ لایەنەکانی دیکەو لە سلێمانی لە کۆی (٣٤) کاندید پارتی (٩) کەسی هەیەو کاندیدەکانی دیکە بۆ یەکێتیو حزبەکانی دیکە، لە هەولێریش لە کۆی (٢٨) کاندید هەریەکە لەپارتیو یەکێتی(٩) کاندیدو (١٠) کاندید بۆ لایەنەکانی دیکە، لە کەرکوک لە کۆی (٢٤) کاندید پارتی (٨) کاندیدو یەکێتی (١٠) کاندیدو (٦)ی بۆ لایەنەکانی دیکە، لە دیالەش یەکێتیو پارتی هەریەکەو (٤) کاندیدو لە موسڵیش پارتی بە تەنیا (٢٦) کاندیدی هەیە.

هەروەک بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەر لیستەو بۆی هەیە دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسی ئەو پارێزگایە ناوی کاندیدەکانی پێشکەش بکات.

جەعفەر ئیبراهیم وتیشی: «هەر حیزبەو بەقەدەر خۆی کاندیدی هەیە لە لیستی هاوپەیمانییو ئێمە بڕیارمانداوە گۆڕانکاریی دیکە نەکەین، بەڵام ئەمڕۆش بۆمان هەیە ئەگەر کاندیدێک خۆی ویستی، یان بە لاوازمان زانی یان کێشەیەکی هەبوو گۆڕانکاریی لە لیستەکە یان ڕیزبەندیی بکەین».

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ئەوەشی نەشاردەوە: «کاندیدەکان لە لیستی کراوە دەترسن، ئەو ڕیزبەندییەی ئێمەش بۆ لیستەکە دامانناوە ئیعتبارێکی وای نییە، چونکە هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوە بەڕێوە دەچێتو کاندیدی لاوازیش زیان بەخۆییو لیستەکەی دەگەیەنێت».

# پارتی چارەسەر بەشداریی هەڵبژاردن ناکاتو دەچێتە پاڵ لیستێک

**شارا عەبدولڕەحمان**

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناکاتو پاڵپشتی یەکێک لە لیستە بەشداربووەکانی دیکە دەکات.

دیاری غەریب سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (PCDK) ئەوەی ئاشکراکرد؛ کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناونووس نەکردووەو بەنیازی بەشداریکردن نین.

سەبارەت بە هۆکارەکانیش بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەند هۆکارێک هەبوو بۆ بەشدارینەکردنمان لە هەڵبژاردندا، یەکێک لەو هۆکارانەش ئەوەبوو، کە لەم ماوەیەدا سەرقاڵی کاروباری پارتەکەمان بووینو کاتمان نەبوو بۆ چوونە نێو ململانێی هەڵبژاردنەوە، هاوکات زیاتر داخوازی ئێمە بەلای ئەوەدابوو، کە کورد بە یەک لیستی هاوبەشی تۆکمە بەشداربووایە ئەگەر وابوایە ئەوا بەشداریی هەڵبژاردنمان دەکرد، چونکە پێمانوایە؛ کە ئەو شێوەیە خزمەتی زیاتری بە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کورد دەکرد، بەڵام کە چەند لیستێک پێکهات بڕیارماندا بەشداریی هەڵبژاردن نەکەین».

پارتی چارەسەری دیموکراتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە لە (٧/٢٥)ی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو لیستی (هیوا)یان پێکهێنا، بەڵام بەبیانووی پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە لەلایەن کۆمسیۆنەوە لیستەکەیان ڕەتکرایەوە.

بەگوێرەی لێدوانی سەرۆکی حیزبەکە، پارتی چارەسەر بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری پشتیوانیکردنی یەکێک لەلایەنە بەشداربووەکانیان داوە، هەروەک سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی بە ڕۆژنامەی وت: «هەر لایەنێک بەرنامەی گرنگو تۆکمەو پاڵێوراوی شیاوی هەبێتو بە فیعلی تێڕوانینی بۆ دیموکراسییەت ئیجابی بێت، ئەوا پشتیوانی دەکەینو دەنگی پێدەدەین».



# ـــاڵ بەو مووچە زۆرەوە خانەنشین بکرێت

# ـــەی بەرپرسانو فەرمانبەرانی ئاسایی دەکات



مووچەدا هەبێت، کە رەنگدانەوەی بارو بژێویی خەڵکی بێت».

سەبارەت بە خانەشینکردنی پەرلەمانتارانیش عەدنان عوسمان وتی: «هەرگیز لەگەڵ خانەنشینکردنی ئەندام پەرلەماندا نیم کە بۆ چوارساڵ کارکردن لە پەرلەماندا بە مووچەیەکی زۆرەوە خانەنشین بکرێت، ئەوە بە نایاسایی و ناڕاست دەزانم».

مانگی رابردوو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی ئامادەکرد بۆ ئەوەی (١٠٪)ی مووچەی وەزیرەکان ببردرێتو بکرێتە سندوقی هاوکاریی کەسوکاری شەهیدانەوە، کە بەپێی وتەی بەرپرسانی حکومەت ئەوە لە چوارچێوەی هەوڵەکانیاندایە بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان، بەڵام بە بۆچوونی عەدنان عوسمان، پەرلەمانتار، ئەوجۆرە هەنگاوانە موزایەدەیە بەسەر خوێنی شەهیدەوەو بەسەر خەڵکی هەژارەوە، ئەوە دەبێتە جۆرێک لە لوتبەرزیی و منەتێک، کە لە راستیدا شەهیدو کەسوکاری شەهید پێویستیان بە منەت نییە، بۆیە دەبێت بە یاسا رێژەیەک لە مووچەی پلە بەرزەکان دابشکێنرێتو مووچەی پلە نزمەکان بەرزبکرێتەوە.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دارایی و ئابووریی ئیدارەی پێشووی سلێمانی و بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خانەنشینی، کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، لیستی مووچەی پلە تایبەتی خانەنشینی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٥)ی تێدایە، کە بریتییە لە مووچەی (٢٨٥) کەس لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی خانەنشینەوە بۆ مووچەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

لەو دۆکیۆمێنتەدا هاتووە «(٢) کەس وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو (٣) لە جێگرەکانیان کۆی مووچەی خانەنشینی مانگانەیان (٤٢) ملیۆن دینارە، واتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی خانەنشین مووچەی مانگانەی (٩) ملیۆنو (٧٥٠) هەزار دینارە، جێگرەکانیش مووچەی مانگانەیان (٧) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینارە»، هەروەها «(٦٩) وەزیری خانەنشینکراوی تێدایە کە مووچەی هەر وەزیرێکی خانەنشین مانگانە (٥) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینارە»، «(٣٢) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتیی حیزبەکانی تێدایە کە بە پلەی وەزیر خانەنشینکراونو هەندێکیان هەر لە بنەڕەتدا پۆستی وەزیرییان وەرنەگرتووە، کە هەر یەکێکیان مانگانە (٥) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینار مووچەیانە»، هەروەها هەر لەو لیستەدا «(٣٢) بریکاری وەزیری خانەنشینکراو هەیە کە کۆی مووچەی مانگانەیان (٤٥) ملیۆنو (٦٧) هەزارو (٧٠٠) دینارە»، «(١٢) دادوەری گشتیی خانەنشینکراو کۆی مووچەی مانگانەیان (٢٦) ملیۆنو (٦٨٩) هەزار دینارە»، هەروەها «(٣٣) بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینکراو کۆی مووچەی مانگانەیان (٣٥) ملیۆنو (٤٤٩) هەزارو (٧٥٠) دینارە»، ئەوە جگە لە «(١٠٢) راوێژکاری وەزارەتی خانەنشینکراو کە کۆی مووچەی مانگانەیان (١٠١)ملیۆنو (١٤٥) هەزارو (٤٥٠) دینارە». بەوشێوەیە ژمارەی کەسە تایبەتە خانەنشینکراوەکان (٢٨٥) کەسەو کۆی مووچەی خانەنشینیشیان مانگانە (٨١٠) ملیۆنو (٧٦٣) هەزارو (٩٠٠) دینارە.

ئەوە جگە لە وەزیرو پەرلەمانتارو بریکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کابینەی پێشووی حکومەت، کە ئەوانیش بڕێکی زۆر لە بودجەی هەرێم بۆ خۆیان دەبەن پاش ئەوەی خانەنشین دەکرێن، ئەوەش لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا زیانێکی زۆر بە بودجەی گشتیی هەرێم دەگەیەنێتو چەند کەسێکی دیاریکراو بڕێکی باش لە بودجەی گشتییان وەک مووچەی خانەنشینی پێدەرێت.

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی قانوونو دەستوور دابینکردنی دادپەروەرییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لە هەموو بوارەکاندا، کە مووچەش یەکێکە لەو بوارانە. دەربارەی جیاوازیی سیستمی مووچەش دەڵێت لەگەڵ ئەو جیاوازییە زۆرە نیم کە ئێستا هەیە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی چەندان کەس هەیە بە پلەی وەزیر خانەنشینکراون بەبێ ئەوەی وەزیر بووبێت، بۆیە شایستەی ئەو مووچە بەرزەنینو هەروەها بەشێک لەوانەی پۆستەکانیشیان وەرگرتووە بە پەرلەمانتارو وەزیرەوە لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا نین، هەربۆیە «دەستخۆشی» لەو هەوڵانەکرد کە بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە بەرزەکان دەدرێت.

دەربارەی خانەنشینکردنی پەرلەمانتارانیش گۆران ئازاد وتی: «پێویستە ئەم خولەی پەرلەمان مەسەلەی خانەنشینکردنی پەرلەمان یەکلایی بکاتەوەو چاو بە مووچەی پەرلەمانتارانو پلە بەرزەکانی دیکەدا بخشێنرێتەوە».

شارەزایانی ئابووریش رەخنە لەو جیاوازییە زۆرەی نێوان مووچەی پلە بەرزو نزمەکان دەگرنو بە هۆکارێکی سەرەکیی دەزانن بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵیی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا.

هاوار شێخ رەئوف، شارەزا لە بواری دارایی و بانک، بۆ رۆژنامە وتی: «جیاوازیی مووچەی پلە بەرزەکانو نزمەکان لە کەرتی گشتیدا بەپێی سیستمێکە کە لە هەموو عێراقدا پەیڕەودەکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەندێک دەرماڵە دیاریکراوە لە بەرژەوەندیی فەرمانبەرانی پلە بەرزو تایبەت، کە وایکردووە فەرمانبەرانی ئەو پلە بەرزانە بارودۆخێکی ئابووریی زۆر باشیان بۆ دروست بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی هەوڵی ئەوەبدرێت جۆرێک لە دادپەروەریی دروستبکرێت، بەپێچەوانەوە وایکردووە فەرمانبەرانی پلە باڵا پێگەی خۆیانیان قۆستووەتەوە بۆئەوەی زیاتر سوودمەندبنو یاساکەیان بە بارێکی خراپتردا بردووە». رەخنەشی لە کاربەدەستانی حکومەت گرت بەوەی تائێستا ئەو کێشەیەی وەک کێشەیەکی جەوهەریی سەیرنەکردووەو هیچ هەوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی نەداوە. دەربارەی کاریگەرییە خراپەکانی ئەو دۆخەش وتی: «پێش هەموو شتێک فەرمانبەرانی کەرتی گشتیی هەستێکی وایان لادروست دەبێت کە دەستو بازووی ئەوان هیلاک دەبێت، بەڵام داهاتی وڵات بە شێوازێکی نادادپەروەرانە دابەشدەکرێتو کەسانی دیکە سوودمەند دەبن لێی، ئەوەش وادەکات هیچ دڵسۆزییەکیان نەبێت بۆ کارەکەیان، لەکاتێکدا کە زۆرینەی زۆری مووچەخۆران ئەوانەن کە لە پلەکانی خوارەوەدانو ئاستی بژێوییان باش نییە، ئەوەش کاریگەریی خراپی وەک گەندەڵیی و رەشوە وەرگرتنی لێدەکەوێتەوە، یاخود فەرمانبەران ناچاردەبن دوای دەوامی ئاسایی کارێکی دیکە بکەن، ئەوەش ماندوویان دەکاتو ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە باشی راپەڕێنن».

## مشروع قانون تعديل الرواتب في اقليم كردستان- العراق

المادة الأولى:

تكون للكلمات والعبارات الآتية المعاني المخصصة لها أدناه:

- مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كردستان العراق.
- وزارة المالية: وزارة المالية في حكومة اقليم كردستان.
- اللجنة: لجنة تعديل الرواتب المشكلة بمقتضى أحكام هذا القانون.
- الفئة: مجموعة وظائف ذات درجات ورواتب ومسؤوليات تُصنف حسب هذا القانون دون غيره.
- الراتب: الراتب الأساسي الشهري الذي يتقاضاه الموظف أو المكلف بالخدمة العامة ولا يشمل ذلك أي علاوة أو مكافأة.
- الموظف العام: كل شخص عُهدت اليه وظيفة عامة داخل ملاك الحكومة لقاء راتب يتقاضاه من الميزانية العامة خاضع لأحكام قانون التقاعد.

المادة الثانية:

يسمى هذا القانون «قانون تعديل الرواتب في اقليم كردستان- العراق».

المادة الثالثة:

يهدف هذا القانون الى إقامة مزيد من العدالة الاجتماعية في توزيع واردات اقليم كردستان من خلال تعديل الرواتب وتضييق الفوارق بين الرواتب العليا والرواتب الدنيا وبالتالي بين الطبقات الاجتماعية التي زادت الفوارق بين مستوياتها بسبب عدم التوازن في المستوى المعيشي لموظفي الدولة والمكلفين بالخدمة العامة. كما يهدف الى التقريب بين مستويات سلم الرواتب بما يؤمن مستوى أفضل من الحياة المعيشية لذوي الرواتب الدنيا في الاقليم.

المادة الرابعة:

تشكل وزارة المالية لجنة لتصنيف الرواتب وتقسيمها على النحو الآتي:

- الفئة الأولى: الفئة العليا من سلم الرواتب والامتيازات والمنح المالية. وتبدأ بأعلى راتب في الاقليم مروراً برواتب جميع من يعتبرون ضمن الدرجات الخاصة وفقاً لقوانين خاصة أو أية قوانين وقرارات أخرى وتنتهي برواتب المدراء العامين ومن هم في صنفهم.
- الفئة الثانية: الفئة المتوسطة والدنيا من سلم الرواتب النافذ في اقليم كردستان في غير الحالات التي نصت عليها الفقرة الأولى من هذه المادة.

المادة الخامسة:

١. تستقطع نسب معينة من مجموع الراتب الأصلي والمنح الثابتة للمشمولين بالفئة الأولى بصورة تصاعدية من أدنى راتب الى أعلاه، على أن لا تقل نسبة الاستقطاع من أعلى راتب من الفئة الأولى من ٢٠٪ ولا تزيد نسبة الاستقطاع من أدنى راتب من الفئة نفسها من ٥٪.

٢. تضاف النسب المستقطعة من رواتب الفئة الأولى الى رواتب الفئة الثانية بشكل تنازلي، وتقسم الى نسب فرعية وتضاف النسبة الأكبر الى الدرجة الأدنى من سلم رواتب الفئة الثانية والنسبة الأقل الى الدرجة الأعلى من سلم رواتب الفئة نفسها.

٣. تصدر وزارة المالية التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

٤. لا يُعمل بأي نص أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة السادسة:

يسري هذا القانون على المشمولين بالتقاعد من الفئتين الأولى والثانية حسب نظام خاص تصدره اللجنة المعينة في وزارة المالية.

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الأسباب الموجبة:

بما أن التفاوت الكبير بين سلم رواتب الفئات الوظيفية التي أفرزها النظام الخاص بالرواتب في اقليم كردستان قد أحدث شرخاً كبيراً بين الطبقات الاجتماعية وخصوصاً من الموظفين والمكلفين بالخدمة العامة حسب نظام سلم رواتب الموظفين العموميين. وبما أن التقارب بين سلم الرواتب يؤدي الى مزيد من العدالة الاجتماعية ويقوي انتماء الموظف والمكلف بالخدمة العامة الى مؤسسته العامة ووطنه وشعبه. وطالما أن إلغاء نسبة من الفوارق بين هذه الطبقات لا يزيد من أعباء الحكومة لتخصيص مزيد من الأموال للرواتب ولا تكون سبباً في إثقال الميزانية العامة بمزيد من التضخم في مجال الرواتب. فقد شرع هذا القانون.

# ـــەکان

د.زانا رەئوف ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی روونکردەوە، کە دیاریکردنی بودجە بۆ پارتو قەوارە سیاسییەکان لەدوای پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایەوە، بەپێی یاسایەک دەبێت کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، نەک بڕیارێک کە لە فەرمانگەیەکدا، وتیشی: «گرنگی ئەو یاسایە لەوەدایە، کە سنوورێک بۆ تێکەڵاوکردنی بودجەی حیزبو حکومەت دادەنێتو جگە لەو بودجەیەی کە بەپێی ئەو یاسایە بەلایەنێک دەدرێت، هەموو بودجەکە هی هەرێمی کوردستان دەبێتو لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا خەرج دەکرێت».

لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە ژمارەیەکی زۆر حیزبی سیاسیی لە کوردستاندا بوونیان هەیە، کە هەرچەندە بەهۆی کەمیی لایەنگرانیانەوە نەیانتوانیوە بگەنە هیچ ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو، بەڵام پشکێکی زۆر لە داهاتی ئەو وڵاتە بۆ ئەو حیزبانە دەڕۆیشت، بەڵام بەپێی ئەم پرۆژەیاسایە لەمەودوا بوونی پارتە سیاسییەکان لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا بەتایبەتیش لەناو پەرلەماندا بەپێی کورسیی پەرلەمانییەکانیان بودجەیان پێدەدرێت.

د.زانا لەم بارەیەوە بە رۆژنامەی وت: «بەهۆی پێدانی بودجە بەو حیزبانەی کە نەدەگەیشتنە پەرلەمانو هاوکات بەهۆی دوو ئیدارەییەوە ژمارەیەکی زۆر حیزبی سیاسیی دروست ببوون کە بەشێکیان دروستکراوی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بوون، ئەمە جگە لەوەی پێوەریش نەبوو بۆ چۆنێتی دابەشکردنی ئەو داهاتە بەسەر ئەو پارتانەدا، بەڵام لەمەودواو بەبوونی یاسایەکی لەوجۆرە پێوەر بۆ پێدانی بودجە کورسییەکانی پەرلەمان دەبێت، کە ئەم شێوازە لەگەڵ سیستمی دیموکراتی بەشێکی زۆر لەو وڵاتانی دنیادا دەگونجێت».

هەر بەپێی پرۆژەیاساکە بودجە دەدرێتە ئەو قەوارەو لایەنە سیاسییانەی کە نیوەی دەنگی پێویستیان بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، ئەمە جگە لەوەی کە زەمانەتکردنی مافی کۆتاکانیش لەبەرچاو گیراوە بەپێی رێژەی ئەو دەنگانەی کە بۆیان دەستنیشانکراوە.

بەوهۆیەشەوە د.زانا رەئوف پێیوابوو؛ کە بەبوونی یاسای پشتگیریی دارایی حیزبو لایەنە سیاسییەکان بودجەیەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوەو دەتوانرێت لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا خەرج بکرێت.

# عەدنان عوسمان: کارێکی نایاساییە پەرلەمانتار لەدوای چوار سـ

# فراکسیۆنی گۆڕان، کار بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی مووچـ

**بەرهەم خالید**



بەپێی سیستمی مووچەی هەرێم، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مووچەی فەرمانبەرە پلە تایبەتەکان‌و فەرمانبەرانی پلەکانی خـوارەوەدا بەدیدەکرێت‌و هەندێکجار جیاوازییەکە دەگاتە ئاستێک کە مووچەی بەرپرسێکی بالاّ دەیان جار لە مووچەی فەرمانبەرێک زیاتربێت، کە بەپێی وتەی شارەزایەکی داراییش ئەو جیاوازییە لە دلّسۆزیی فەرمانبەران کەمدەکاتەوەو رێگە بۆ گەندەلّیی خۆشدەکات، هاوکات فراکسیۆنی گـۆڕان پـرۆژەیـەک بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە بەرزەکان‌و زیـادکـردنـی پلە نزمەکان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکات.

هەفتەی رابردوو زیاتر لە (٥٠) رێکخراوی کۆمەلّگەی مەدەنی لە کوردستان بڕیاریاندا هەلّمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە بۆکەمکردنەوەی مـووچـەی پەرلەمانتاران‌و نەهێشتنی بڕیاری خانەنشینییان دەستپێبکەن‌و دواتر یاداشتێک ئاڕاستەی پەرلەمان بکەن‌و تیایدا داوا بکەن مووچەی پەرلەمانتار کەمبکرێتەوە، بەشێوەیەک کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەلّ فەرمانبەری ئاسایی نەبێت‌و ئیمتیازاتەکانیان کەمبکرێنەوەو خانەنشین نەکرێن، ئەو هەولّەش هاوکاتە لەگەلّ ئەو پڕۆژەیاسایەی کە فراکسیۆنی گۆڕان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان مووچەی پلە تایبەت‌و ئاساییەکان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە لەپێناو سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سیستمی مووچە لە هەرێمدا.

لە پڕۆژەیاساکەی گۆڕاندا هاتووە، کە ئامانج لەو هەموارکردنە پایەداربوونی عەدالەتی کۆمەلاّیەتی‌و کەمکردنەوەی ئەو بێدادی‌و جیاوازییە گەورەیەیە کە لەنێوان مووچە بـەرزەکـان‌و مووچە نزمەکاندا هەیەو دوو گـرووپـی مووچەخۆرانی لێکجیاکردووەتەوە. گرووپی مووچە بەرزەکان کە وەزیـر، ئەندام پەرلەمان، بریکاری وەزارەت‌و خاوەن پلە تایبەتەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی بە یاسای تایبەت‌و بڕیاری تایبەت مووچەیان بەرزکراوەتەوە تـا دەگـاتـە بـەڕێـوەبـەرە گشتییەکان. گرووپی دووەمیش گرووپی مووچە نزم‌و مامناوەندییەکانە.

میکانیزمی پـرۆژەیـاسـاکـە بـۆ ئەو هەموارکردنە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی یەکەم: بریتییە لە بڕینی لانیکەمی (٢٠٪)ی مووچە بەرزەکانی گرووپی یەکەم‌و بڕینی (٥٪) نزمترین مووچەی سەر بە هەمان گرووپ، بڕگەی دووەم: بریتییە لە دابەشکردنەوەی ئەو بڕە لادراوەی مووچەی گرووپی یەکەم بەسەر خـاوەن مووچە نزمەکانی گرووپی دووەمدا بەشێوەیەکی تەنازولیی، واتە نزمترین مووچە زۆرترین زیادەی بچێتەسەر.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی بیرۆکەی پڕۆژەیاساکە باس لەوەدەکات، کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مووچەی پلە بەرزەکان‌و پلە نزمەکاندا هەیە، بۆیە بەمەبەستی چاککردنی سیستمی مووچە ئەو پڕۆژەیەیان پێشکەشکردووە، چونکە بە بڕوای ئەو سیستمی ئێستای مووچە جیاوازیی چینایەتی دروستدەکات، بە جۆرێک کۆمەلّێک خەلّک لە پلە تایبەتەکان سوودێکی زۆر لە بودجە وەردەگـرن، لـە بەرامبەریشدا کۆمەلّێکی زۆر لە فەرمانبەران بە کەمیی سوودمەند دەبن، بۆیە ئەوە کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ سەر جیاوازیی چینایەتی‌و دواتر نارەزایی فەرمانبەرانی لێدەکەوێتەوە، راشیگەیاند: «پڕۆژەکە هەموو پلە تایبەتەکان دەگرێتەوە بە سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمانیشەوە، هەروەها لە بڕگەیەکیدا هاتووە ئەو کەسانەی پێشتریش لە پلەی ١و٢ خانەنشینکراون یاساکە بیانگرێتەوەو ئێستاش چاوەڕواندەکەین پڕۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بۆئەوەی دواتـر لەگەلّ لیستەکانی دیکە گفتوگۆ بکەن بۆئەوەی پشتگیریی پڕۆژەکە بکەن‌و پەسەندبکرێت».

لە ئێستادا جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان مووچەی پلە تایبەتەکان‌و پلەکانی خـوارەوەدا، بەجۆرێک پەرلەمانتارێک نزیکەی (٨) ملیۆن دینارو وەزیرەکانیش بە دەرمالّە جیاوازەکانی وەک پارێزگاریی‌و هاتوچۆو میوانداریی‌و مەترسییەوە زیاتر لە (١٠) ملیۆن دینار مووچەیانە، ئەوە جگە لە نەسرییەی تایبەت بە خۆیان، لە کاتێکدا مامۆستایەکی دەرچـووی زانکۆ نزیکەی (٤٠٠) هەزار دینار مووچەی مانگانەیەتی.

عـەدنـان عـوسـمـان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان، ئـامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات؛ هەموو کەسێک شایستەی ئەوەیە مووچەیەکی هەبێت کە بایی ئەوەبێت ژیانێکی شایستەی هەبێت‌و سەربەرزانە مـالّ‌و مندالّی پێ بژێنێت، واتـە مووچە لەسەر بناغەی ئاستی گوزەران بێت‌و وتی: «پڕۆژەکەی ئێمە بۆئەوەیە کە یەکسانیی هەبێت لە دانانی مووچەو ئەو جیاوازییە گەورەیەی مووچە نەمێنێت، بەجۆرێک یەکسانیی تێدابێت، ئەمە پڕۆژەی ئێمەیە بۆ ئەوەی شێوازێکی یەکسانیی لە مەسەلەی

# لیژنەکانی یاسایی‌و ناوخۆی پەرلەمان لەسەر یاساکە رێکەوتوون

# لەسەر بنەمای کورسی پەرلەمان بودجە دەدرێتە حیزب‌و لایەنە سیاسیی



دانیشتنێکی پەرلەمان
فۆتۆ: رۆژنامە

**شارا عەبدولڕەحمان**

هـەردوو پڕۆژەیاسای (بودجەی حیزبە سیاسییەکان)و (پشتگیریی دارایـی حیزب‌و قەوارە سیاسییەکان) دەکرێن بە یەک‌و بەپێی پڕۆژە گشتگیرەکەش لەسەر بنەمای کورسی پەرلەمانیی بودجە بە حیزب‌و قەوارە سیاسییەکان دەدرێت، هاوکات بودجە دەدرێت بەو لایەنانەش، کە نیوەی دەنگی پێویستیان بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمان بەدەستهێناوە.

هەر لەسەرەتای خولی سێیەمی پەرلەماندا فراکسیۆنی گۆڕان پڕۆژەیاسایەکی بە ناوی پـرۆژەیـاسـای پشتگیریی دارایـی حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان، پێشکەشی پەرلەمان کردو تێیدا ئاماژە بەوە کـراوە؛ کە پێویستە هەر لایەنێک بەپێی کورسییەکانی پەرلەمان بودجەی پێبدرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو لایەنە حیزبیش نەبێت، بەلاّم لەهەمانکاتدا فراکسیۆنی کوردستانیی پڕۆژەیاسای بودجەی حیزبەکانی پێشکەشکردبوو، کە بەوپێیە تەنیا حیزبە سیاسییەکان بودجەیان پێدەدرا.

هەربۆیە رۆژی (١٢/٢٠) لە دانیشتنێکی هەردوو لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا دوو پڕۆژەیاساکە تاووتوێکران‌و ئەندامانی هەردوو لیژنەکە کۆکبوون لەسەر ئـەوەی، کە ئەو دوو پڕۆژەیە بکرێن بە یەک پـرۆژەو بەناوی پـرۆژەیـاسـای پشتگیریی دارایی پارت‌و قەوارە سیاسییەکان مامەلّەی لەگەلّدا بکرێت، کە بەپێی پڕۆژە گشتگیرەکە، بۆ دەستنیشانکردنی بودجەو پشتگیریی دارایی پشت دەبەسترێت بەو کورسییە پەرلەمانیانەی کە ئەو لایەنە سیاسییانە بەدەستیانهێناوە، هاوکات بودجە دەدرێت بەو لایەنەش کە نیوەی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی هەردوو لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان کۆکبوون لەسەر ئەوەی، کە دەبێت ئەو بودجەو پارەیەی کە بۆ حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان تەرخاندەکرێت بە شێوازێک بێت کە کاریگەریی نەبێت لەسەر داهاتی گشتیی ولاّت‌و نەبێتە هۆی بەهەدەردانی سامانی گشتیی ولاّت‌و بە شێوەیەک مامەلّەی لەگەلّدا بکرێت، کە هەموو ئەو پارەیەی کە وەردەگیرێت لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە، ملکەچ بکرێن بۆ دیوانی چاودێریی دارایی‌و حکومەتیش پابەند دەکات لەهەمانکاتدا بە چەند قیستێک ئەو پارەیە بدات بە لایەنە سیاسییەکان، بە مەرجێک لەماوەی ئەو سالّەدا ئەو بڕە پارەیە خەرج بکرێت.

# یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەمواردەکرێتەوە

**بەهادین یوسف**

یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان، کە تائێستا (٨) ڕۆژنامەنووسی پێ خانەنشینکراوە، پێویستی بە هەمواركردنەوەیەو سەندیكای ڕۆژنامەنووسانیش ڕایدەگەیەنێت؛ پڕۆژەیەكیان بۆ هەمواری یاساكە ئامادەكردووەو لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ئاراستەی پەرلەمانی كوردستانی دەكەن.

یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، كە لە ساڵی (٢٠٠١) لە پەرلەمانی كوردستان پەسەند كراوە، چەند ڕێو شوێنێك دانراوە بۆ چۆنێتی خانەنشینكردنی ڕۆژنامەنووسانو بەوپێیەش دەستەیەك لە سەندیكاو وەزارەتەكانی ڕۆشنبیریی‌و دارایی پێكدەهێنرێت، بۆ كاركردن لەسەر سندوقی خانەنشینی‌و لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە كاری پێدەكرێت.

فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەپاش دەرچوونی یاساكە ئێمە لە هەوڵی ئەوەدابووین، كە دەستەكەی بۆ دروست بكەین، پاش ساڵێك لە دەرچوونی یاساكە دەستەیەك بە ناوی سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانەوە دانراوە، سەرۆكەكەی فەرمانبەرێكی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، نوێنەری سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانو وەزارەتی دارایی لەو دەستەیەدان، تائێستا (٨) ڕۆژنامەنووس مووچەی خانەنشینی لەو سندوقە وەردەگرن».

وتیشی: «ماوەیەك هەستمانكردووە ئەو یاسایە پێویستی بە هەمواركردنەوەیەو ئەوە جاری سێیەمە پڕۆژەی هەمواركردنەكە ئامادەكراوەو پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان كراوە، ئێستا جارێكی دیكە پێش چەند ڕۆژێك كۆبوونەوەمان لەگەڵ دەستەی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان كردووەو پڕۆژەیەكی هەمواری تازەمان ئامادەكردووەو لەم ڕۆژانەدا پێشكەشی پەرلەمانی كوردستانی دەكەین‌و ئومێدمان وایە لە ماوەیەكی نزیكدا هەمواركردنەكە جێبەجێبكرێت».

سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان، بە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١) لە (٢٠٠١/١٠/٩) لە پەرلەمانی كوردستان پەسەندكراوەو لە (٢٢) مادە پێكهاتووەو ڕێو شوێنەكانی كۆكردنەوەی داهات بۆ سندوقەكەو كاری دەستەی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان دەستنیشانكراوەو بەپێی ئەو یاسایەش هەموو ڕۆژنامەنوسێك ماوەی (٢٥) ساڵ كاری ڕۆژنامەنووسی بكات، یان تەمەنی بگاتە (٦٣) ساڵو (٢٠) ساڵ تەمەنی لە كاری ڕۆژنامەنوسی بەسەر بردبێت خانەشینی دەیگرێتەوە، یان لە حاڵەتێكدا لەكاتی بەجێهێنانی كاری ڕۆژنامەنووسی كۆچی دوایی بكات، یان دووچاری پەككەوتەیی ببێت خانەنشین دەكرێت‌و دوای مردنیشی خێزانەكەی مافی وەرگرتنی ئەو خانەنشینییەی هەیە لەگەڵ چەند مەرجو ڕێو شوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

بەڵام لە یاساكەدا، كە ماوەی (٨) ساڵ بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە چەند بڕگەو مادەیەكی هەیە پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ بڕی پارەو مەرجی بنەڕەتی دیكەدا.

هاوكات ئاسۆ كەریم سەرۆكی لیژنەی پەیوەندیی‌و ڕۆشنبیریی‌و ڕاگەیاندن‌و شوێنەوار لە پەرلەمانی كوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونكردەوە؛ كە ئاگادارە لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان‌و باسی ئەوەیانكردووە، كە یاسای ڕێكخستنی كاری ڕۆژنامەنووسان لە كوردستان‌و یاسای سندوقی خانەنشینی پێویستیان بە هەمواركردنە، بڕیارە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار پڕۆژیەك بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بكەن، هەم بۆ یاسای كاری ڕۆژنامەنووسی‌و هەم بۆ یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان».

وتیشی: «سەبارەت بەكاری ڕاگەیاندن بەڵێ پێویست بەوە دەكات ئەو یاسایەی ئێستا كاری پێدەكرێت پێویستی بە هەمواركردن هەیە، بۆ ئەوەی یاسایەكی گشتگیربێت، تا هەموو كەناڵەكانی میدیا بگرێتەوە بە تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆو سایتەكانیشەوە».

سەرۆكی لیژنەی پەیوەندیی‌و ڕۆشنبیریی‌و ڕاگەیاندن ئاماژە بەوەشكرد؛ هەركاتێك سەندیكای ڕۆژنامەنووسان پڕۆژەیاسای هەمواركردنەكەی ئامادەكرد لە ڕێی وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و حكومەتی هەرێمەوە ئاراستەی پەرلەمانی كوردستانی دەكات‌و سەرۆكایەتی پەرلەمانیش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی دەكات‌و ئەوانیش لە لیژنەكەیان كاری لەسەر دەكەن».



> بەپێی ئەو یاسایە هەموو ڕۆژنامەنووسێك ماوەی (٢٥) ساڵ كاری ڕۆژنامەنووسی بكات، یان تەمەنی بگاتە (٦٣) ساڵو (٢٠) ساڵ تەمەنی لە كاری ڕۆژنامەنووسی بەسەر بردبێت خانەشینی دەیگرێتەوە، یان لە حاڵەتێكدا لەكاتی بەجێهێنانی كاری ڕۆژنامەنووسی كۆچی دوایی بكات، یان دووچاری پەككەوتەیی ببێت خانەنشین دەكرێت‌و دوای مردنیشی خێزانەكەی مافی وەرگرتنی ئەو خانەنشینییەی هەیە لەگەڵ چەند مەرجو ڕێو شوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە

## ڕۆژی (١٢/٢٤) بە تیروپشك ژمارە بە قەوارەكان دەدرێت

# ٢٦ قەوارەی سیاسیی لە سێ پارێزگاكەی هەرێم ململانێ دەكەن

**بەرهەم خالید**

بڕیارە ڕۆژی (٢٤)ی ئەم مانگەو لە كۆبوونەوەیەكی فراواندا بە شێوازی تیروپشك ژمارە بەو لیست‌و قەوارە سیاسییانە بدرێت، كە بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەكەن‌و ناوی سەرجەم كاندیدەكانیش بە مەبەستی پەسەندكردنیان ڕەوانەی هەردوو دەستەی نەزاهەو لێپرسینەوەو دادپەروەریی دەكرێت، تا كۆتایی ئەو وردبینییەش بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێناكات.

پاش ئەوەی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان ناوی سەرجەم لیست‌و قەوارەو هاوپەیمانێتییەكانی وەرگرت‌و لیستەكانیش ناوی پاڵێوراوەكانی خۆیان تەسلیم بە نووسینگەكانی كۆمسیۆن كرد، چاوەڕواندەكرێت ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو لە كۆبوونەوەیەكی فراواندا لە بەغدا كۆمسیۆنی باڵا لە ڕێگەی تیروپشكەوە ژمارە بەسەر ئەو لیست‌و قەوارانەدا بكات، كە بەشداریی هەڵبژاردنی (٧)ی ئازاری (٢٠١٠) دەكەن.

حاكم سەردار عەبدولكەریم، ئەندامی ئەنجومەنی كۆمسیارانی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لە عێراق، لە لێدوانێكدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەر قەوارەیەكی سیاسیی ئەو ژمارەیە وەردەگرێت، كە دواتر دەچێتە سەر كارتی دەنگدان‌و ئاماژەی بەوەشدا بەهۆی زۆریی ناوی پاڵێوراوەكانەوە وردبینیكردنیان نزیكەی مانگێكی پێدەچێت، وتیشی: «نابێت هیچ لایەنێك بانگەشە بۆ پاڵێوراوەكانی خۆیان بكەن تا ئەو كاتەی بە ڕەسمیی بانگەشە دەستپێدەكات».

بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق (١١٩) قەوارەو كیانی سیاسیی ناوی خۆیان تۆماركردووە، لەگەڵ (١٢) هاوپەیمانیی، هەڵبژاردنەكەش بە شێوازی نیمچە كراوە دەبێت، كە دەنگدەر لەبەردەم هەڵبژاردنی پاڵێوراو یاخود لیست دایەو ڕۆژی (١١/٢٠) دوا وادەی پێشكەشكردنی ناوی پاڵێوراوەكان بوو بۆ ئۆفیسەكانی كۆمسیۆن، كە چاوەڕواندەكرێت دوای پەسەندكردنیان هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێبكات.

سەرۆكی دەستەی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان ڕایگەیاند: سەرجەم لیست‌و قەوارە سیاسییەكانی عێراق لە هەموو پارێزگاكانداو لە وادەی خۆیدا ناوی پاڵێوراوەكانیان پێشكەشی بنكەكانی كۆمسیۆن كردووەو دواتریش ئەو ناوانە ڕەوانەی بەغدا دەكرێن‌و لەوێشەوە دەدرێتە هەردوو دەستەی نەزاهەو لێپرسینەوەو دادپەروەری عێراق، بۆ ئەوەی وردبینییان بۆ بكرێت بە مەبەستی پەسەندكردنیان.

عەلی قادر، سەرۆكی دەستەی هەڵبژاردنەكانی هەرێم لە لێدوانێكدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: جگە لەو دەستەیە لێكۆڵینەوە لە بڕوانامەی پاڵێوراوەكانیش دەكرێت‌و هەر كەسێك لەو فلتەرانە دەرچوو، ئەوا ناوەكەی پەسەند دەكرێت‌و پاش ڕاگەیاندنی پەسەندكردنەكەش هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێدەكات.

لە هەرێمی كوردستاندا (٢٦) قەوارەی سیاسیی ململانێ لەسەر ئەو (٤٣) كورسییە دەكەن، كە بۆ هەرێمی كوردستان تەرخانكراوەو لەو ژمارەیەش یەكێتی‌و پارتی‌و (١١) حیزب‌و لایەنی دیكە خۆیان لە هاوپەیمانی كوردستانیدا ڕێكخستووەو هەر یەك لە لیستی گۆڕان‌و یەكگرتوو و كۆمەڵ بە تەنیاو بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنەكان دەكەن، ئەوە جگە لەوەی ئەو لیستانە لە چەند شارێكی دیكەش دەچنە كێبڕكێی هەڵبژاردنەوە وەك پارێزگاكانی كەركوك‌و نەینەواو دیالەو سەلاحەدین‌و بەغداو چەند پارێزگایەكی دیكەی عێراق.

بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، كورسییەكانی پەرلەمانی داهاتوو بە (٣٢٥) كورسی دانراوەو (٣١٠) كورسی بەسەر پارێزگاكاندا دابەشكراوەو (٨) كورسی وەك كۆتاو (٧) كورسیش وەك كورسی قەرەبوو بە قەوارەكان دەدرێت‌و چاوەڕوانیش دەكرێت عێراقییەكانی دەرەوەی وڵاتیش لەڕێگەی بنكەكانی هەڵبژاردنەوە لە (١٥) وڵاتدا بەشداریی هەڵبژاردن بكەن.



# لە سێ ساڵدا (٢) ترلیۆن‌و (٥٠٠) ملیار دینار بۆ کارەبا تەرخانکراوە

# بەپێی گرێبەستەکان، دەبوو ئێستا هەرێم کارەبای زیادەی هەبووایە

**بەهادین یوسف**



لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٢) ترلیۆن‌و (٥٠٠) ملیار دینار بۆ بواری کارەبا تەرخانکراوە، وەزیری پێشووی کارەبای هەرێمیش لەبەردەم پەرلەماندا رایگەیاند، تا ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨) کێشەی کارەبا چارەسەردەکرێت، بەڵام لە ئێستادا بەشێوەیەکی بێبەرنامەو ناڕێک کارەبا بە هاوڵاتییان دەدرێت.

لەماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا زیاتر لە (٤٩٥) ملیار دیناری عێراقی بۆ پڕۆژەکانی بواری کارەبا تەرخانکراوە لە بوارەکانی دروستکردنی وێستگەکانی گۆڕین‌و بەستنەوەی تۆڕی کارەبای هەرێم‌و بەستنەوەی وێستگەکانی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک بە تۆڕی گشتیی کارەبای هەرێمەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەپێی رێکەوتنێک لەگەڵ کۆریای باکووردا حکومەتی ئەو وڵاتە بڕیاریداوە (٤٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ پێشخستنی تۆڕی کارەبای هەرێم تەرخان بکات.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەش کە لە مانگی شوباتی ساڵی رابردوودا بڵاویکردەوە، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٧و٢٠٠٨) زیاتر لە (٢) ترلیۆن دینار لە بواری کارەبادا خەرجکراوە بۆ دانانی وێستگەی کارەباو راکێشان‌و دانانی وێستگەکانی گۆڕین‌و بوارەکانی دیکەی کارەبا لە هەردوو بواری پڕۆژەی حکومیی‌و وەبەرهێناندا، بەڵام سەرەڕای تەرخانکردنی ئەو پارە زۆرە، تائێستا کارەبا یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی هاوڵاتییان‌و بۆ دابینکردنی کارەباش رۆژانە پشت بە (٥) کاتژمێر کارەبای موەلیدەی ئەهلیی دەبەسترێت لەگەڵ کارەبای نیشتمانیدا.

بەپێی سەرچاوەکانی وەزارەتی کارەبای هەرێم خواستی گشتیی کارەبای هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی لەسەر کارەبا (١٧٠٠-١٧٥٠) مێگاوات کارەبایەو لە ئێستادا نزیکەی (٧٥٠) مێگاوات کارەبایان پێدەدرێت‌و کۆی بەرهەمی کارەبای هەرێمیش نزیکەی (١٠٠٠) مێگاواتە، سەرەڕای ئەوەی کارەبای دهۆک لە رێگای تورکیاوە دابیندەکرێت‌و (١٣٣) مێگاوات کارەبای پێدەدرێت.

رۆژی (٢٠٠٧/٤/١٦) لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هۆشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووی کارەبا، بەڵێنی بە پەرلەمان‌و هاوڵاتییان دا، کە لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨)دا کێشەی کارەبا چارەسەربکات‌و دواتریش لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامە وەزیری کارەبا وتی: «لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨) دەتوانین کارەبا لەو وێستگانە بەرهەمبهێنین کە گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کردووەو بەمەش کێشەی کارەبا تاڕادەیەکی باش چارەسەر دەبێت».

## (١٦٥٠) مێگاوات لە سێ وێستگە

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستی رۆژنامەدایە، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بەبڕی (١) ملیارو (١٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی هەرسێ وێستگەی (٥٠٠) مێگاواتی هەولێرو (٧٥٠) مێگاواتی سلێمانی‌و (٤٠٠) مێگاواتی دهۆک تەرخانکراوە، سەرەڕای وێستگەی (٥١) مێگاواتی تاسڵوجەو هایدرۆپاوەری بێخاڵ (١,٢) مێگاوات‌و تەرخانکردنی (٤٠) ملیۆن دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەی هەردوو وێستگەی دوکان‌و دەربەندیخان، بەمەش دەبوو ئێستا هەرێمی کوردستان (١٦٥٠) مێگاوات کارەبای هەبووایە، لەکاتێکدا ئەگەر بێت‌و رۆژانە (٢٤) کاتژمێر کارەبا بدرێتە هاوڵاتییان کۆی خواستی لە دوو پارێزگاکەی هەولێرو سلێمانی لەنێوان (١٦٥٠ – ١٧٠٠) مێگاوات کارەبادا دەبێت، بەوپێیەی دهۆک پشکی خۆی لە تورکیاوە بۆ دەکڕدرێت.

> یەک ملیارو (١٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی (٣) وێستگە بەشێوەی وەبەرهێنان خەرجکراوە کە توانای بەرهەمهێنانی ١٦٥٠ مێگاوات کارەبایان هەیە، بەڵام ئێستا کەمتر لە ٧٥٠ مێگا بەرهەمیان هەیە

## کوردستان کارەبای زیادەی هەیە

بەپێی ئەو شەش گرێبەستەی کە حکومەت لە دوو ساڵی رابردوودا کردوویەتی، ساڵی (٢٠٠٨) هەرێمی کوردستان خاوەنی (٢٠٠٩) مێگاوات کارەبایە، جگە لە بەرهەمی هەردوو وێستگەی کارۆئاویی دوکان‌و دەربەندیخان‌و بەشە کارەبای نیشتمانیی عێراق، لەکاتێکدا بەرزترین ئاستی پێداویستی هەرسێ پارێزگاکە لە (١٧٣٧) مێگاوات کارەبا تێپەڕناکات، ساڵی (٢٠٠٥) بەرزترین ئاستی پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ هەرسێ پارێزگاکە (١٤٤) مێگاوات بووە، ساڵی (٢٠٠٦) بەرزترین ئاست (١١٩٧) بووەو ساڵی (٢٠٠٧)یش (١٧٣٧) بووە، ساڵی (٢٠٠٩)یش بە هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی (١٧٥٠) مێگایە.

## پڕۆژەکانی ٢٠٠٩

لەساڵی (٢٠٠٩)دا حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٤٩٥) ملیار دیناری بۆ بواری کارەبا تەرخانکردووە، بەمشێوەیە: لەمانگی (٢٠٠٩/١٠)ەوە پڕۆژەی راکێشانی تۆڕی کارەبای (هەولێر-دهۆک) کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە (٣٩) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو دەبێت تاکۆتایی ئەمساڵ تەواوبێت.

رۆژی (٢٠٠٩/١٠/١١) لە هاوینەهەواری بێخاڵ بە بڕی (٩) ملیۆن دۆلار لەسەر بودجەی حکومەتی کۆریاو رێکخراوی کۆیکا بە هاوکاریی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم، پڕۆژەی هایدرۆپاوەری بێخاڵ کرایەوە، کەدەتوانێت (١,٢) مێگاوات کارەبا دابینبکات.

رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٧) قۆناغی یەکەمی بەستنەوەی وێستگەی (٧٥٠) مێگاواتی چەمچەماڵ بە وێستگەکانی ناوشاری سلێمانی بە هێڵەکانی (١٣٢) تەواوبوو، کە بە بڕی (٦٩) ملیار دینار لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی جێبەجێکرا.

وێستگەی (١١/٣٣/١٣٢) کەی ڤی بەکرەجۆ بە بڕی (٩,٣٩٨,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی جێبەجێکراوە، هەروەها پڕۆژەی وێستگەی (١١/٣٣/١٣٢) کەی ڤی زەرگەتە کە بە بڕی (٨,١٦٨,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی جێبەجێکراوە.

پڕۆژەی وێستگەی (١١/٣٣) کەی ڤی هەڵەبجەی شەهید کە بە بڕی (٤,٦٢٥,٠٠٠) ملیۆن دۆلار لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی جێبەجێکراوە.

هەروەک پڕۆژەی قۆناغی سێی وێستگەکانی گۆڕین لە سنووری پارێزگای سلێمانی (١١) وێستگەیەو بریتییە لە وێستگەکانی (رزگاری، زەرگەتە، بەکرەجۆ، چوارباخ (سەنتەری سلێمانی)، پشدەر، هەڵەبجەی شەهید، کەلار، پیرەمەگروون، سەنگاو، مەیدان، کفری) بەبڕی زیاتر لە (٥٢) ملیۆن دۆلار جێبەجێکراوە.

پڕۆژەی هێڵی (١٣٢) کەی ڤی تەقتەق/تاسڵوجە بە بڕی زیاتر لە (٢١) ملیۆن دۆلار جێبەجێکراوە، کە بریتییە (٧٩,٣) کیلۆمەتر درێژەو لەماوەی (٣٣٥) رۆژدا پڕۆژەکە تەواوکراوە، کە لە رێگەی ئەم هێڵەشەوە دەتوانرێت وێستگەکانی هەولێرو سلێمانی بەیەکەوە ببەستێتەوە.

بە بڕی زیاتر لە (١١١) ملیار دینار وێستگەی (٧٥٠) مێگاواتی چەمچەماڵ بە وێستگەکانی ناو شاری سلێمانی بەستراوەتەوە.

بە بەهای (١٣٦) ملیۆن دۆلار تۆڕی کارەبای هەرێم بە ئێرانەوە دەبەسترێتەوە، لەسەر قەرزی ئێرانی جێبەجێدەکرێت‌و بڕیارە ئەو قەرزە بە حکومەتی عێراق بدرێت‌و (١٧٪)ی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت‌و وەزارەتی کارەبای ئێرانی کۆمپانیای فارابی دەستنیشانکردووە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

بەپێی گرێبەستێک کە لەنێوان وەزارەتی کارەبای حکومەتی کوردستان‌و کۆمپانیای (شارە)ی تورکی مۆرکراوە، وێستگەی (٤٠٠) مێگاواتی دهۆک بە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی کوردستانەوە دەبەسترێتەوە، ئەم گرێبەستە بە بڕی (١١) ملیارو (٨٩٧) ملیۆن دینار دەبێت تاوەکو ئەم وێستگەیە بە تۆڕی نیشتمانیی کوردستانەوە دەبەسترێت.

وەزیری کارەبا گرێبەستێکی بە بڕی (٤) ملیۆن‌و (٧٣٠) هەزار دۆلار ئیمزاکرد لەگەڵ کۆمپانیای (METZ)ی ئەڵمانی بۆ نۆژەنکردنەوەی وێستگەی ناوەندی ئازادی لە هەولێری پایتەخت، ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە (٩) مانگە بۆ گۆڕینی سویچگێڕەکانی (٣٣) کەیڤی‌و (١١) کەیڤی، شایانی باسە وێستگەی ناوەندی ئازادی وێستگەیەکی (١١/٣٣/١٣٢) کەیڤییە.

## چەندی هەیەو چەندی دەوێت؟

حامید قادر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی دابەشکردنی کارەبای هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێستا هەرێمی کوردستان نزیکەی (١٠٠٠) مێگاوات کارەبای هەیە، لە سەرچاوەکانی وێستگەی غازی هەولێر (٣٥٠) مێگاوات‌و چەمچەماڵ (٣٥٠) مێگاوات کارەباو (١٣٣) مێگاش لە تورکیاوە دەکڕدرێت بۆ دهۆک، لە بەغداشەوە نزیکەی (٦٠) مێگایەک دێت، دەبوو لەکۆی ئەو کارەبایەی لە وێستگەکانی باکوورەوە بەرهەمدەهات، (٣٣,٥٨٪)ی بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم بێت، بەڵام لە ئێستادا زۆر کەمتر لەو رێژەیە وەردەگیرێت بەهۆی ئەوەی تاڕادەیەک وەزعی کارەبامان باش بووە لە دوکان‌و دەربەندیخانیشەوە نزیکەی (٧٠-١٠٠) مێگا بەرهەم دەهێنێت‌و وەک یەدەگ بەکاردێت.

سەبارەت بە ئاستی پێویستی کارەبای هاوڵاتییانیش وتی: «تائێستا (٢٤) سەعات کارەبا نەدراوە بە هاوڵاتییان تا بزانین کۆی خواستی گشتیی چەندە، بەڵام نزیکەی (١٧٠٠-١٧٥٠) مێگاوات کارەبا دەبێت، بەڵام ئەگەر بە بەردەوامیی بدرێت (١٠٠) مێگا کەمتردەبێتەوە، چونکە هەندێک ئامێر ئۆتۆماتیک دەکات یان ئامێری کارەبایی دەکوژێنرێتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە لە ئێستادا لەماوەی (٢٤) سەعاتدا، (١٤) سەعات کارەبای نیشتمانی‌و (٥) سەعات کارەبای موەلیدەی ئەهلیی دەدرێتە هاوڵاتییان».

## کار بە بڕیارەکانی (مەجلس قیادە سەورە) دەکرێت

# جەلەولا تەعریب دەکرێتەوە

بەهادین یوسف

«بەڕەسمیی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیو بەرپرسانی بەغدامان لەو کێشەیە ئاگادارکردووەتەوە، کە کارکردن بە بڕیارەکانی مەجلس قیادە سەورە رابگیرێتو کارەکانی چارەسەری کێشە مولکدارییەکان راستبکەنەوە، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە».



جەلەولا لە نێوان سوپاو هەرێمدا

دادگای تەمیزی بەغدا بڕیاری دەرکردنی (١٢) خێزانی ناوچەی جەلەولا لە خانووەکانیان دەداتو دەیداتە عەرەبە هاوردەکانو لە ئێستاشدا چارەنووسی زیاتر لە (٤٠٠) خێزانی کوردی ئاوارە لە مەترسی دەرکردندایە لە جەلەولاو بە وتەی ئەو خێزانانەش هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمو حکومەتی هەرێمو لیستی هاوپەیمانییان لە کێشەکە ئاگاداركردووەتەوە تائێستا هیچیان بۆ نەکردوون.

بە بڕیارێکی دادگای تەمیزی بەغداو پشتبەستن بە دەستەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکانی خانەقین بڕیاری لێسەندنەوەی خانووی (١٢) خێزانی کوردی دانیشتووی ناحیەی جەلەولای دەرکردووەو مولکداریی خانووەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ عەربە هاوردەکان.

حاجی مەجید حەمید پالانی، کە لە ساڵی (١٩٧٥) لەگەڵ (٤٠) خێزانی کوردی دیکە لە ناحیەی جەلەولا ئاوارەبوون بەرەو ئێرانو دوای ساڵی (٢٠٠٣) گەڕاونەتەوە ئەمرۆ سێشەممە دوا دانیشتنی دادگایەتی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکەیو وەرگرتنەوەی خانووەکەی یان دەرکردنی لە خانووەکەیو کردنی بە موڵکی عەرەبێکی هاوردە.

بە وتەی ئەو هاوڵاتییە: «بە بڕیاری مەجلس قیادە سەورە کە بۆ پارێزگاری دیالەی ناردووە ئێستا وێنەیەکیم لایە، ساڵی (١٩٧٥) خانووەکەمو دووکانەکەمو تەنانە کەلوپەلی ناوماڵەکەم لە بازاڕدا هەراجکراوە، ئێستاش گەڕاومەتەوە سەر خانوو ماڵی خۆم، بەڵام دەیانەوێت لێم وەرگرنەوەو بیدەنە ئەو عەرەبەی، کە بەعس خانووەکەی منی پێداوە، هەموو رۆژێکیش ئینزارمان دەکەن ئەگەر خانووەکە چۆڵنەکەین ئەمانتەقیننەوە».

حاجی مەجید یەکێکە لەو دوو هەزار خێزانە ئاوارە کوردە گەڕاوەیەی، کە دوای ساڵی (٢٠٠٣) گەڕاوتەوە جەلەولاو لە خانەوەکەی خۆیدا نیشتەجێبووە، ئاماژەی بەوەکرد: «مەگەر بمکوژن جێی بهێڵم، داوا دەکەم حاکمی عادیل دابنێن بۆ ئەوەی کێشەکانم چارەسەر بکەن، خۆم نامەم ناردووە بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتیو کاک مەسعودو مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقو د.محەمەد ئیحسان وەزیری پێشوو».





نەخشە/ وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لە کابینەی پێنجەم

ناحیەی جەلەولا دەکەوێتە (٧٠) کم باکووری بەعقوبەوە (٣٠)کم باشووری خۆرئاوای قەزای خانەقینەوە، لەسەرەتاوە زیاتر لە (٩٥٪)ی بێ تاپۆ بووە، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکانەوە بە بڕیاری حکومەتی بەعس تاپۆکراو، بەتایبەتیش لەسەر ئەو خێزانانەی کە بە مەبەستی تەعریبو پاکتاوی رەگەزی هێنراونەتە ناوچەکە.

ئەنوەر حسێن میکایل، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا سەبارەت بە کێشەی ئەو ئاوارە کوردانە بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکان لە خانەقین بەرپرسی چارەسەری کێشە مولکدارییەکانی نێوان ئاوارەو هاوردەکانەو بڕیاری سەرەتاو کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانو هیچ دادگایەکی دیکە مافی چارەسەری ئەو کێشەیەی نییە، مەگەر ئەو بڕیارانە دەستەی کێشە مولکدارییەکان دەریبکاتو بینێرێت بۆ دادگای تەمیز».

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا ئاماژەی بەوەشکرد: لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا ئەو کێشانەی تایبەت بە داگیرکردنی خانوو مولکو زەوی، کە چووەتە لای ئەوان پشتگیریی هاوڵاتییەکانیان کردووە حاڵەتەکەیان روونکردووەتەوە ئاراستەی دەستەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکانیان کردووە لە خانەقین.

وتیشی: «هەر بڕیارێک لەلایەن ئەو دەستەیەوە دەربچێت کەس ناتوانێت گفتوگۆی لەسەر بکات، بەڵام لە هەندێک لاوە لە بەعقوبەو بەغداوە دەست لە کارەکانیان وەردەدرێت، وەکو سەڵاحیاتی بەڕێوەبەری ناحیە تەنیا جێبەجێکەری بڕیارەکانین، بەڵام کەسانی پلەبەرزو سیاسیی لە بەغداو نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەتوانن رۆڵیان هەبێتو بەرگریی لەو کەسانە بکەن، کە ناحەقییان بەرامبەر دەکرێت دەبێت لەڕێگای وەزارەتی دادو لە ئەنجومەنی باڵای دادوەریی کارەکان راستبکەنەوە».

کێشەی ئەو خێزانە کوردانە کاتێک سەریهەڵداوە کە دوای راگواستنی بەشێکی زۆر لە خێزانە کوردەکان لە ساڵی (١٩٧٥) خێزانی عەرەب لە جێیان نیشتەجێکراوەو سەرجەم خانوو زەوییەکان تاپۆکراوەتە سەریان.

مامۆستا ئەنوەر محەمەد، کە لە (١٩٧٥/١٠/٢٢) مامۆستا بووە راگوێزراوە لە جەلەولاوە بۆ سلێمانیو هاوکات لەگەڵ ئەواندا ژمارەیەک خێزان راگوێزراون بۆ رومادیو قەڵادزێو بەشێکیان بۆ ئێران، بە رۆژنامەی راگەیاند:

«لەوکاتەوەی لە جەلەولا دەرکراوین بڕێک پارەیان پێداین بە ناوی کرێی سەیارەوەو دواتر وتیان ئەوە قەرەبووە، ئێستاش کە دوای پرۆسەی ئازادیی گەڕاومەتەوە بۆ سەر زێدی خۆمو ئێستا کێشەکەم لە دەستەی چارەسەری مولکدارییە، ئەوکاتەی من لە جەلەولا دەرکرام ناحییەکە تاپۆی نەبوو، دواتر لەسەر وەزارەتی دارایی عێراق تۆمارکراو داراییش مولکەکانی ئێمەی دایە عەرەبە هاوردەکان، بۆیە ئێستا ئەوان تاپۆی بەعسیان هەیەو ئێمەش هیچمان بەدەستەوە نییە».

ئەنوەر حسێن، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا سەبارەت بە بڕیاری ئەو دەستەیە لەسەر کێشەکان وتی:

«دەستتێوەردان هەیەو بەشێک لەو بڕیارانە جێگای متمانە نین ئەمانە لە رێی هەیئەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکانەوە دراوەو گرفتی تێدایەو دەبێت راستبکرێتەوەو دەبێت نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانو لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە رێگریی لە هەندێک کاربکەنو راستییبکەنەوە».

هاوکات زیاد ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە دیالە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەکو ئەنجومەن ئاگاداری ئەو کێشانە نین، کە خێزانی کورد دەرکرابێت، هەروەها دەستەی چارەسەری مولکداریی سەربەخۆیەو پەیوەندیی بە ئێمەوە نییەو تائێستاش هیچ هاوڵاتییەک نەهاتووە لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکات سەبارەت بەوەی خانووەکەی لێ وەرگیرابێتەوە یان دەرکرابێت».

وتیشی: «دەستەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکان سەربەخۆیە پەیوەندیی نە بە ئەنجومەن نە بە پارێزگاوە نییە وەک دادگایەک بڕیارەکانی دەردەکات، ئەگەر خانوو یان مولکی لە کەسێک وەرگرتەوە دەبێت قەرەبووی بکاتەوە».

دوای ساڵی (٢٠٠٣) نزیکەی (٢) هەزار خێزانی کورد، کە پێشتر راگوێزرابوون گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیانو کێشەکانیان لە دەستەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکانەوە چاوەڕوانی دوا بڕیارن، بە وتەی بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا بەهۆی کێشەی ئەمنییەوە بەشێکی زۆر لە خێزانەکان دووبارە ناوچەکەیان جێهێشتووەتەوە، کە زیاتر لە (٣٠٠) خێزان دەبن بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مژدەکانی چاکە، چونکە هەستیان کردووە مەترسییان لەسەر هەیەو هێزە ئەمنییەکان بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەوت ناکەن.

لەلایەکی دیکەوە عامر رەفعەت، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی جەلەولای پارتی دیموکراتی کوردستانو ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد: «مانگی رابردوو سوپای عێراقو پۆلیسی جەلەولا چوونەتە سەر چەند خێزانێک، بەڵام ئێستا لە رێی مەحکەمەی تەمیزی بەغداوە دەیانەوێت خێزانە کوردەکان دەربکەن».

وتیشی: «سەرجەم کێشەکانی عەرەبی هاوردەو کوردی راگوێزراو لە پاش رووخاندنی سەدامەوە چووەتە لای دەستەی چارەسەری کێشەی مولکداریی خانەقینو ئەوانیش بەرزی دەکەنەوە بۆ دادگای تەمیزی بەغداو بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە خانووەکە بدرێتە کوردەکە یان عەرەبەکە».

بەپێی یاسای دەستەی چارەسەری کێشە مولکدارییەکانی خانوو و زەوی، مولکدارێتی دەگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنی رەسەنی ئەو دۆسییانەی کە دەچێتە بەردەست ئەو دەستەیە، بەڵام بە وتەی عامر رەفعەت: «ئێستا دەستەکە ئەو بڕیارەی پەراوێزخستووە، تائێستا چەند دۆسییەیەک بڕیاری لەسەر دراوە هەمووی خانوو قەرەبووەکەش دراوەتە عەرەبەکانو لە پاش سی ساڵ دەربەدەریو زوڵمکردن بەناوی دیکتاتۆریی ئێستا لەژێر سێبەری دەستوورو قانوونو حکومەتی تەوافوقی حەقەکە دەدرێتە عەرەبە هاوردەکان».

بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق سەرجەم بڕیارەکانی (مەجلس قیادە سەورە) هەڵدەوەشێنرێتەوەو کاری پێناکرێت، بەڵام بۆ چارەسەری کێشەی ئەو خێزانانە دەستەی مولکداری پشت بە بڕیارێکی ئەو مەجلیسە دەبەستێت کە پێش رووخانی رژێمەکە سەرجەم خانووی کوردە راگوێزراوەکانی جەلەولا لەسەر خێزانە هاوردە عەرەبەکان تاپۆکراوە.

ئەندامەکەی پێشووی ئەنجومەنی دیالە ئاماژەی بەوەشکرد، زیاتر (٩٥٪)ی سنووری جەلەولا پێشتر تاپۆی نەبووە بۆیە ئەو کەسانەی لە ساڵی (١٩٧٥) بەدواوە ساڵانی هەشتاو نەوەدەکان، دەرکراون هیچ بەڵگەیەکی رەسمیی مولکدارییان نییەو هەرچییەکیشیان هەبووبێت لەکاتی دەکردنیاندا لێیان سەنراوەتەوە، بەڵام عەرەبەکان ساڵی (١٩٨٠) بەدواوە تاپۆیان بۆکراوە لەلایەن حکومەتی بەعسەوەو ئێستا کار بەو تاپۆیە دەکرێت».

لەماوەی رابردوودا دوای لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لە دۆسییەی کێشە مولکدارییەکان لە خانەقینو ئاراستەکردنی لەلایەن دادگای تەمیزەوە بڕیاری لێوەرگرتنەوەی خانووی (١٢) خێزان دراوەو ئێستاش دۆسییەی زیاتر لە (٤٥٠) خێزانی دیکە لە لێکۆڵینەوەدایە.

عامر رەفعەت پێیوایە: «دادگای تەمیزی بەغدا پشتگیریی بڕیارەکەی حکومەتی بەعس دەکەنو ئەو کەسانەی لە دەستەی کێشەی مولکداری دانراوە خەڵکی شۆڤێنینو هەوڵدەدەن جارێکی دیکە کورد تەرحیل بکەنەوە». ئاماژەی بەوەشکرد چەند جارێک لەگەڵ نوێنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا دانیشتوونو بڕیاریشە لە مانگی یەکی ساڵی داهاتوو لەگەڵ سەرجەم خێزانە ئاوارەکان کۆببنەوە دەنگی ئەو خەڵکە بگەیەننە باڵیۆزخانەی ئەمریکاو حکومەتی بەغدا.

وتیشی: «بەڕەسمیی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیو بەرپرسانی بەغدامان لەو کێشەیە ئاگادارکردووەتەوە، کە کارکردن بە بڕیارەکانی مەجلس قیادە سەورە رابگیرێتو کارەکانی چارەسەری کێشە مولکدارییەکان راستبکەنەوە، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە».

کێشەی ناوچە کوردنشینەکانی سنوری پارێزگای دیالەو قەزای خانەقین (قەرەتەپە، سەعدییە، جەلەولا، جەبارە) کاتێک ئاڵۆزبوو کە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨و لە قۆناغی دووەمی هەڵمەتی مژدەکانی چاکەدا گرژیی لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراقو پێشمەرگەدا لەو سنوورە روویداو لە لێواری شەری نێوان هەردوولادا گیرسایەوەو تا دواجار بەپێی رێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغدا سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە (لیوای ٣٤ی گەرمیانی هێزی پێشمەرگەو پۆلیسی گەرمیان) کە لەساڵی ٢٠٠٣و دوای پرۆسەی رزگاری عێراقەوە لەناوچەکە جێگیر ببوون، کشانەوەو سوپای عێراق جێگای گرتنەوەو، بەهۆیەشەوە فشار لەسەر دانیشتوانی کوردی ئەوناوچانە درووست بووەو لەوکاتەوە تا ئێستا دەیان خێزانی کورد، کە بەشێکی زۆریان دوای ٢٠٠٣ گەڕابونەوە ناوچەکەیان جێهێشتووەو رویان لەناوچەکانی سنوری هەرێمی کوردستان کردووە.

# رزگار عەلی: ناکرێت هەموو هیواکان لەسەر بەیاننامەکەی کۆشکی سپی بنیادبنێین

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

**رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە؛ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت رۆڵی فیعلی ببینێت لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، ئاماژە بەوەش دەکات، کێشەی کەرکوک بۆ ئەمریکا کێشەیەکی زۆر گەورە نییەو هاتنەسەر خەتی ئەمریکا لەو مەسەلەیەدا رووداوێک نییە تا هەموو هیواو ئاواتەکانی لەسەر بنیادبنرێت. رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هاوکات کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا دەڵێت: بارودۆخی سیاسیی عێراق هۆکاربووە بۆ ئەوەی کە تائێستا مادەی (١٤٠) جێبەجێنەکراوە، پرۆسەی سیاسیی عێراق رێگرە لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو مادەیەدا. گەیشتنە رێکەوتنی هەرسێ لایەنی کوردو عەرەبو تورکمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کاتێکی زۆری دەوێت.**



**رۆژنامە: ئێوە وەکو بەرپرسێکی ئیداریی کەرکوک چۆن دەڕواننە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؟**

* ئەمڕۆ کەرکوک بووەتە مادەیەکی سەرنجڕاکێش، لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا لەکاتی بڕیاردان لەسەر مەسەلە هەستیارەکان هەندێک لایەن هەیە کەرکوک وەکو موزایەدەیەک بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی سۆزی دەنگدەر رابکێشنو کەرکوک بە گرێ کوێرە دادەنێن، لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقشیدا ئەوەمان بینی ئەو لایەنانە کەرکوکیان بە لەمپەری بەردەم پەسەندکردنی یاساکە دانا، بەڵام تا لایەنەکان لەسەر مەسەلەی کەرکوک رێکەوتن، کێشەیەکی لەوە گەورەتر دەرکەوت ئەویش کێشەی ژمارەی کورسییەکانە، بە هەوڵی هەموولایەکو پشتگیریی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان یاساکە دەرچوو، راستە بەپێی یاساکە کەرکوک بە پارێزگایەکی جێ گومان دانراوە، نابێت ئێمە پێش رووداو بکەوین، جارێک هەڵبژاردن نەکراوە، تا (٥٠) پەرلەمانتار داوای پێداچوونەوە بە تۆماری پارێزگاکەدا بکەن.

**رۆژنامە: بەپێی یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن کەرکوک جیاکراوەتەوە، بە رای تۆ کەرکوک باری تایبەتی پێدراوە؟**

* مەسەلەی کەرکوک ناوی بهێنرێت یان ناوی نەهێنرێت لە یاساکەدا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئێمە چۆن مافەکانی خۆمان لە عێراقدا دەستەبەر دەکەین، چۆن پرۆسەی سیاسییو دیموکراسیی لە عێراقدا بەرەوپێش دەبەین، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ تەنیا ناوی کەرکوک نەهاتووە، چەند پارێزگایەکی دیکەیش جیاکراونەتەوەو بە ناوچەی جێگومان دانراون، من پێموایە ناوهێنانی کەرکوک شتێکی مەترسیدار نییە، ئێمە ئیدارەی کەرکوک باوەڕمان بە شەفافیەت هەیەو لە ساڵی (٢٠٠٣)وە کەرکوک گەشەکردنێکی ئاشکرای بەخۆیەوە بینیوەو شتێکی شاراوە نییە، ئێمە باوەڕمان بە بێگەردیی لیستی دەنگدەر هەیە، بە واتایەکی دیکە یاسای هەڵبژاردن تەوافوقێکی هەموو عێراقییەکان بوو، شتێکی باشبوو بۆ سەرجەم عێراقییەکان.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ بارودۆخی کەرکوک دوای هەڵبژاردنی (٧)ی ئازار چی بەسەر دێت؟**

* من پێموایە ئەمجارە ململانێی هەڵبژدارن چڕترو ئاڵۆزترو بەهێزتر دەبێت، چونکە خەڵک لە ئێستادا هۆشیاریی زیاترە، جگە لەوەش بەپێی یاساکە هەڵبژاردن بە لیستی کراوە بەڕێوە دەچێت، مەرج نییە دەنگدەر دەنگ بە حیزب بدات، لێرەوە حیزب نابێتە سەنگی مەحەکو تواناو لێوەشاوەیی پاڵێوراو رۆڵ دەبینێت، پێموایە کورد لە نیوەی زیاتری دەنگەکانی کەرکوک بەدەستدەهێنێت.

**رۆژنامە: بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆتایی ئەم مانگەدا شەرعیەتی یاسایی نامێنێت، ئەمە چی کێشەیەکتان بۆ دروست دەکات؟**

* ئێمە وەکو ئەنجومەن بەپێی بڕیاری ژمارە (٧١)ی بریمەر کار دەکەین، ئەو بڕیارە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بە ئەنجومەنی پارێزگا نەداوە، جگە لەوەش بڕگەکانی، تەنانەت پۆڵ بریمەر خۆی لێی پەشیمانە، چونکە زۆربەی بڕگەو مادەکانی دژبەیەکن، ئێمە وەکو ئەنجومەن بەپێی رێکەوتنی پێکهاتەکان کار دەکەین، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نزیکەی (٥) ساڵە کار دەکاتو ئەوەش تەمەنێکی زۆرە، من هیوادارم تەمەنی ئەنجومەنەکەمان درێژ نەکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی نوێی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامبدرێتو جارێکی دیکە خەڵک نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن.

**رۆژنامە: تۆ کێ بە رێگر دادەنێیت لەبەردەم ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک؟**

* لە عێراقدا چەند دەستێک هەیە دەیانەوێت پرۆسەی سیاسیی لە عێراقو بەتایبەتی لە کەرکوکدا شکستبهێنێت، ئەو کەسو لایەنانە کۆسپ بۆ مەسەلەی کەرکوک دروستدەکەن بوونەتە رێگر بۆ دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئێمە وەکو هەموو پێکهاتەکان پێویستمان بە تەوافوقێکی هەمەلایەنە هەیە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو رێگرییانەش ئەمڕۆ بێت، یان سبەی، دەبێت یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەربچێت.

**رۆژنامە: کێ بەرپرسیارە لە بەرامبەر دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک؟**

* نابێت ئێمە لایەنەکانی دیکە تاوانبار بکەینو بیر لە تاوانبارکردنی یەکتر بکەینەوەو هۆکارەکەی بۆ ئەوان بگەڕێنینەوە، ببینە هۆکار بۆ لەیەک دوورکەوتنەوەی لایەنەکان، راستە ئێمە بۆچوونێکمان هەیە، بەڵام لایەنەکانی دیکەیش بۆچوونی خۆیان هەیە لەو مەسەلەیەدا، چارەسەری ئەو کێشەیە بە رێکەوتنی پێکهاتەکان دەبێت.

**رۆژنامە: تۆ هیچ ئومێدێکت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەیە؟**

* مادەی (١٤٠) مادەیەکی دەستوورییەو بارودۆخی سیاسیی عێراق هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە تائێستا جێبەجێنەکراوە، پرۆسەی سیاسیی عێراق رێگرە لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو مادەیەدا.

عێراق وڵاتێکە لە بنچینەوە ناڕاست دروستکراوە، پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ رابردوو پاشان عێراق دروستبکەیتەوە، شیعە لە خەودا سوڵتەی بینیوە، سوننە لە هەموو ژیانیدا لە سوڵتەدا بووە، کورد هەردەم لە شۆڕشدا بووە، پێکەوە کارکردنی ئەم سێ گروپە لە چوارچێوەی عێراقدا کارێکی زۆر قورسەو گەیشتنە رێکەوتنی ئەم سێ لایەنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کاتێکی زۆری دەوێت، مادەی (١٤٠)یش مەسەلەیەکی نێوان پێکهاتەکانی عێراقەو جێبەجێکردنەکەی کاتی دەوێت.

**رۆژنامە: بەڵێنی زارەکی بەرپرسانی ئەمریکا لە مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) تا چەند گرنگە؟**

* ئەمریکا ناتوانێت رۆڵی فیعلی ببینێت لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بەڵکو دەتوانێت رۆڵی پشتیوان ببینێتو زەمینە خۆشبکات بۆ لێک نزیککردنەوەی لایەنەکان، ئەمریکا وڵاتێکی گەورەیە، پێموایە کێشەی کەرکوک بۆ ئەمریکا کێشەیەکی زۆر گەورە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەیاننامەکەی کۆشکی سپی گرنییەکی زۆری هەیەو شتێکی رەسمییە، نابێت بە شتێکی بچووکو سادە وەربگیرێت. هاتنە سەر خەتی بەرپرسانی ئەمریکا هەروا رووداوێکی سادە نییە، بەڵام رووداوێکیش نییە تا هەموو هیواو ئاواتەکانی لەسەر بنیاد بنێین.

**رۆژنامە: هاتنە سەرختی پەرلەمانی کوردستان لە مەسەلەی کەرکوکدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* وەفدی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی رابردوودا چەند جارێک سەردانی بەغدایان کردووەو بەشداربوون لە گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی کەرکوکو یاسای هەڵبژاردندا، پەرلەمانی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستانە، ناوچەدابڕاوەکان تەفاعولێکی نەتەوەیی، روحیو سیاسیی هەمەلایەنەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەو ناتوانن خۆیان لە کوردستان جیابکەنەوە، ئامادەبوونی پەرلەمانی کوردستان لە وێستگە سیاسییە رەسمییو گرنگەکان گرنگە بۆ مەسەلەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان.

**رۆژنامە: چۆن دەڕوانیتە هاتنە مەیدانی لیستی گۆڕان لە کەرکوک؟**

* من پێموانییە لیستێک لەناو کوردا هەبێت دژی کوردستانیبوونی کەرکوک بێت، لەوەیە موونافەسە هەبێت لەسەر ئەوەی کێ کوردستانیبوونی کەرکوکی لا گرنگترە، بۆ ئایندەی کورد لە ناوخۆی خۆماندا هەر چۆنێک بین، کێشە نییە، بەڵام دەبێت لە دەرەوە یەک هەڵوێست بین، قازانجی گەورەی کورد لەوەدایە هەر کاتێک پێویستی کرد یەک لیست بین، ئەگەر پێویستی نەکرد فرە لیست بین.

## «نیگەرانییەکان گەیشتوونەتە ئاستی تەقینەوە»

# کەرکوکییەکان لەشارەکەی خۆیشیاندا ئاوارەن

**شاڵاو محەمەد**

دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر ئازادکردنی کەرکوکدا، نەتوانراوە کێشەی ئاوارە گەڕاوە کوردەکانی ئەو شارە چارەسەربکرێتو بەرپرسی پەیوەندییە تورکمانییەکانی یەکێتیش لەکەرکوک، رەخنە لە رێکخراوێکی تایبەتی ئەو شارە دەگرێت کە رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک سەرۆکایەتی دەکات.

لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە بە رازەمەندیی ئەمریکییەکانو پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەسەر دابینکردنی سێ شوێن بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە کوردەکان، رێککەوتن کە ئەویش بریتیبوو لە «فەیلەقو پەنجا عەلیو باروتخانە»، بەڵام ئاوارەکانی کەرکوک پێیان وایە، یەکێتیو پارتی ئەو سێ شوێنەیان بە بەرنامەیەکی حیزبیی دابەشکردووە.

هاوکار فایەق، یەکێکە لە ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوکو دانیشتووی نێو یەکێک لە بازگەکانی رژێمی پێشووی عێراقە بە رۆژنامەی راگەیاند: «یەک ژوورمان هەیەو ژیانی تیا بەسەر دەبەین، بەهۆی ئەوەی سەر بە هیچ لایەنێکی کوردیی نین، هیچ قەرەبوویەکی ئاوارە نامانگرێتەوەو تەنانەت لەم شوێنەی تیای دەژین هیچ مافێکی سەرەتایی تیا بەدیناکرێت، تائێستاش بەهۆی نەبوونی شوێنەوە، بەشێک لە خوێندکارەکانمان لەژێر چادرگەدا دەخوێنن».

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)دا بەڵێن بە ئاوارە کوردەکان درا کە خانوویان بۆ دروستبکرێت، بەڵام هاوکار فایەق پێیوایە، بەرپرسەکانی کورد لەم شارەدا، بەڵێنەکانیان هەموو کات لە کردەوەکانیان زیاتر بووە.

هاوکات رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە هەمان کات بەرپرسی رێکخراوی فریاکەوتنی ئاوارەیە لە شاری کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند «ئاوارەی کەرکوک کێشەکەی گەورەیەو هەوڵماندوە گرفتەکانیان چارەسەر بکەین، تەنها لە گوندی پەنجا عەلی یارمەتی (١٠٠٠)ماڵە ئاوارەمان داوە».

لە ساڵی (٢٠٠٥)دا بڕی (١٤٠) ملیار دینار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نێردرا بۆ رێکخراوی فریاکەوتنی ئاوارە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکوک، بەڵام رەمەزانی حاجی رەشید، جێگری پێشووی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیو بەرپرسی ئێستای پەیوەندییە تورکمانییەکان ئاماژە بەوە دەکات، ئەو پارەیە بە بەرنامەیەکی هەڵە لەلایەن رێکخراوی فریاکەوتنی ئاوارەوە خەرجکراوە، لە بری ئەوەی لەناو شار خەرج بکرێت لە دەرەوەی کەرکوک خەرجیان کردووە.

لە بەرامبەر ئەمەدا، رزگار عەلی رایگەیاند «پارە نەهاتووەتە لای ئێمە، ئیشی ئێمە تەنها ئەوەیە کێ خانوی بۆ کراوە، یان نەکراوە»، سەبارەت بە هەڵە سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیەش وتی «ئەو کاتە ئەو بەڕێزە جێگری مەڵبەند بووەو لەگەڵ لێپرسراوی مەڵبەندی ئەو کات هاتنو وتیان، با ئەم دێهاتانە ئاوادان بکرێنەوە».

لەپاش زیاتر لە (٤٠)ساڵ لە جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریبو تەرحیل لەلایەن حیزبی بەعسەوە، رەخنەی ئەوە لە سەر کرایەتیی سیاسیی کورد دەگیرێت کە نەیتوانیوە کاری بەپەلەو گونجاو بۆ ئەو ئاوارە کوردانە بکات کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە گەڕاونەتەوە کەرکوکو تائێستا جێگەی گونجاوی بۆ دابین نەکردوون.

لەوبارەیەوە رەمەزانی حاجی رەشید دەڵێت «دەبوایە کوردیش لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، بەرنامەیەکی هەبوایە بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەو دوای دروست بوونی رێکخراوی فریاکەوتنی ئاوارە، لیژنەیەکی هەشت کەسی پێکهێنرا بۆ ئەوەی ناوبەناو کۆبوونەوە بکرێت سەبارەت بە نیشتەجێکردنی ئاوارە، تەنها یەک جار کۆبوونەوە کرا، ئیتر پرس بە ئێمە نەکرایەوەو (کاک رزگار)ی بەرپرسی رێکخراوەکە، یەکلایەنە هەڵسا بە خەرجکردنی ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم ناردبووی بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە».

وێڕای دروستکردنی (١٢)هەزار خانوو لە (٦٠)گوندی دەوروبەری شاری کەرکوک، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، تائێستا (٢٥٠)ماڵ نیشتەجێ نەبوونو گوندنشینانەکانیش هۆکاری نیشتەجێنەبوونیان دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری.

هاوڵاتی، محەمەد ئەحمەد، کە لە یەکێک لە گوندەکانی کەرکوک بووەو ئێستا نیشتەجێی شاری کەرکوکە بە رۆژنامەی راگەیاند «سەرەتا حەوت ملیۆنو نیومان وەرگرت کە خانوو دروست بکەینو بگەڕێینەوە بۆ دێهاتەکانی خۆمان، بەڵام ئەو بڕە پارەیە خانووی پێ دروست ناکرێت، جگە لەوەی ئەو ناوچەیە ئاوو کارەبای نییە».

رەمەزانی حاجی رەشید هاوڕایە لەگەڵ گوندنشینەکانو ئاماژەی بەوەدا دەبوایە لە شارەدا ئاوارە نیشتەجێ بکرایەو وتیشی «گرفتەکانی ئاوارەکانی کەرکوک، نارەزاییان لێکەوتووەتەوەو تانەنەت نیگەرانییەکانیان گەیشتوونەتە ئاستی تەقینەوە».

ژمارە (561) سێشەممە 2009/12/22
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

## جێبەجێکردنی یەکلایەنەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر

# کێشە سنوورییەکان دەستی ئێران بۆ نەوتی عێراق درێژ دەکات



کێڵگەی نەوتی ( فەککە)

**هەستیار قادر**

داگیرکردنی کێڵگەیەکی نەوتی خۆرهەڵاتی شاری عەمارە لەلایەن ئێرانەوە ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی یەکلایەنەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر زیندوو دەکاتەوەو ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات؛ هەرکات ئێران واهەست بکات سیاسەتی عێراق لە دژیە کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە دەکات»

هەینی ڕابردوو یەکەیەکی (١١) سەبازی ئێران لە هەنگاوێکی کتوپڕدا هەڵیانکوتایە سەر بیرە نەوتی ژمارە (٤)ی کێڵگەی نەوتی (فەککە)ی خۆرهەڵاتی شاری عەمارەو دوای دەرکردنی کارمەندە عێراقییەکان لەو کێڵگە نەوتییە ئاڵای ئێرانیان تیا هەڵکرد، بە دوایدا زنجیرەیەک نارەزایی ڕەسمیی لە حکومەتو پەرلەمانی لێکەوتەوە تا ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لێی کشانەوە، کانە نەوتی ( فەککە)ی خۆرهەڵاتی شاری عەمارە لە ساڵی (١٩٧٩)دا هەڵکەندراوەو (٣٠٠) مەتر لە ناو سنووری عێراقدایەو ڕێژەی یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگەیەش بە یەک ملیۆنو (٥٥) هەزار بەرمیل مەزەندە دەکرێتو لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق ئێرانەوە (١٩٨٠-١٩٨٨) حکومەتی تاران ڕێی نەداوە پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوت لەو کانە نەوتەدا ئەنجام بدرێت،

بەڕای چاودێرانی سیاسیی ئەو هەنگاوەی ئێران جۆرێکە لە جێبەجێکردنی یەکلایەنەی ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥)، کە کێشەی سنووری نێوان بەغداو تارانی بە هەڵپەسێردراوی هێشتووەتەوەو لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە ئێران لە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ڕێکەوتنەو جێبەجێکردنیدایە، بەوپێیەی ئێران بەشی خۆی لەو ڕێکەوتننامەیە جێبەجێکرد کە سەرکوت کردنی شۆڕشی کورد بوو، بەڵام عێراق بەشەکەی خۆی جێبەجێنەکرد، کە سازشکردنە لەسەر ڕووبەرێکی زۆری زەوی خاکی عێراق بۆ ئێران، کە زۆربەی دەکەوێتە هێڵی سنووری نێوان عێراقو ئێران لە بەشی باشوورەوە، کە بە بوونی ڕێژەیەکی زۆر کانە نەوت دەناسرێتەوەو هەر بەو هۆیەشەو لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ گفتوگۆی نێوان بەرپرسانی عێراقو ئێران سەبارەت بە ئەگەرو چۆنیەتی زیندووکردنەوەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر جار بەجار وەزارەتی نەوتی عێراق گازندەی لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکرد، کە بەشێوەیەکی ناشەرعی لە سنووری خۆیەوە نەوتی کانە سنوورییەکانی عێراق دەردەهێنێت.

ڕێکەوتننامەی جەزائیر، کە ئەو کات لەنێوان سەدام حسێن وەک جێگری سەرۆک کۆماری عێراقو محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێرانو بە سەرپەرشتی هواری بومدینی سەرۆکی پێشووی جەزائیر ئیمزاکرا لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨)ی شەڕی ئێران عێراقدا ڕاگیراو لە دوای وەستاندنی شەڕیش عێراق بە جێبەجێکردنی قایل بوو. تا ئەو کاتەی ڕژێمی سەدام ڕووخا جێبەجێنەکراو لە ڕووداوی داگیرکردنی کانە نەوتی (فەککە)وە لەلایەن ئێرانەوە دوو تێڕوانین لە ناوەندە سیاسییەکانی عێراقدا هاتە کایەوە، تێڕوانینێکی لایەنگری ئێران پێی وابوو؛ ئەو هەنگاوە دەرهاویشتەی سلبی جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیرەو جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە شەڕێکە، کە دەبێت بکرێتو تێڕوانینی دووەمی دژی ئێرانیش پێیوایە؛ ئەو هەنگاوەی ئێران جۆرێکە لە بازدانی ئێران بەسەر سەروەریی خاکی عێراقو جێبەجێکردنی یەکلایەنەی ڕێکەوتننامەی جەزائیرەوە بەبێ گەڕانەوەی بۆ حکومەتو گەلی عێراقو دامەزراوە سیاسییو ڕەسمییەکانی.

د.بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە؛ لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە هەرکاتێک ئێران هەستی بەوە کردبێت، کە پرۆسەی سیاسیی ڕوو لە خۆیەتی کاری بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر نەکردووەو گەر پرۆسە سیاسییەکەی عێراقیش ڕوو لە ئەو نەبێتو واهەست بکات عێراق دژ بە بەرژەوەندییەکانی کار دەکات، داوای جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر دەکات»

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا مشتومڕی زۆر لەسەر کارابوونی ڕێکەوتننامەی جەزائیر دەکرا بە تایبەت لە ناوەندە پەرلەمانییەکاندا بەوپێیەی لەلایەن حیزبی بەعسەوە ئیمزا کراوەو هەندێکیش پێیانوابوو؛ دەبێت ئەو ڕێکەوتنە هەمواربکرێتەوەو بخرێتە بەردەم پەرلەمان، لەو بارەیەشەوە د.بوخاری عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا لە ئێستادا ڕێکەوتننامەکە کارپێکراوەو هەڵنەوەشێنراوەتەوە، بەڵام ناکرێت بەبێ ڕەزامەندیی لایەنێک ئەو ڕێکەوتننامەیە جێبەجێبکرێتو وتیشی: «گەر پرۆتۆکۆڵە ئەمنییەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە، کە بۆ لێدانی شۆڕشی کورد بووە لەو ڕێکەوتنەدا لانەبرێت کورد قایل نابێت بە جێبەجێکردنی».

## حیزبی دەعوە بە کودەتا دژ بە مالیکی دەزانێت

# یاسای هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن کێشە دەنێتەوە



کێ ڕێ لە پێشانگای هەڵبژاردن دەگرێت

**ڕۆژنامە**

پڕۆژەیاسای هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن کێشە لەنێو پەرلەماندا دەنێتەوەو حیزبی دەعوەش لە دژی دەوەستێتەوەو شیعەکان داوا دەکەن بە هاوشێوەی ئەنجومەنی وەزیران یاساکە سەرۆکایەتیی کۆماریش بگرێتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون هەفتەی ڕابردوو سەرۆکایەتیی کۆمار پڕۆژەیاسایەکی بە ناوی ( هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن ) ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە بە مەبەستی پەسەندکردنی تا لەکاتی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جێبەجێبکرێت، کە بڕیارە لە (٧-٣-٢٠١٠) ئەنجام بدرێتو لە پڕۆژەیاساکەشدا ئاماژە بە ڕێگرتن لە بەکارهێنانی پارەی حکومەت کراوە لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا بە مەبەستی ڕێگرتن لە کاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو بۆ ئەو هەنگاوەش چەند بنەمایەک لە پڕۆژەیاساکەدا دیاریکراوە.

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێو ئەو پڕۆژەیاسایە ئاماژەدانە بە ئەنجومەنی وەزیران وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە یاساکە بیگرێتەوە، بەڵام ئاماژە بە سەرۆکایەتیی کۆمار نەکراوە وەک بەشێک لەو دەسەڵاتەو بەو هۆیەشەوە ئەگەرهەیە تاووتوێکردنی پڕۆژەیاسایەکە لەنێو پەرلەماندا کێشەی لێبکەوێتەوە»، ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا، کە لە کاتێکدا سوننەو کورد جەخت لەسەر سنووردارکردنی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان دەکەنەوە لەکاتی هەڵبژاردندا، شیعەکانیش داوا دەکەن مادەکانی ئەو یاسایە سەرۆکایەتیی کۆماریش بگرێتەوە»

لەوبارەیەشەوە د.ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی وتی: گرنگیدان بە دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان لەو یاسایەدا پەیوەندی هەیە بە دەسەڵاتی دارایی زۆری سەرۆک وەزیران بە بەراورد لەگەڵ سەرۆکایەتیی کۆمارداو وتیشی: «کێشەکان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا لە یاساکاندا نییە، بەڵکو لە چاودێریی جێبەجێکردنیدایە»

کێشەی شیعەکان لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆک کۆماردا لەکاتی هەڵبژاردندا بە تەنیا لایەنی مادیی نییە، بەڵکو بەکارهێنانی سەرمایەی ڕەمزییە لە نێوان سەرۆک کۆمارو هەردوو جێگرەکەیەوە، کە هەرسێکیان لیستیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە»

لەلایەکی دیکەیشەوە تیشکخستنەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان لە پڕۆژەیاسای هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن ئەندامانی حیزبی دەعوەی تورەکردووەو وەک سەرچاوەیەکی پەرلەمانی عێراق پێی ڕاگەیاندین: «بە کودەتایەک بۆ سەر نوری مالیکی لەقەڵەم دەدەن»

لەو بارەیەشەوە عەبدولهادی حەسانی، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاساو حیزبی دەعوە، کە لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانەوە سەرکردایەتی دەکرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو پڕۆژەیاسایە بۆ گۆتکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە عێراقداو بەوپێیەش لەکاتی هەڵبژاردندا ئەو دەسەڵاتە لە عێراقدا نامێنێت، لەکاتێکدا کە لە ئێستادا عێراق پێویستی بەکاری بەردەوامە نەک وەستاندنی کارەکانی حکومەت، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەیەو گۆتکردنی کارو چالاکی حکومەتیش لەکاتی هەڵبژاردندا بۆشاییەکی دەستووریی دەهێنێتە کایەوە»

حەسانی ئاماژەی بەوەشدا، بەبێ بوونی یاسای حیزبە سیاسییەکانی عێراق دەرکردنی یاسای هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن کێشە دروست دەکاتو بەهای ئەوتۆی نامێنێت گەر دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەکاتی هەڵبژاردندا کۆتایی پێبهێنرێت پێویستە سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەمانیش کۆتایی پێبهێنرێت».

## کێشەی (٢٠٠)ملیار دینارەکەی بێخمە چارەسەرنەکراوە

# لە بودجەی ئەمساڵدا، کورد ڕووبەڕووی گوشاری زیاتر دەبێتەوە

هەستیار قادر

کێشەی بڕینی بودجەی بەربەستی بێخمە بە ڕەسمیی لە بودجەی (٢٠١٠)دا چارەسەرنەکراوەو بڕگەیەکی بودجەکەش سەبارەت بە هەرێمو پارێزگاکانی بەرهەمهێنی نەوت، گومانی مەترسیداری لەسەر هەرێم دروستکردووە.

### زوبێدی چی پێکرا؟

پاش ئەوەی بەیان جەبر زوبێدی، وەزیری دارایی عێراق لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا سەردانی هەولێری کردو زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا ئەنجامدا سەبارەت بە کێشە داراییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا، سەرچاوەکانی هەواڵ باسیان لە چارەسەرکردنی زۆرینەی ئەو کێشانە کرد، بەتایبەت ئەو کێشانەی پەیوندییان بە بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقو داهاتەکانی گومرگی هەرێمو چەند بڕگەیەکی دیکەی نێو بودجەوە هەیە کە کورد بە مەترسیی دادەنێت بۆ سەر خۆی.

لەوبارەیەوە سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە لە دوای دیداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیری دارایی عێراقەوە باس لەوە دەکرێت کە وەزیری دارایی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێمو بەغدای داوە لە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقدا، بەڵام وەزیری دارایی بەتەنیا خۆی بڕیار نادات لەسەر ئەو کێشانەو پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێت، وتیشی «تائێستا هیچ شتێکی ڕەسمیی، بە لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران نەگەیشتووە سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی نێو بودجەی نێوان هەولێرو بەغداو لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانیش لە دەسەڵاتیدا نییە ئەو بڕگانەی تایبەتن بە کێشەکانی نێو بودجەی عێراق لاببات‌و ئەگەر حکومەتی عێراقی ئەو کارە نەکات، پێویستە ئەو کێشانە لە پەرلەماندا بەدەنگدان یەکلایی بکرێنەوە».

### کێشەکان چین؟

یەکێک لەو کێشانەی کە هەر لەسەرەتاوە باسی لێوەکراوە، بڕینی بڕی (٢٠٠)ملیار دیناری عێراقییە لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی بە تێڕوانینی بەغدا ئەو بڕەپارەیەی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ بەربەستی بێخمەی شاری دهۆک سەرفکراوە، پێویست بووە لەسەر بودجەی هەرێم بێت‌و بە وتەی سامی ئەتروشیش «لیژنەی دارایی هیچ نووسراوێکی ڕەسمیی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی بڕینی بودجەی بەربەستی بێخمەی پێ نەگەیشتووە».

هاوکات کێشە لەسەر بڕی (٢٣٠)ملیار دیناری دیکەی تایبەت بە وەبەرهێنان هەیە، کە هەرێمی کوردستان (١٠٠٪)ی سەرفکردووە، بەڵام بەپێی پڕۆژەیاسای بودجە ڕێنادرێت ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو بودجەیە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێژەی سەرفکردنی پارێزگاکانی دیکەی عێراق تێپەڕ بکات کە زۆرینەی پارێزگاکانی دیکە کەمتریان سەرفکردووەو ئەگەر هەیە ئەو بڕە پارەیە لە بەشە بودجەی ئەمساڵی هەرێم ببڕدرێت.

یەکێک لەو کێشانەی دیکە کە سەرەڕای کۆبوونەوەکانی نێوان سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیری دارایی بەغدا وەک خۆی ماوەتەوە، بڕگەی چواری مادەی (١٧)ی پڕۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)یە کە ئاماژە بەوەدەکات «وەزارەتی دارایی بەغدا بڕی پارەی ئەو زیانە لە هەرێمو پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت دەبڕێت، کە مامەڵە بە نەوتی خاوی دەرهێنراو لەو هەرێمو پارێزگایانە دەکات‌و ڕادەستی وەزارەتی نەوتی ناکات بەمەبەستی ناردنە دەرەوە، یان بەکارهێنانی ناوخۆیی».

بەبڕوای ئەندامەکەی لیژنەی دارایی، خستنەڕووی ئەو مادەیە مەبەست لێی هەرێمی کوردستانەو لەدژی بەکاردەهێنرێت، وتیشی: «ئەگەر ئەم مادەیە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەر لە تاووتوێکردنی لە ناو پەرلەماندا لانەدرێت، کێشە دروستدەکات‌و دەخرێتە بەردەم پەرلەمان‌و ئەوکات دەبێت بەدەنگدان یەکلایی بکرێتەوە».



**سامی ئەتروشی:**
**وەک لایەنی یاسادانان تا ئەو هێندە لە تواناماندایە کە بودجەی پێشمەرگە بخەینە بودجەوەو بۆ سەرفکردنیشی پێویستی بە ڕێکەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا هەیە**

### پێشمەرگە، بودجەیەکی سەرفنەکراو

لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨و ٢٠٠٩)دا لەکاتی تاووتوێکردنی بودجەدا، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕگەیەکی تایبەت بە پێدانی بودجەی پێشمەرگە دانراوەو سەرفکردنی ئەو بودجەیەش پەیوەستکراوە بە ڕێکەوتن‌و هەمئاهەنگی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراقو هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بەهۆی بوونی کێشە لەسەر ژمارەی پێشمەرگە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا، ئەو بودجەیە بۆ پێشمەرگەی هەرێم سەرف نەکراوەو لە بودجەی (٢٠١٠)شدا بەهەمانشێوە لە بڕگەی نۆیەمی مادەی (١٦)دا ئاماژەی پێکراوە، کە دەبێت سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆک وەزیرانی هەرێم لەسەر خەرجیی پاسەوانی سنووری هەرێم ڕێکبکەون، بە مەرجێک بگونجێت لەگەڵ دەستووردا، لەوبارەیەوە سامی ئەتروشی ئاماژەی بەوەدا، کە ئەوان وەک لایەنی یاسادانان تا ئەو هێندە لە توانایاندایە کە ئەو بڕگەیە بخەنە بودجەوەو بۆ سەرفکردنی پێویستی بە ڕێکەوتنی نێوان هەرێمو بەغدا هەیە.

### (١٧٪) و بانگەشەی پێشوەختی هەڵبژاردن

هەموو ساڵێک لەکاتی تاووتوێکردنی بودجەی عێراقدا، کێشە لەسەر ڕێژەی هەرێم لە بودجەی هەرێمدا دروستبووە، هەرچەندە لە بودجەی ئەمساڵیشدا ڕێژەی (١٧٪)دانراوەو لە پاڵیشیدا ئاماژە بە گرنگی ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان کراوە، بەڵام چاوەڕواندەکرێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، گفتوگۆکان لەسەر بودجە بکرێنە بابەتێکی بانگەشەی هەڵبژاردن لە لایەن لیستە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانەوە، ئەتروشی ئەو بیرۆکەیەی پشتڕاستکردەوەو پێشبینی کرد، کە ئەمجارە ڕێژەی (١٧٪)ەکە مشتومڕی توندتری لەسەر بکرێت.

# ئەمریکا بە نهێنیی ڕێ لە ناکۆکییەکانی کوردو عەرەب دەگرێت

ڕۆژنامە

ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز بڵاویکردەوە، کە حکومەتی ئەمریکا دیبلۆماتێکی پایەبەرزی خۆی بە نهێنیی ماوەی چەند مانگێکە ناردووەتە کەرکوک، ئەم هەنگاوەش لە ناوچەجێناکۆکەکان لە چوارچێوەی دەرککردنی حکومەتی ئەمریکادایە بە ناکۆکییەکانی نێوان کوردو حکومەتەکەی مالیکی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتە هەواڵێک کە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە، پێش چوارمانگ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دوور لە چاوی میدیاکان (دیبلۆماتی تەرخانکراو ئەلن مایسنهایمری) لە کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت جێگیرکردووە، بەوهیوایەی لە دوا ساتەکانی پاشەکشەی هێزەکانیدا ڕێ لە ئاڵۆزبوونی کێشەکان بگرێت، ئەمەشیان بە هەنگاوێکی ژیرانەی درەنگوەخت داناوە.

ئەم کارەی ئەمریکا دانپێدانانە بە بەردەوامیی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، کە زۆرینەی شیعەیە هەروەک هەوڵێکیشە بۆ چارەسەرکردنی لانیکەمی ئەو کێشانەی کە ئەگەری هەڵگیرسانی پریشکی شەڕی لە عێراقدا لێدەکرێت‌و ئەمریکاش دەیەوێت لەو نێوەندەدا دەوری ناوبژیوان‌و لێکنزیککەرەوە ببینێت.

کێشەی نێوان کوردو عەرەب لەسەر خاوەندارێتیی کەرکوک هۆکاری سەرەکیی شەلەلبوونی زۆر بڕیاری سیاسییە، بەتایبەتی مەسەلەی هەڵبژاردن‌و دواترینیشیان مەسەلەی هەڵبژاردنی گشتیی عێراق لە مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو تایبەتمەندیدان بەو پارێزگایە.

نووسەری ڕاپۆرتەکە ڕایوایە؛ مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردوو بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیی لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، کورد خەریکی هەڵنانی هەنگاوێکی خراپ بوو بە ئاراستەی کەرکوک (کە بە ڕێکەوت کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، کە کاتی لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی ڕاپرسیی لەسەر دەستووری هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئەنجامبدات)و هاوکات جۆبایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کورد هەیە، داوای لێکردن ڕاپرسیی لەسەر دەستوورەکەیان دوابخەن تا قسەکردن لەسەر کەرکوک وەک بەشێک لە سنووری ئیداریی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی جەماوەریدا نەسەپێنێت‌و نیگەرانییەکانی حکومەتی ناوەندی زیاتر بکات.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا ئەو ڕۆژنامە ئەمریکییە نووسیویەتی؛ هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق، لە ئەمریکا دەخوازێت کە عێراقییەکان هانبدات بەشێکی زۆری جیاوازییەکانیان وەلابخەن (بەتایبەتی ئەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە لە کەرکوک دەنگبدات)کە ئەم هەڵبژاردنە سەنگێکی مەحەکی گەورەیە لەبەردەم عێراقییەکاندا بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسییەتی ڕاستەقینەو دەستەبەری ئامادەکاریی بۆ کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەروەک لەسەر بەرپرسانی ئەمریکاش پێویستە سەرکردە عێراقییەکان هانبدەن بۆئەوەی لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ڕێگەیەک بهێڵنەوە بۆئەوەی بتوانن دوای تەوابوونی پرۆسەکە ڕێکەوتن نەبێتە هەنگاوێکی قورس لە نێوانیاندا بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و ئیدارەی داهاتووی عێراق.

لەکۆتاییدا ڕۆژنامەکە نووسیویەتی؛ پێویستە سەرکردە عێراقییەکان بگەنە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ سەرجەم کێشەکانی نێوانیان‌و بەتایبەتی کێشەی کەرکوک، هەروەک لەسەر ئیدارەی ئەمریکاش پێویستە ڕێگا دیبلۆماسییەکان بدۆزێتەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هێزەکانی بکشێنێتەوە، بۆئەوەی عێراق دەرفەتی هەبێت بە یەکگرتوویی‌و دیموکراسی‌و سیادەتەوە بمێنێتەوە، هەروەک داواشی لە ئیدارەی ئەمریکا کردووە مافی کوردەکانیش لەبەرچاوبگرێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێک لە ئامانجەکانیان.

**«مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردوو بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیی لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، کورد خەریکی هەڵهێنانی هەنگاوێکی خراپ بوو بە ئاراستەی کەرکوک»**

# کورد (ئاشتی)ی هەڵبژارد

# (BDP)حیزبێک لە ئەندامانی (DTP)

ئارام شێخ وەسانی



بارەگای نوێی (BDP)

## پەکەکە گرێی بابەتەکە

کێشەی نێوان کوردو تورک بەشێوەیەکی فراوان، دوای دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان دێت. لە ساڵانی هەشتاوە، تائێستا زۆرینەی ئەو پارتەکوردییانەی کە لە تورکیا دروست بوون نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی درێژ بمێننەوە لە مەیدانی سیاسیی تورکیدا، لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا پارتە کوردییەکان تۆمەتی هاوکاریی‌و پەیوەندیهەبوونیان لەگەڵ پەکەکە خراوەتە پاڵ‌و بەو هۆیەشەوە ئەو پارتانەی بەشێوەیەکی ئاسان بە یەکێک لە بڕگەکانی مادەی (٦٨)دەستووری تورکی داخراون، داخرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات بەهەمان تۆمەت شتێکی تازەو چاوەڕواننەکراویش نەبوو، چونکە پێش ئەوە پێنج پارتی دیکەی کوردی بەهەمان مادەی دەستوور داخراون، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراوبوو ئەوەبوو کە دەبوو پارتەکەی ئەردۆغان کە ئێستا زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی بەدەستەوەیە، ئەو بڕگەیەی دەستووری هەموار بکردایە، چونکە ئەم رووداوە بەپلەی یەکەم ئەردۆغانی ئاگادارکردەوە لە هەر ئەگەرێکی دیکە کە دادگا بتوانێت پارتی ئەکەپە دابخات بەیەکێک لە مەرجەکانی مادەی (٦٨)، بۆیە ئەم رووداوە زەنگی ئاگادارکردنەوەیەکی بەهێز بوو بۆ ئەردۆغان‌و پارتەکەی، هەروەها بابەتی وەرگیرانی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا جارێکی دیکە هاتەوە هەنگاوی سەرەتا، هەروەها ئەم بابەتە هەموو لایەکی لەوە ئاگادار کردەوە کە ئەگەر تورکیا دەستوور هەموار نەکات، ئەوا هەرهەنگاوێکی دیکە نابێتە هەنگاوی جەوهەری بۆ چارەسەری کێشەکان‌و مافی مرۆڤ‌و حیزبەکان لە تورکیا، نووسەرانی تورک لە زۆرینەی وتارەکاندا ئەم بابەتەیان بەهەند وەرگرتووەو بە مەترسییەکی ئاشکرای وێنە دەکەن بۆسەر ئەردۆغان‌و پارتەکەی، بۆیە یەکەم هەنگاوی ئەردۆغان دەبێت ئەوە بێت کە بیر لە هەمواركردنی هەندێک بڕگەی دەستووربکاتەوە پێش ئەوەی زیاتر درێژە بەهەنگاوەکانی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی بدات.

هێمن میرانی، شارەزا لە بواری کاروباری تورکیا پێوایە، لە ئێستادا هەڵەیە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەتەپە لەژێر رێنمایەکانی ئۆجەلاندا کار بکات‌و بە رۆژنامەی راگەیاند «داخستنی دەتەپە بەو هۆکارە بووە کە پاڵپشتی پەکەکەی کردوە وەک پارتێکی تیرۆرست، ئەمەش بەهانەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی داداگای دەستووریی بڕیاری خۆی دەربکات، بەڵام دوای ئەوەی دەتەپە داخرا بەو هۆیەوە کە پەیوەندیی لەگەڵ پەکەکە هەیە، من پێموایە، کورد هەڵە دەکات ئەگەر دیسان بەشێوەی ئاشکرا لە ژێر رێنماییەکانی ئۆجەلاندا کاربکات، من پێم باشە پەیوەندیی‌و رێکەوتن‌و یەکگرتوویی هەبێت، بەڵام بە حەقیقەت لە ئێستادا هیچ پارتێکی تورکیا ئامادە نییە قبووڵی ئەوە بکات کە پەکەکە بخاتە ناو پرۆژەو گفتوگۆکانیەوە، چونکە ئەو پارتە وەک تیرۆریست ناسێنراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو هەڵەیە دووبارە کرایەوە، ئەوەبوو ئەحمەد تورک رایگەیاند، کە ئێمە بە بڕیاری ئۆجەلان پەشیمانبووینەوەو بەشدارو بەردەوام دەبین، هەم لە پەرلەمان لە کاری سیاسیی، راگەیاندنێکی لەو جۆرە زیان بە کەیسی کورد دەگەیەنێت، چونکە ئەوە بەئاشکرا بە هەموو تورکیا دەڵێت «من لەلایەن ئۆجەلانەوە ئاڕاستە دەکرێم».

## ئامانجەکەیان نەهاتەدی

داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات لەکاتێکدا بوو کە تورکیا بەقۆناغییێکی جیاوازدا گوزەری دەکرد، ئەم رووداوە کە بارودۆخێکی ناهاوسەنگی سیاسیی دروستکرد، ئەنجامێکی جیاوازی لێکەوتەوە، بەپێی شرۆڤەکارانی سیاسیی لە تورکیاو لە جیهان، ئەم رووداوە پلانێکی پارتە نەتەوەپەرستو توندڕەوەکان بووە بۆئەوەی پرۆسەی کرانەوەی ئاشتی کە بە سەرۆکایەتیی پارتەکەی ئەردۆغان بەڕێوەدەچێت، سەرنەگرێت، ئەگەری دووەم کە بڕیار بوو هەروەها پێشبینی کراوبوو، ئەوەبوو کە شەڕبکەوێتە شەقامی تورکی، شەڕی کوردو تورک، بەم هەنگاوەش چەندین ئامانجی پارتە توندڕەو و نەتەوەپەرستەکان دێتە دی، رۆژنامەی نیویۆرک تایمز سەبارەت بەم رووداوە ئەگەری یەکەمی خستووەتەروو و دەڵێت: «داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات، خەونەکەی پارتی دادوگەشەپێدانی لەناو برد کە دەیویست لە رێگەی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسییەوە سەرنجی وڵاتانی جیهان‌و ناوچەکە سەبارەت بە تورکیا بگۆڕێت، بەڵام ئەم رووداوە ئەو خەونەی لەباربرد». بەهەمانشێوە نووسەرانی تورک ئەو حاڵەتە بەپلاندارێژراو باس دەکەن، بەشێک لە شرۆڤەکاران پێیانوایە، ئەم رووداوە وەک تۆڵەیەکی هەردوو پارتی جەهەپەو مەهەپە بووە بەرامبەر بە هەریەکە لە دەتەپەو ئەکەپە، چونکە بردنی کەیسی پرۆسەی کرانەوە بە رووی کورددا بۆ پەرلەمان‌و باسکردنی کێشەی کورد لە پەرلەمانی تورکیا دژی هەڵوێستو بەرنامەی هەریەکە لە پارتی نەتەوەپەرستو پارتی گەلی کۆماری بوو، لە ستونێکدا کە سایتی زەمان بڵاویکردووەتەوە، باس لەو ئەگەرانە دەکات کە پێشبینیکراوبوون، روودەن، بەڵام ئەو پێشبینییانە روویان نەدا، نووسەر نووسیویەتی «هەریەکە لە پەکەکەو دەتەپە باش لەو حاڵەتە گەیشتوون کە شەڕو توندوتیژیی چارەسەری کێشەکان ناکەن، بەڵکو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن، هەربەو هۆیەوە ئۆجەلان رێنمایی ئەندامانی دەتەپەی کرد کە بگەڕێنەوە پەرلەمان، هەروەها لە وتەکانی (ئەحمەد تورک)دا ئەوە بە روونی دیاربوو کە وتی، گیانی کەسێک گرنگترە لە داخستنی پارتێک، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد باش لەوە تێگەیشتووە کە شەڕ چارەسەری کێشەکان ناکات». ئەگەرێکی دیکە هەیە کە باس لەوە دەکات، پرۆسەی هەڵبژاردن نزیکبووەتەوە، بۆیە لەئێستاوە پارتی جەهەپەو مەهەپە، لە پلانی ئەوەدان بەهەر نرخێک بێت ئاستەنگ بخەنە بەردەم پرۆسەی کرانەوە بۆ ئەوەی لایەنگرانی ئەکەپەو دەتەپە کەمبکەنەوەو سەرنجی نەتەوەی تورکی بۆخۆیان رابکێشن، هێمن میرانی بۆچوونی وایە «هەردوو پارتی توندڕەو ئەم کارەیان بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەنجامداوەو ئەم رووداوەی دادگای تورکیا لەم کاتەدا پلان بۆ دارێژراوە، چونکە ئەو پارتە توندڕەوانە کە دەتەپەیان تۆمەتبارکردووە بە پاڵپشتیکردنی پەکەکە وەک پارتێکی تیرۆریست، مەبەستیان بوو شەڕ بخەنە نێو شەقامەوە، شەڕی کوردو تورک، لەم کاتەدا پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی‌و مەبەستەکانی ئەردۆغان بەرەو نەمان دەچوون، بەمەش هەم زیان بە ئەردۆغان‌و هەم بەدەتەپە دەکەوێت، بەڵام ئەنجامەکان بەجۆرێکی دیکە هاتنەدی، هەرچەند هەندێک توندوتیژیی کەوتە شەقامەکان، بەڵام بەوجۆرە نەبوو کە درێژەبکێشی‌و کورد خۆی گۆشەگیر بکات لە سیاسەتکردن‌و پرۆسەی سیاسیی».

## (دەتەپە) دەبێتە (بەدەپە)

پاش ئەوەی کە دەتەپە داخرا، ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات دروستبوونی پارتێکی تازەی کوردییان راگەیاند، کە درێژە بە خەباتی سیاسیی‌و دیموکراسی دەدات، پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی(BDP)، ئەو پارتەیە کە بڕیارە جێگەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات بگرێتەوە کە (٢١)ئەندام پەرلەمان‌و (٩٨)شارەوانی لەژێر دەستدا بوو، ئەگەرچی رووداوێکی لەوجۆرە شتێکی تازە نییە، بەڵام ئەمجارەیان بارودۆخەکە جیاوازە، پێش داخستی دەتەپە، ئەو پارتە لە پەرلەمان خاوەنی فراکسیۆن بوو، حیسابێکی زۆری بۆدەکرا، بۆچوون‌و چالاکیی گەورەیان هەبوو، هەم لەپەرلەمان هەم لەدەرەوەیدا، بەڵام پاش ئەوەی کە دوو ئەندام پەرلەمان کاری سیاسییان لی قەدەغە دەکرێت‌و مافی ئەندام پەرلەمانییان لێدەسەنرێتەوە، ئیتر دەتەپە ناتوانێت لە پەرلەمان خاوەنی فراکسیۆن بێت، چونکە بەپێی یاسای پەرلەمانی تورکیا، (٢١)ئەندام پەرلەمان پێویستن بۆ ئەوەی خاوەنی کوتلەیەک بێت، هێمن میرانی سەبارەت بەم بڕیارەی دەتەپە دەڵێت «بە بۆچوونی من، ئەو بڕیارە کاریگەرییەکی ئەو تۆی نابێت لە رووی زیاتر بەدەستهێنانی مافەکانی کوردەوە، چونکە ئیتر دەتەپە ناتوانێت خاوەنی فراکسیۆن بێت، هەروەها دادگای دەستووری بە مەبەست دوو ئەندام پەرلەمانی قەدەغە کردووە لە کاری سیاسیی، بۆ ئەوەی ئیتر دەتەپە خاوەنی کوتلە نەبێت لەپەرلەمان، بەمەش مافی هەبوونی فراکسیۆنیان لێسەنرایەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بڕیارێکی ئیجابیی بوو کە ئەو (١٩)ئەندام پەرلەمانە گەڕانەوە ناو سیاسەت، ئەوان پێشتر فراکسیۆنیان هەبوو نەیانتوانی شتێکی ئەوتۆ بکەن، ئێستا چۆن دەتوانن؟».

دەمیر چەلیک وەک سەرۆکی (بەدەپە) هەڵبژێردراو هەروەها دوای راگەیاندنی پارتەکە هەموو بارەگاکانی دەتەپە کرانە بارەگای ئەو حیزبەو لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی ئەحمەد تورکدا لە ئەنقەرە، داوای لە هەموو ئەندامانی دەتەپە کرد کە بێنە ناو حیزبی ئاشتی‌و دیموکراسی‌و لەناو ئەو حیزبەدا درێژە بە خەباتی ئاشتی بدەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

BDP
Barış ve Demokrasi Partisi
Barış ve Demokrasi Partisi
BDP
2008




# پاراستنی شوێنەوار

لە (٢٥)ی مانگی نۆڤەمبەری رابردوودا، سایتی کوردیش میدیا لە رۆژنامەی هاوڵاتییەوە گواستبوویەوە کە گوایە سیداد بارزانی برای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستیگرتووە بەسەر پەیکەرێکی کۆندا کە لەلایەن کەسێکی ناوچەی بارزانەوە دۆزراوەتەوەو هەر راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە سیداد لەبەرامبەر ئەو پەیکەرەدا پارەی داوەتە ئەو کەسە.

کێشەی شوێنەوار پێگەیەکی کەمی هەیە لە نێو میدیای کوردی‌و ناوهێنانی ئەو بەرپرسە بووە هۆی ورووژاندنی ئەو بابەتەو لەوێشەوە بۆ لێدانی سەرکردەکان، چونکە ئەگەر پەیکەرەکە لای خاوەنەکەی بمایەتەوە، ئەوا نەدەبووە باسی میدیاکان.

بێگومان لێرەدا نامانەوێت، لەم بابەتەدا سەرکردەکان بڕوشێنین، چونکە هێشتا لە کوردستان رەخنە لە سەرکردەکان بە بۆچوونێکی باش نابینرێت. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەسەری بدوێین، بریتییە لە مەسەلەی شوێنەوار کە لە کوردستان پشتگوێخراوەو بەهۆی ئەو هەموو کێشەو کورتهێنانەی رووبەڕووی عیراقییەکان دەبێتەوە، مەسەلەی شوێنەوار نەبووەتە باس‌وخواسی خەڵکی‌و پارتە سیاسییەکان‌و حکومەت، لەکاتێکدا شوێنەوارناسی بابەتێکی گرنگەو جێگای بایەخ‌و زانیارییە لەبارەی رابردووەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ریفۆرمێک هەیە لە یاسای پاراستنی شوێنەوارو پێشختنی ئەم بوارەدا.

مامەڵەکردن لەگەڵ سەردەمی کۆن بەپێی سیستمی ئابووریی وڵاتان جیاوازە، بۆ نموونە لە ئەمریکا وەک وڵاتێکی سەرمایەدار، زۆربەی شوێنە شوێنەوارییەکان‌و مۆزەخانەکان سەر بە کەرتی تایبەتن‌و دەوڵەت تەنیا کارەکانیان بۆ رایی دەکات، بەپێچەوانەوە عێراق وەک وڵاتێکی نیمچە سۆسیالیستی، دەوڵەت هەموو کارەکانی مۆزەخانەو شوێنەوارناسی لە ژێردەستدایەو هەر هاوڵاتییەک شوێنەوارێک بدۆزێتەوە، ئەوا دەبێت لە ماوەی (٢٤)سەعات بیگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەت‌و خاوەندارێتیی تایبەت قەدەغەیە، بەڵام هەردوو جۆرە سیستمە ئابورییەکە ئاسانکارییان تێدایە بۆ تاڵانکردنی شوێنەوارەکان. لە راستیدا لە عێراقدا بەهۆی بوونی ئەو یاسایەی کە دەبێت خەڵکی هەموو کەلوپەلێکی دۆزراوەی کۆن بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت، وا لەخەڵکی دەکات بە ساردییەوە بچن بەدوای دۆزینەوە یان ئاشکراکردنی شوێنەوارو شتە کۆنەکاندا، لەبەرامبەریشدا حکومەت پارەیەکی کەم دەداتە ئەو کەسانە، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر بازاڕی رەش‌و بە نهێنی دەبرێتە دەرەوە، ئەمەش هۆکاری تێکدان‌و رووخانی بەهاکانی شوێنەوارناسییە.

هەموو کەلوپەلێکی کۆن ناوەڕۆکێکی نهێنی هەیە، د.جۆرج یوحەننا، سەرۆکی پێشووی مۆزەخانەی نیشتمانیی عێراقی دەڵێت: «هەر کاتێک هاوڵاتییەک شتێکی کۆنی شوێنەواریی دەدۆزییەوەو دەیگەڕاندەوە بۆ حکومەت، ئەوا ئێمە یەکسەر تیمێکمان دەنارد بۆ بەدواداچوونی ئەو شوێنەی کە شتەکەی لێدۆزراوەتەوە».

بەدواداچوونی ناوەڕۆکی ئەو شتانەش بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی، بۆیە پێویستە بەدواداچوون بۆ باکگراوندی مێژوویی ئەو پەیکەرە کۆنەی کە لە ناوچەی بارزان دۆزراوەتەوە بکرێت‌و هەروا پشتگوێنەخرێت‌و لەماڵێک یان مۆزەخانەیەکی دەرەوەی وڵات دانەنرێت.

پشتگوێخستنی شوێنەوارناسی لە کوردستان، لەگەڵ ئەو کێشانەی ئەو وڵاتە رووبەڕووی دەبێتەوە، شتێکن مرۆڤ لێیان تێدەگات، چونکە هێشتا حکومەتی هەرێم ماویەتی حکومەتێکی پتەو لەسەر زەوی دروست بکات، جا چجای ئەوەی بەرەو ژێر زەوی بڕوات. شوێنەوارناسی خەزێنەیەکی گرنگی نیشتمانییەو میراتییە، بۆیە هیوادارین حکومەتی د.بەرهەم بەگرنگییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانێت.

# کێشەی بێمتمانەیی، دروستکردنی سوپای کوردی قورسدەکات

# ستراتفۆر: پارتیو یەکێتی پۆلیسو ئاسایشو موخابەراتی خۆیان هەیە



**شاڵاو فەتاح**

لە ڕاپۆرتێکی چڕوپڕی ئاژانسی زانیاریی نێودەوڵەتی (ستراتفۆر)، کە ئاژانسێکە زانیاریی شیکارییو پێشبینیو ئاگادارکردنەوە پێشکەشدەکات، باس لە ئەگەری دروستکردنی سوپای یەکگرتووی کوردیو کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو پرۆژەیەو لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی دەکرێت.لەوراپۆرتەدا هاتووە کە سوپای یەکگرتووی کوردی دوو ئامانجی ناوخۆییو دەرەکیی هەیەو یەکێتیو پارتی خوازیارن دەسەڵاتیان لە ناوخۆو دەرەوە بەهۆی وەها سوپایەکەوە بەهێز بکەن، ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بە قورسیی پێکهێنانی وەها هێزێک دەدرێت بەهۆی لێکدابڕانی هێزە ئاسایشە کوردییەکانەوە، کە هەریەکەیان هێزی ئاسایشو دەزگای موخابەراتی خۆیان هەیە. لە راپۆرتەکەدا هاتووە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رایگەیاندووە، کە نیازی دروستکردنی سوپایەکی کوردی یەکگرتووی هەیە لە هەرێمە نیمچە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردستاندا. یەکخستنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام سەرکردە کوردەکان لە عێراقدا ئامانجێکی ستراتیژییان هەیە بۆ کۆبوونەوە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ رکابەرە عەرەبەکاندا لە حکومەتی ناوەندی عێراق. ئەو پرۆپۆزەڵە کوردییە ئاماژە بە زیندووکردنەوەیەکی گرنگی میلیشیا دەکات لە عێراقدا، کە چەند ئەرکێکی گرنگ بۆ ستراتیژیی چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە عێراق تێدایە.

لەگەڵ بووژانەوەی کێشە تائیفییەکانەوە بەهۆی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقی کانونی دووەمەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، کە پلانی دروستکردنی سوپای هەیە. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لە (٢٢)ی تشرینی دووەمدا وتی: نیازی دامەزراندنو یەکخستنی سوپای کوردی هەیە لە هەرێمە نیمچە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردستان بەهۆی هێزە تایبەتییەکانی پێشمەرگەوەو لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی وەزارەتی پێشمەرگەدا. سەرکردەکانی هەرێم هیواخوازن کە ئەم دەستپێشخەرییە ببێتە هۆی چاککردنەوەی درزی سیاسیی لە کوردستانی عێراقداو هێزی زیاتر بە هەرێمی کوردستان ببەخشێت لە ململانێی لەگەڵ رکابەرە عەرەبەکانی حکومەتی ناوەند.

کوردەکانی عێراق نیشتەجێی ناوچە چیاییەکانی باکووری وڵاتن، لەکاتێکدا ئەم دەڤەرە پاراستوونی لە داگیرکاریی بیانیی، بەڵام رکابەری خێڵەکیشی تێدا چاندوون. ئەم رکابەرییانە هێند بەهێزن، کە زۆرجار کوردەکان لایەنی دوژمنێکی باوی خۆیان گرتووە (وەک ئێران، تورکیاو بەعسی عێراق) بۆ شکاندنی لایەنی بەرامبەر، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٣)دا رکابەرەکان واتە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیاوازییەکانیان خستەلاوەو حکومەتێکی یەکگرتوویان پێکهێنا بۆئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بکەن لە عێراقی دوای سەدامدا، ئەم هاوپەیمانێتییە بەهۆی چەند کۆبوونەوەیەکی رەسمییەوە کە دەسەڵاتی لەنێوان دوو حیزبەکەدا دابەشکردووەو بە سەلامەتی ماوەتەوە. بارزانی هیواخوازە کە یەکخستنی سوپای کوردستان ببێتە هۆی بەهێزکردنی پارتیو یەکێتیو زەمانی خۆگرتوویی هاوپەیمانێتییەکەیان بکات. بارزانی بینی کە هاوپەیمانێتییەکەیان لەژێر هەڕەشەدایە لە تەممووزداو لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکەدا، بەهۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، گۆڕان کە کەمپەینی بە دژە گەندەڵییو ریفۆرمخوازیی کردووە، رێژەیەکی باش دەنگی بەدەستهێنا، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستانی عێراقو لە قەڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەهۆی بەدەستهێنانی (٢٥) کورسی پەرلەمانەوەو بردنەوەی چارەکێکی دەنگی گشت جەماوەرەوە.

داخورانی دەسەڵاتی یەکێتی روونو ئاشکرایە، جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی بە زۆرێک لە داواکانی پارتی قایل بووە. بۆ نموونە، پارتی سەرۆکایەتیی وەزیرانی لەساڵی (٢٠٠٥)وە بەدەستەوەیە، لەکاتێکدا بەپێی رێککەوتننامەکەی نێوان یەکێتیو پارتی دەبوایە لەساڵی (٢٠٠٧)دا وازی لەو پۆستە بهێنایە، بەڵام پارتی نایەوێت یەکێتی چیتر تێکبشێت. پارتی لە یەکگرتوویی لاوازی یەکێتی ئاگادارە، بەتایبەت دوای ئاژاوە سیاسییەکەی ساڵی پار کە یەکێتی ئەزموونی کرد، پارتی پێیوایە لاوازبوونی زیاتری یەکێتی دەبێتەهۆی گەورەتربوونی کەلێنەکانی ناو ئەو پارتەو قڵیشبردنی گروپەکە. بارزانی نیگەرانە بە دروستبوونی بۆشایی سیاسیی لە باکوور، بەتایبەت بۆشاییەک کە بە گۆڕان پڕبکرێتەوە، کە داوای حکومەتێکی شەفافترو بیناکردنی حوکمی یاسا دەکاتو راستەوخۆ رکابەری پارتی کۆنترۆڵی پارتی دەکات بەسەر حکومەتی هەرێمەوە.

بانگەوازی بارزانی بۆ یەکخستنی پێشمەرگە

> ***بارزانی بینی کە هاوپەیمانێتییەکەیان لەژێر هەڕەشەدایە لە تەممووزداو لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکەدا، بەهۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، گۆڕان کە کەمپەینی بە دژە گەندەڵییو ریفۆرمخوازیی کردووە، رێژەیەکی باش دەنگی بەدەستهێنا، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستانی عێراقو لە قەڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەهۆی بەدەستهێنانی (٢٥) کورسی پەرلەمانەوەو بردنەوەی چارەکێکی دەنگی گشت جەماوەرەوە***

وەڵامێکی راستەوخۆیە بۆ پەیوەندیی گوماناویی کوردەکانو دراوسێکانیان، پەیوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەغدا لەم چەند مانگەی دواییدا بەرەو خراپیی رۆیشتووە، لەگەڵ کەمبوونەوەی هێزە هاوپەیمانەکانەوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو خۆئامادەکردنی وڵات بۆ دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی دوای سەدام لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا، کێشە ئێتنۆ تایبفییەکانی وڵات دیسانەوە دەرکەوتوونەتەوە، لە تشرینی دووەمدا بارزانی هەڕەشەی ئەوەیکرد کە کوردەکان بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن ئەگەر یاسای هەڵبژاردن هەموارنەکرێتەوە بۆ زیادکردنی نوێنەرایەتی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، زیاتر لەوەش خولی ئەمجارەی مەزادکردنی نەوتی عێراق مشتومڕی دابەشکردنی سامانی نەوتی باکووری عێراقی پەرەپێداوەتەوە (لێدوانی تشرینی دووەمی حکومەتی عێراق دەڵێت: کە داننانێت بەو گرێبەستانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئیمزاکراون، وەک نموونەیەک بۆ دووبەرەکیی لەسەر داهاتی نەوت). بەغدا تەنیا کارناکات بۆ ئەوەی دەستکەوتە ئابوورییەکانی هەرێمەکە لەخۆبگرێت، بەڵکو نایەوێت زیادبوونی نفوزی هەرێم لەبارەی کێشە ئەمنییەکانیشەوە ببینێت. لەساڵی (٢٠٠٥)دا حکومەتی ناوەندیی لەژێر فشاری ئەمریکاداو دوودڵانە چەند هەنگاوێکی نا بۆ چارەسەرکردنی برینە ئێتنۆ تایبفییەکان بە یەکخستنی میلیشیا کوردیو سوننییەکان بۆ هێزە زۆرینە شیعەکانی پۆلیسو سوپا، بەڵام پلانەکە بەتەواویی جێبەجێ نەکرا، کوردەکان ئێستا (٧,٢)ی عێراق پێکدەهێنن، کەمتر لەو (١٨-٢٠٪)ی دەستووری وڵات داوایکردووە. هێشتا (٢٠٠) هەزار پێشمەرگە ماون کە دەبێت لەگەڵ سوپای عێراقدا یەکبخرێن، جیا لەمە راگەیاندنەکەی مالیکی لە تشرینی دووەمدا کە وتی بیناکردنەوەی ئاسایش دەخاتە ئەولەویەتی خۆیەوە، دەشێت هەلی ئەوە بە مالیکی ببەخشێت کە تەگەرە بخاتە بەردەم یەکخستنی هێزە کوردیو سوننییەکان لەگەڵ سوپای عێراقداو سوپا بە زۆرینەی شیعە بهێڵێتەوە، هەروەها بەغدا پەیمانی دروستکردنی دوو سوپای کوردی دابوو لە هەرێمداو بەمدواییانە دوو کۆلێژی سەربازیی لە زاخۆو قەڵاچوالان داخست لە هەرێمی کوردستان.


ئەم پێشکەوتنە خاوانە بچووک نین بەراورد بە گومانی حکومەتی زۆرینە شیعە بۆ دابەشکردنی بەرپرسیارێتیی ئەمنیی لەگەڵ رکابەرە ئێتنۆ تایبفییەکانیدا، بەڵام سەرکردایەتی کورد زۆر بە گومانە لە وازهێنانی لە بەرپرسیارێتیی ئەمنیی بۆ حکومەتی ناوەند لە تەواوی هەرێمەکەی خۆیدا. پارتیو یەکێتی هەریەکەیان (١٠٠) هەزار پێشمەرگەیان لەژێردەستدایە، سوپای عێراق لەئێستادا تەنیا (٢٦٠) هەزارە، ئەگەر یەکێتیو پارتی بتوانن لەسەر جیاوازییە ناوخۆییەکان کاربکەن بۆ دروستکردنی گروپێکی چەتر، کوردەکان زیاتر دەتوانن بەرگریی بکەن لە بەرامبەر رکابەرە عەرەبەکاندا لە بەغدا، نەک ریزەکانیان یەکبخەن بۆ رکابەرە دەرەکییەکانی تورکیاو ئێرانو سووریا.

لەکاتێکدا بیرۆکەی یەکسختنەوەی سوپای کوردی لەلایەن پارتییەوەیە، کەچی یەکێتی کۆنترۆڵی وەزارەتی پێشمەرگەی کردووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بەوەی کە پلانەکە پاڵپشتی لانیکەم چەند بەرپرسێکی باڵای هەردوو پارتەکەی دەبێت، بەڵام جێبەجێکردنی پلانەکە قورسدەبێت. هەریەکە لە پارتیو یەکێتی پۆلیسو ئاسایشو موخابەراتی خۆیان هەیە، ئەوەش جێی گومانە کە چۆن وەزارەتی پێشمەرگە دەتوانێت بەسەر کێشەی بێمتمانەییدا زاڵبێتو ئۆپەراسیۆنەکانی یەکبخات، لەهەمانکاتدا حکومەتی هەرێم، کە ئێستا کێشەی کورتهێنانی بودجەی هەیەو بەپێی هەندێک راپۆرت کورتهێنانەکە (٥٠٠) ملیۆن دۆلارە، قورسدەبێت کە پاڵپشتی دارایی وەها پلانێک بکات، بودجەی خەملێنراو بۆ سوپای کوردی مانگانە (١٠٠) ملیۆن دۆلارە، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمو وەزیری دارایی عێراق لە (٨)ی کانونی یەکەمدا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی کێشە داراییەکان کۆبوونەوە، بەڵام بەهۆی کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەندەوە، بەغدا ناخوازێت هەرێم رزگاربکات. پرۆپۆزەڵەکەی حکومەتی هەرێم کە پلانی یەکخستنی سوپای یاسایی دەکات، هێزەکان تایبەت دەکات بە «بەرگریکردن لە کوردستانو پاراستنی ئاسایشی کوردستان-عێراق، خاکەکەی، خەڵکی کوردستانو یاسا». گۆڕان بۆ کوردستان-عێراق، ئەوە دەردەخات کە کوردەکان ناسیۆنالیستتر بوون، ئەم ئەدەبیاتەش بەغدا بەدگومان دەکات، هەروەک تورکیاو ئێرانو سووریاو هەموو ئەوانەی ئیمتیازیان لە جەماوەری کوردا هەبێت، بەدگومان دەکات.

لەکاتێکدا کێشە ئێتنۆ تایبفییەکان بە پایانی خۆیان دەگەن، لایەنە رکابەرە جیاوازەکانی عێراق زیاتر پشت بە رێگە تەقلیدییەکەی خۆپاراستن دەبەستن، کە دروستکردنی میلیشیای تایبەتە، لەکاتێکدا کە حکومەتی زۆرینە شیعە بەردەوامە لە بلۆککردنی رکابەرەکانی بۆ ناو سوپای عێراق، کوردەکان پێشمەرگە یەکدەخەن، لەکاتێکدا سوننەکانیش هەڕەشەی یاخیبوونی چەکداریی دەکەن لەدۆخی جێبەجێنەکردنی داخوازییەکانیاندا، دەشێت عێراق شاهیدی گەڕانەوەی میلیشیا تایبەتییەکان بێت بەهۆی کێشە ئێتنۆ تایبفییەکانەوە، ئەوکات ستراتیژی چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە عێراق تووشی چەندین ئاڵۆزیی جدیی دەبێتەوە.

# زیندووکردنەوەی سەرمایە مردووەکان

محەمەد ئەمین گەناوی



هەر بوارێکی ئابووریی مۆدێرن لە سەردەمی ئەمڕۆدا سەرمایەی پێویستە، بوونی سەرمایە مەرجی سەرەکیی گەشەو پایەداریی ئابوورییە لە هەموو بوارەکاندا لە هەرشوێنێکی دنیادا.

بوونی سەرمایە پێوەرە بۆ هەژاریی یان دەوڵەمەندیی هەر وڵاتو گەلو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی، سەرکەوتن یان شکستی هەر بەرنامەو پرۆژەیەکی سیاسیی.

ئەگەر بمانەوێ مێژووی سەرمایەو رۆڵی گرنگی سەرمایە شرۆڤە بکەین لەسەر ئاستی جیهانیدا، لە چوارچێوەی گوتارێک دەردەچێو گەلێک لایەنی دیکە دێتە ناوەوە، کە پێویستی بە پشتبەستن بە بەڵگەی ئەکادیمی هەیە، ئەمەش کاری گوتارێک نییە کە مەبەست تەنیا لەسەر زەنگلێدانو ورووژاندنە بۆ ئەوەی کە خەڵکانی دیکە بە بیروباوەڕی جیاواز لە ئاستی حکومیو ئەکادیمی گرنگیی پێبدەنو تەرجەمەی بکەن بۆ ئەرزی واقیع.

بەشێوەیەکی گشتیی کە سەرمایە لە خۆرئاوا پەیدابوو (هۆی دروستبوونی سەرمایە لە ئەوروپا کە گەشەو شۆڕشی پیشەسازیی لێکەوتەوە بۆ خۆی بابەتێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی هەتا ئاینییە وەک هۆکار، هیوادارم بتوانم یان خەڵکی دیکە لەسەری بنووسن)، دەورانی پیشەسازیی هاتەکایەوە، بەرهەمی کشتوکاڵی زیادیکرد، بەهۆی پێویستیی بۆ مادەی خام (کاڵ) بۆ پیشەسازیی دەورانی کۆنۆلیالیزم پەیدابوو، بەمەش پەیوەندیی بازرگانیو پەیوەندیی جیهانیی لەنێوان گەلاندا پەیدابوو، ئیتر کە سەرمایەو بەرهەمهێنان لە خۆرئاوا پڕبوو، واتە زیاتر لە پێویستیی ناوخۆ، سەرمایە قۆناغی ئەوەی تێپەڕاند کە تەنیا لە ناوخۆی وڵاتانی سەرمایەداریی بەکاربێت، ئەمجا قۆناغی ئەمە پەیدابوو کە دەبێت بازاڕ هەبێت بۆ ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیو پیشەسازییو تەکنیکیو ئەلکترۆنیو داتاو تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی.

پێویستە ئاماژە بە رۆڵی گرنگی وزەی نەوت بکەین وەک هۆکاری سەرەکیی بۆ بەکارهێنانی سەرمایەو دروستکردنو زیادکردنی سەرمایە. بازاڕو نەوت ئەمڕۆ بوونەتە رەگەزی سەرەکیی چالاکیو گەشەی سەرمایەو داراییو هەتا ئاشتیو هارمۆنی سیاسییو پەیوەندیی نێودەوڵەتی.

گواستنەوەی سەرمایە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی دنیا لە سەردەمی جیهانیبوونی جیهان (Globalisation) ئەمڕۆ بووەتە ئەگەر بۆ دروستکردنی جیهانێک کە دادپەروەریی تیادا بەرقەراربێت، هەم لەسەر ئاستی جیهانیو هەم لەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکان، تا هەموو کەسەکان لەهەموو ناوچەکان لە سەرمایەو بەکارهێنانی سەرمایە بەهرەمەندبن.

بەکارهێنانی سەرمایە لەهەر شوێنێک پەیوەندیی بە فەرهەنگی ئابووریی‌و بوارو سیستمی سیاسییەوە هەیە، لەو وڵاتانەی کە فەرهەنگی پیشەسازییان هەیەو لە رووی سیاسییو ئابوورییەوە جێگیرن، تاکەکانی ئەو شوێنە یان ئەو گەلو نەتەوە، هەمیشە ئەو سەرمایەی (پارە)یەی کە هەیانە لە شوێنێکدا بەکاری دێنن (سەرمایەگوزاریی دەکەن) بۆ زیادکردنی سەرمایەو دووبارە بەکارهێنانی یان چەندبارە بەکارهێنانی لە بوارێکدا یان چەند بوارێکدا، لە شوێنێک یان چەند شوێنێکدا، بەمەش هەم سەرمایە دەکەوێتەگەڕ (دەجوولێت)و زیاددەکاتو هەم ئەو شوێنو بوارەی تیایدا سەرمایەگوزاریی دەکرێت گەشە دەکات، ئاوەدان دەبێت، دەبێتە شوێنی کار بۆ خەڵک، بەمەش هەم ئابووریی هەم توانای مرۆییو دەروونیی گەشەدەکاتو جێگیر دەبێت، ئەمەش بێگومان لە بەرژەوەندیی تاکو وڵاتو کۆمەڵە.

دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی سەرمایە پێوەرە بۆ گەشەی ئابووریی‌و ئاوەدانیو نەهێشتنی هەژارییو بێکاریی لەهەر شوێنێک لە دنیادا، بۆیە لەو شوێنانەی کە سەرمایە بەکاردێت بۆ سەرمایەگوزاریی لە هەموو روویەکەوە پێشکەوتووترن لەچاو ئەو شوێنانەی کە فەرهەنگی بەکارهێنانی سەرمایە نییە.

مەرج نییە ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن هەژار بێ سەرمایە بن، بەڵکو فەرهەنگی بەکارهێنانی سەرمایەو ئیدارەو سیستمی سیاسیی روونیان نییە، بەتایبەتی لە وڵاتانی دنیای سێ (یان ئەمڕۆ کە پێیان دەڵێن دنیای باشوور بە کوردستانیشەوە).

ئەگەر کوردستانی خۆمان بە نموونە سەیر بکەین، بە تەواوی وڵاتانی دنیای سێ یان باشوور دەتوانین بڵێین کە سەرمایە دەوڵەمەندە هەم مادیی (پارە)و هەم مرۆیی، بەڵام هەردوو ئەم سەرمایەیە مردوون (سڕبوون) هیچ کەڵکیان لێ وەرناگیرێت، لە رووی سەرمایەی (پارە)وە هەر بە قسەی بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە حیزبەکان، دەبێت لە هەولێرو سلێمانی هەزاران ملیۆنەرو دەیان ملیاردێر هەبێت، ئەمە ئەگەر زۆر دەقیق نەبێت، ئەوا لەمەدا راستە کە سەرمایەی پارە لە کوردستان هەیە، زۆربەی ئەو سەرمایەیەش کە هەیە سەرمایەی بازرگانییەو بۆ کاری بازرگانیی بەکاردێت، نەک بەرهەمهێنان.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ئەگەر تەخمینیش بێت، ئەوا لە کوردستان بەهەموو خەڵکەکەی لەهەموو ئاستو بوارەکان (١٠-٢٠) ملیار دۆلار سەرمایەی مردوو هەیە کە کەڵکی لێ وەرناگیرێت، بەڵکو زۆریی ئەو پارەیە وەک وشکە هەڵدەگیرێت، لەوانەیە بە ساڵ دەستکاری نەکرێت بێئەوەی کە بەکاربێت بۆ کارێک یان سەرمایەگوزاریی بکرێت لە بوارێکی بەرهەمهێناندا (جگە لە کەرتی بیناسازیی) کە سوودی بۆ ئابووریی هەبێت، شوێنێک ئاوەدان بکاتەوە، گەنجانو ئافرەتانی پێ بکەونە کارو شوێنی کاریان بۆ فەراهەم بکات.

ئەمە جگە لەوەی کە لەوانەیە بایی (٢- ٣) ملیار زێڕ (تەخمینی) وەکو سەرمایەی مردوو لە ماڵاندا بڕ بووبێت بێئەوەی کە لەهیچ بوارێکی ئابووریی‌و داراییدا کەڵکی لێ وەربگیرێت، ئەمەش ئەم مەتەڵە ئاشکرا دەکات، کە بۆچی ئافرەتانی خۆرئاوایی مەیلی هەڵگرتنو بوونی زیاتریان نییە، چونکە لەوێ بوارەکانی بەکارهێنانی سەرمایەو سەرمایەگوزاریی زۆرە، بەڵام لە وڵاتانی ئێمە نییە، بۆیە ئەم سەرمایەیەش وەکو سەرمایەی (پارەی وشک) بێکەڵک بە مردوویی دەمێنێتەوە.

لە رووی سەرمایەی مرۆییشەوە بەهەمانشێوە نەبوونی ئیدارە، سیاسەت، گیانی دڵسۆزییو میللیو نیشتمانیی هەموو تواناکانی کۆمەڵ سڕکراوەو مردووەو بەکارنایەن بۆ گەشەی وڵات، هەم توانای سیاسیی، عیلمی، ئەدەبیو هەتا هونەرو وەرزشیی لای تاکەکان کەڵکیان لێ وەرناگیرێت، ئەگەر لە خزمەت گروپێک یان کەسێکی دەسەڵاتدا نەبێتو بەشی هەرە مەزنی توانا مرۆییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێو کوردستان بەفیرۆ دەدرێتو دەمرێت.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر نیوەی ئەو سەرمایە مردووەی لە کوردستان هەیە هەم وەکو پارەو هەم وەکو سەرمایەی مرۆیی بەکاربێت، لە کاتێکی زۆر کورتخایەندا هەرێمی کوردستان دەکاتە نموونەی دەوڵەمەندترینو جوانترینو ئاسوودەترین شوێنی جیهان، دووبارە ئەگەر بوارو ئیدارەی گونجاوی بۆ دروستبکرێت بۆ زیندووکردنەوە.

زیندووکردنەوەی سەرمایەی مردووی کوردستان پەیوەندە بە هۆشیاریی تاکەکانو داوای تاکەکانو کۆمەڵ بۆ چاککردنیو گۆڕینی سیستمی سیاسیی، کە لە بەرژەوەندیی وڵاتو کۆمەڵو خزمەتو خۆشگوزەرانیی تاکەکانیەتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بوونی سیستمێکی وا دادپەروەرو مەسئولو دیموکرات چەندێک زووتر دروست ببێت ئەوا ئەوەندە زووتر دەتوانرێت سەرمایە مردووەکان زیندووبکرێنەوەو بەمەش ژیان زیندووبکرێتەوە لای هەر تاکێک، ئەگەر نا مەترسیی ئەمە هەیە، ئەم سەرمایە بەرلەوەی بەکاربێتو سەرمایەگوزار بکرێت بۆ خزمەتی گەلو وڵات بەشێوەیەک لەشێوەکان لەدەست بڕوات، ئەوکات وڵاتێکی بێ سەرمایە هیچ ئومێدێکی لێ ناکرێت کە زگی برسییەکان تێربکات.

بۆیە هیوادارم حکومەتو هەموو گروپو کەسو لایەنێک هەوڵبدەن ئەم زەمینە دروست بکەن بۆ بەکارهێنانی سەرمایە مردووەکانو زیندووکردنەوەیان، بە بەکارهێنانیان لەبوارە جیاوازەکانی ژیانداو ئەمڕۆ باشترە لە سبەی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پێویستو ستراتیژییە.

**لە رووی سەرمایەی مرۆییشەوە بەهەمانشێوە نەبوونی ئیدارە، سیاسەت، گیانی دڵسۆزییو میللیو نیشتمانیی هەموو تواناکانی کۆمەڵ سڕکراوەو مردووەو بەکارنایەن بۆ گەشەی وڵات، هەم توانای سیاسیی، عیلمی، ئەدەبیو هەتا هونەرو وەرزشیی لای تاکەکان کەڵکیان لێ وەرناگیرێت، ئەگەر لە خزمەت گروپێک یان کەسێکی دەسەڵاتدا نەبێتو بەشی هەرە مەزنی توانا مرۆییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێو کوردستان بەفیرۆ دەدرێتو دەمرێت**



## دوو ساڵە زیندانیانی هەرێم مووچەیان بۆ سەرفنەکراوە

# (٤٠٠) ملیار دینار بۆ شەهیدان‌و زیندانیانی سیاسیی تەرخاندەکرێت

سەنگەر جەمال

**بڕیارە لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠) بڕی (٤٠٠) ملیار دینار بۆ زیندانیانی سیاسیی‌و کەسوکاری شەهیدان سەرف بکرێت، کە (١٧٪)ی ئەو پارەیە بۆ هەرێم دەبێت، بەڵام گومان دەکرێت حکومەتی هەرێم ئەو بڕە پارەیە بدات، چونکە ئەو پارەیەی دوو ساڵە دراوەتە هەرێم تائێستا بۆ زیندانیانی سیاسیی کوردستان خەرج نەکراوە.**

ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (١٥٠) ملیار دینار لە بودجەی عێراق بۆ زیندانیانی سیاسیی‌و کەسوکاری شەهیدان تەرخانکرابوو، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریدا ساڵی (٢٠١٠) ئەو بڕە پارەیە (٢٥٠) ملیار دیناری دیکەی بۆ زیاد بکرێت‌و بکرێتە (٤٠٠) ملیار دینار، کە ڕێژەی (١٧٪)ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ زیندانییە سیاسییەکان (١٠٠) ملیار دینار زیاددەکرێت، بۆ خانەوادەی شەهیدانیش (١٥٠) ملیار دینارە، کە ئەو بڕە پارەیە دەخرێتە سەر میزانییەو مانای وایە (١٧٪)ی بۆ هەرێمی کوردستانە، بۆ دروستکردنی خانووبەرەیە».

بەڵام ئەوەی نیگەرانیی لای زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان دروستکردووە، سەرفنەکردنی ئەو بڕە پارەیەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەشێوەیەک کە تائێستا زیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک زیندانیانی سیاسیی ناوەڕاست‌و باشوور حسابیان بۆ نەکراوەو بێبەشن لەو ماف‌و ئیمتیازاتانەی بەوان دەدرێـت، هـەروەک ئەو مووچە مانگانە (٥٠٠) هەزار دینارەشیان نییە کە دەدرێتە زیندانییەکانی نـاوەڕاسـت‌و باشوورو زیندانیەکی سیاسیی‌و ئەندام پەرلەمانێکی عێراق دەڵێت: «دوو ساڵە ئەو پارەیە دێتە هەرێم، بەڵام خـوراوەو نەدراوەتە زیندانیانی سیاسیی».

بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەو لەسەر داوای لیژنەی شەهیدانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق ڕۆژی یەکشەممە کۆبوونەوەیەک کـرا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی ناوەندی.

د. محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی شـەهـیـدان‌و زیندانیانی سیاسیی لە پەرلەمانی عێراق تەئکید لەوە دەکاتەوە، کە دوای ئـەوەی کێشەکان زۆربـوون‌و هەستدەکرا جـیـاوازی هەیە لەنێوان زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم‌و زیندانییە سیاسییەکان لە شوێنەکانی دیکەی عێراق، لیژنەی شەهیدان دوای ئـەوەی چەند هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێکی گونجاو، بـەڵام سـوودی نـەبـوو، بۆیە داوایکرد لەڕێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە نوێنەری حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی ناوەندی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەبن، بۆ ئـەوەی چـارەسـەری ئەو گرفتانە بکەین‌و کۆبوونەوەکەمان ئەنجامدا، بەڵام کۆک نەبوون لەسەر ئەوەی زیندانییە سیاسییەکان وەک دەزگایەکی فیدراڵی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

سـەرۆکـی لـیـژنـەی شـەهـیـدان‌و زیندانیانی سیاسیی لە پەرلەمانی عێراق هۆکاری ناکۆکیەکەیانی گەڕاندەوە بۆ ئـەوەی «ڕەهـەنـدی جـیـاوازی هەبوو، وەک مەسەلەی سیاسیی‌و ئیداریی‌و دارایی‌و خانەنشینی، کە ئاسان نییە وەک دەستەیەکی مەرکەزی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆیە ئیستا هاتووینەتە سەر ئەوەی میزانییەی پێشنیازکراو، کە تائێستا (٤٠٠) ملیار دینارەو تەرخانکراوە، (٦٨) ملیاری بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، کە وەکو مینحە بۆ بیناسازیی‌و خانوو دروستکردن‌و مووچەی مانگانە پێیان بدرێت».

ئەو نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی، کە تائێستا ئەو پارەیەی دراوەتە هەرێم وەک پێویست خەرج نەکراوە، وتیشی: «دوای کۆبوونەوەمان ئەوە دووپاتکراوەتەوە، کە پارەی بەشی زیندانیانی سیاسیی هەرێم ڕەوانەی کوردستان کراوە، بەڵام تائێستا نەدراوەتە زیندانیانی سیاسیی کوردستان‌و بڕێکی کەمیشی دراوەتـە خـانـەوادەی شەهیدان».

لەلایەکی دیکەوە، محەمەد پشدەری ئەندامی دەستەی داکۆکیکار لە مافی زیندانیانی سیاسیی، کۆبوونەوەکەی بەغدای بۆ فشارو ئەو یاداشتە گەڕاندەوە، کە داویانەتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ڕەخنەی لەوەش گرت، کە ئەو پارەیەی بۆ مووچەو سلفەی خانووبەرە لە شارەکانی دیـکـەی عـێـراق دراوەتـە زیندانیانی سیاسیی لە کوردستان سەرفنەکراوە.

پـشـدەری بـاسـی لـەوەشـکـرد، کە وەفدێکیان لەگەڵ وەزیـری شەهیدو ئەنفالکراوەکانی هەرێم کۆبوونەوەی کـردووەو وەزیـر پێیڕاگەیاندوون؛ بەڕێوەبەرێتییەکان کارا دەکرێن‌و لەو ڕێیەوە فۆڕمی زیندانیانی سیاسیی پڕ دەکرێتەوە، بەڵام وتی: «گومانم لەوە هەیە کە لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ش مووچەو سلفە بۆ زیندانیانی سیاسیی کوردستان خەرج بکرێت، چونکە (٢) ساڵە ڕێژەی هەرێم کە لە بەغداوە دابینکراوە، نەدراوەتە زیندانیانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش مایەی نیگەرانیی دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانیانی سیاسیی هەرێمە».

دوا بەدوای خۆپیشاندانی بەشێک لە زیندانیانی سیاسیی‌و بەرزکردنەوەی (١٨) لافیتەی ڕەشی بێ نووسین بەڕووی حکومەتی هەرێمدا وەک نارەزاییەک، حکومەت بڕیاریدا (٣٩٠) هـەزار دینار لە داهاتی وەبەرهێنان بداتە زیندانییە سیاسییەکانی سلێمانی‌و دهۆک.

بـەڵام بەشێکی زیندانیانی سیاسیی ڕەخنە لەو بڕیارە دەگرن‌و بە پێویستی دەزانـن بە بڕیار لە ڕێگای یاساییەوە مووچەیان بدرێتێ، نـەک لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە، لەکاتێکدا لە ناوەندەوە بڕیار لە سەرفکردنی مووچەو سلفەی خانووبەرەیان بۆ دراوەو پارەشیان بۆ تەرخانکراوە.

د.محەمەد ئەحمەد، پێیوایە؛ حکومەتی هەرێم خەمساردە بەرامبەر بە مافی زیندانییە سیاسییەکان‌و ڕایگەیاند: دوای کۆبوونەوەکەیان بە ڕەسمیی داوایـەک ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکـەن، کە ئەو مووچەیە بداتە زیندانییە سیاسییەکان لە کوردستان، بەڵام نەیشاردەوە کە هیچ گرەنتییەک نییە حکومەت ئەو پارەیە بدات، وتیشی: «دەبێت ئێمە وەک پەرلەمانتار لە بەغداو هەرێم، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی‌و ڕاگەیاندنەکان ئـەو فشارە لەسەر حکومەتی هەرێم بکەین، کە نابێت زیندانیانی سیاسیی دوو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە دەستووری عێراقی دەڵێت: دەبێت هەموو هاوڵاتییانی عێراق یەکسان بن».



خۆپیشاندانێکی زیندانییە سیاسییەکان (ئەرشیف)

**حکومەتی هەرێم خەمساردە بەرامبەر**
**بە مافی زیندانییە سیاسییەکان‌و**
**بە ڕەسمیی داوای لێکراوە، کە ئەو**
**مووچەیە بداتە زیندانییە سیاسییەکان**

# کـاڵا چـیـنـیـیـەکـان کـوردسـتـان دادەپـۆشـن

سیروان عەول

**بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بە کەلوپەلی (چین)ی داپۆشراون‌و بازرگانانی کورد ڕوویانکردووەتە هاوردەکردنی کاڵای چینی، لە کاتێکدا هاوڵاتییانی کوردستان بە گومانەوە لە کوالێتی ئەو کاڵایانە دەڕوانن.**

کاتێک بە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا دەڕۆیت، کاڵا چینییەکان کەمترین نرخیان هەیەو زۆرترین ڕێژەشیان هەیە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەشێوەیەک بە هەر کاڵایەک بوترێت مارکەی چینییە خەڵک خۆی لێدووردەخاتەوە.

حاجی ئامانج عومەر، کە تازە لە وڵاتی بەریتانیا گەڕاوەتەوە، نیگەرانی خۆی لە کاڵای چینی نیشانداو بۆ ڕۆژنامە وتی «زۆربـەی بازرگانەکانی ئێمە لەپێناوی دەستکەوتی خۆیاندا هـەمـوو شتێک دەکـەن‌و گوێ بە شێوازی هێنانی ئەو کەرەستانە نـادەن، خاڵی سەرەکیی لای ئـەوان بەدەستهێنانی ئەو بڕە پارەیەیە کە دەستیاندەکەوێت، حکومەتیش هیچ لێپرسینەوەیەک ناکات لە بەرامبەر ئەو کەرەستەخراپانەدا».

خەڵکی هەرێمی کوردستان لە کاتی بازاڕکردندا زۆر بە گومانەوە لە کاڵاکان دەڕوانـن‌و زۆر دەترسن یەکێک بێت لەو کاڵایانەی کە لە چین تەقلیدی کراوەتەوەو کاڵا ئەسڵیەکە نەبێت، چونکە نرخی کاڵا ئۆرجیناڵەکان بەرزترەو کوالێتیشیان بەرزترە.

ڕێباز محەمەد، هاوڵاتییەکی خەڵکی سلێمانییەو حکومەت‌و بازرگانەکان بە هۆکاری هێنانی ئەو شمەکانە دەزانێت‌و دەڵـێـت: تا ئێستا حکومەت فلتەری بۆ هیچ کەرەستەیەک نییە، دەبوایە یەکەم کاری حکومەت دانانی فلتەر بووایە بۆ کەرەستەکان، ئینجا ڕێگەی بە بازرگانەکان بـدایـە، بـۆ ئـەوەی کـەرەسـتـەی خـراپ نەهێنرێت.

ڕێـبـاز بەپێویستی دەزانـێـت ئەو کەرەستانەی کە دەهێنرێن باش بن‌و گرەنتی چەند ساڵێکیان هەبێت، لەم بارەیەوە وتی: «کێشە لە گرانی‌و هەرزانیی نرخەکاندا نییە، کێشە لە جۆری کاڵاکەدایە، بەڵام بازرگانەکانی ئێمە تەنیا بیر لە دەستکەوتی مادیی دەکەنەوە».

هـەرزانـیـی نرخی کـاڵا چینییەکان بەبەراورد بە کاڵا ئەورووپی‌و ئەمریکییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی کاڵا چینییەکان لە بازاڕەکانی هەرێمدا ساغببنەوە، بەڵام هەندێکجاریش فرۆشیاران فێڵ لە کڕیاران دەکـەن‌و کاڵای چینییان بە نرخی کاڵای ئەورووپی‌و ئەمریکی پێ دەفرۆشن.

ئـازاد حـەسـەن، خـاوەنـی یەکێک لە وەرشەکانی چاککردنەوەی مۆبایل وتی: «زۆربـەی دوکانەکان کەرەستەی چینی دەفرۆشن‌و ئەم کەرەستانە بە ڕێژەیەکی زۆر خراپ دەهێنرێتە شـارەوە، ئەمەش پەیوەندیی بە حکومەت‌و بازرگانەکانەوە هەیەو هۆکاری سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕە پارەیەی کە دەست بازرگانەکان دەکـەوێـت لە ساغکردنەوەی ئـەو کاڵا چینییانەدا».

بـازرگـانـانـی هـەرێـمـی کوردستان چەند ساڵێکە بەشێوەیەکی سـەرەکی ڕوویانکردووەتە وڵاتی چین‌و کاڵا کوردییە خۆماڵیەکانیش وەکو قاتی شاڵ لە وڵاتی چین تەقلید دەکەنەوە.

ڕێبین عـەبـدول ڕەحـمـان، خاوەنی پێشانگای کـاروان بۆ مۆبایل، یەکێکە لەو بازرگانانەی کە زیاتر لە (٥٠) جۆر کەرەستەی چینی لەڕێگەی دوبەیەوە دەهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە.

ڕێبین هێنانی جـۆرە خراپەکانی کەرەستەی چینی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە هەرزانن‌و زۆر لە بازرگانەکان هەرزانیی نرخەکانیان بـەلاوە گرنگترە لە چاک‌و خراپیی کەرەستەکان.

ڕێبین ئەوەشی نەشاردەوە، کە ئەو کەرەستانەی کە بازرگانەکانی ئێمە داوای دەکەن لە وڵاتی چین بە دەرەجە ٣ ئەژماردەکرێن، وتیشی: «کام جۆرەیان خراپترو هەرزانترینیانە، ئەوان داوایدەکەن‌و لە هەرێمی کوردستان سێ قاتی ئەو نرخە دەکاتەوە».

خاوەنی پێشانگای کاروان بۆ مۆبایل ئاماژەی بەوەشکرد، کە بازرگانەکانی وڵاتی ئێمە تەنیا بیر لەو داهات‌و پارەیە دەکەنەوە کە دەستیاندەکەوێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو کەرەستەیەی دەیهێنن بۆ چەند مانگ‌و ساڵ کاردەکات، حکومەتیش هیچ لێپرسینەوەیەکی نییە لە هێنانی چاکی‌و خراپیی ئەو کەرەستانە».



# قەزای سۆران سیستمی تەکسی تێدا نییە



ئەحمەد باڵەکی

ناوەندی قەزای سۆران لە ٣٢ گەڕەک پێکهاتووەو ناحیەکانی سیدەکان‌و خەلیفان‌و دیانا سەر بەم قەزایەن‌و گەورەترین قەزای پارێزگای هەولێریشە، بەڵام تا ئێستا سیستمی تەکسی لەم قەزایەدا نییەو هاوڵاتییان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی هاتوچۆ دەکەن.

قەزای سۆران لەماوەیەکی زۆرکەمدا رووی لە زیادبوون کردووەو چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام هێشتا کەموکورتی زۆرەو هۆتێل‌و سیستمی تەکسی تێدا نییە.

حەمەدەمین نەبی کە شوفێرێکی هێڵی هەولێرە، بە رۆژنامەی راگەیاند «ئێمە کە لە خەتی هەولێر-سۆران کاردەکەین بە راستیی بێزاربووین، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان لە دەرەوەی گەراج نەفەر هەڵدەگرن‌و دەیبەن بۆ هەولێر، ئەمەش وایکردووە مافی ئێمە بخورێت، بێئەوەی لێپێچینەوە هەبێت».

ئەو شۆفێرە دەڵێت «ئێمە کە لەو خەتەدا کاردەکەین، هەیە دوو خێزان بەڕێوەدەبات، هەشمانە ئەرکی یەک خێزان بەڕێ دەکات، جا بۆیە داواکارم لە حکومەت‌و لە بەرپرسان کە رێگەچارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە».

قەزای سۆران یەکێکە لەو قەزایەی کە بەرپرسانی حکومیی بەردەوام بەڵێنی ئەوە بە خەڵکەکەی دەدەن کە دەیکەن بە پارێزگا، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە سیستمی تەکسیش بۆ قەزای سۆران دابینبکەن.

ملازمی یەکەم سالار تەحسین، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران، بە رۆژنامەی راگەیاند «راستە لە سۆران سیستمی تەکسی نەفەرات نییە، بەڵام لە زۆربەی شارەکانی دیکەی هەرێمیش سیستمی تەکسی نەفەرات نییە».

بەڕێوەبەری بەشی راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران وتیشی: «راستە بوونی تەکسی نەفەرات شتێکی شارستانییە، ئێمە لەجیاتی ئەوە چەندین نووسینگەی تەکسی تەلەفۆناتمان هەیە لە سۆران، کە ژمارەی تەلەفۆنانیان بڵاوە لای هاوڵاتییان‌و بەنرخێکی گونجاو بۆ ناوشارو بۆ شارەکانی دیکەی هەرێم، ئەم تەکسی تەلەفۆناتانە بە شەوو بە رۆژ خەفەریاتیان هەیە لە خزمەتی هاوڵاتییاندان بۆ هەر شوێنێکی کوردستان بێت».

ئەو هاوڵاتییانەی کە یەکەمجارە دەچنە ناوەندی قەزای سۆران‌و کاریان بە تەکسی دەبێت زۆر چاوەڕوانی تەکسی دەکەن، بەڵام دەستیان ناکەوێت، بەبێ ئەوەی بزانن کە لەو قەزایەدا سیستمی تەکسی بوونی نییە.

ئاری عەزیز یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە شاری هەولێرەوە بۆ خوێندن چووەتە قەزای سۆران، ئەو دەگێڕێتەوە «یەکەم جارم بوو هاتبوومە سۆران کاتێکی زۆر لەسەر شەقام وەستام چاوەڕوانی تەکسیم دەکرد بچمە ناو بازاڕ، بەڵام هەرچی ئۆتۆمۆبێل دەهات هەمووی هەر تایبەتی بوو، تا کاتێک کەسێکی دیکە دەستی بۆ ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی راگرت‌و منیشیان هەڵگرت تا بازاڕ.

# بەهۆی کەمتەرخەمییەوە، دوو منداڵ گیان لەدەستدەدەن

ئارام نەجیم

هەڵەبجە

هاوڵاتییانی هەڵەبجەی شەهید نیگەرانن لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارەو پێیانوایە، وەک پێویست لە خزمەت هاوڵاتییاندا نین‌و باوکی منداڵێکیش بە تۆمەتی کەمتەرخەمی‌و هۆکاری مردنی منداڵەکەی، سکاڵا لەسەر بەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەی هەڵەبجەی شەهید تۆماردەکات، ئەمەش دووەم منداڵە کە لەماوەی (١٥)رۆژدا گیانی لەدەستداوە.

عەلی سالح کە مامی یەکێکە لەو منداڵانەی گیانی لەدەستداوە بە رۆژنامەی راگەیاند «ئێمە منداڵەکەمان برد، هیچ کەسێک نەهات بە دەممانەوەو چاوەڕوانییەکی زۆرمان کێشا، پاشان پێیانڕاگەیاندین کە دکتۆرەکە چووەتەوە بۆ سلێمانی کە دەبوو لەوێ بێت، کەمتەرخەمییەکان بوونە هۆی گیانلەدەستدانی منداڵەکە».

دکتۆر هونەر جەعفەر، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی هەڵەبجە وێڕای تەئکیدکردنەوە لە مردنی منداڵێک‌و تۆمارکردنی سکاڵایەک لە دژی بەشی منداڵبوون، بۆ رۆژنامە وتی «حاڵەتێکی مردن هەبووەو داوای یاسایشیان تۆمار کردووە، بەڵام حاڵەتی دووەم لە پزیشکی دادوەری بووە، ئەگەر کەمتەرخەمییەکیش هەبووبێت پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، نەک بەشی منداڵبوون».

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی هەڵەبجە ئەوەشی نەشاردەوە کە نەبوونی دکتۆری (موقیم ئەقدەم) کاریگەریی کردووەتە سەر بەشی منداڵبوون کە ئەو حاڵەتەی دروستکردووە، وتیشی چەندینجار داوای دکتۆری (موقیم ئەقدەم)مان کردووە، بەڵام تائێستا بۆمان دابین نەکراوە».

## وەڵامێک بۆ کوردستانی نوێ

ئێمە لە بەردەم قۆناغێکی گۆڕانی گشتیداین، دەکرێت ئەم قۆناغە ئەو دیموکراتییەتەبێت ئۆپۆزسیۆن بگۆڕیت بۆ دیموکراتییەکی هەقیقی، لەم نێوەندەشدا کرانەوەو ئاشکرابوونی ژمارەکانی ئەودیو دیوارە کۆنکرێتییەکان، خۆ خستنە بەردەم رای گشتیی، یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی ئەم گۆڕانانە، لێرەوە دەمەوێت وەڵامی کوردستانی نوێ بدەمەوە، کە لە ژمارە (٥٠٤٧) لە (٢٠٠٩/١٢/١٤)، کە فەرمانگەی پۆستەو گەیاندنی سەیدسادق ناوی (١٧٠٠) کەسیان نووسیوە (تەنیا بە ژمارە)، بۆیە بەم چەند خاڵە وەڵامیان دەدەمەوە:

یەکەم: ئەو دوو هێڵە یەکەمیان بۆماڵی باوکم بووە، هێڵی دووەمیان لەگەڵ وەرگرتنیدا بۆ هاوڵاتی (غەریب حەمەسالح حەمە عەبدوڵڵا) بووە، کە هاوڵاتییەکی دانیشتووی سەیدسادقە، بەڵام بەناوی منەوە بووە، نەک بۆ ماڵی خۆم، چونکە من ماڵم لە سلێمانییە.

دووەم: لەو ماوەیەدا نە من، نە هاوڵاتی (غەریب حەمەسالح حەمە عەبدوڵڵا) ئاگادارنەکراوینەتەوە، وەساڵیشی بەسەردا تێنەپەڕیوە وەک ئاماژەیان پێداوە.


سێیەم: (١٧٠٠) کەس بەمشێوەیە بۆ تەنیا ناوی پەرلەمانتار لە تایتڵەکەیدایە، با هەموویان بە لیست داببەزاندایە.

چوارەم: پێیانڕاگەیاندم، کە بە مەبەست دەیانەوێت ئەم کارە بکەن وەک هەموو کارەکانی دیکەیان.

دوای هەموو ئەمانە، با کوردستانی نوێ بپرسێت لە هەموو ژمارەکانی سەرفکردنی بودجەیەکی گەورە وەک دەسەڵاتی چوارەم، نەک خۆی بە شتی جوزئییەوە خەریک بکات، ئەولەویەت بۆ ژمارە گەورەکانەو پێویستە وەک بنەمای زانستی رۆژنامەگەریی بڵاوکراوەکان بە دۆکیۆمێنتەوە بێت، تا بچێتە خانەی باوەڕپێکردنەوەو کۆنکرێتی بێت، چونکە ئەمجۆرە پڕوپاگەندانە لە متمانەی کوردستانی نوێ کەمتر دەکاتەوە، هیوادارم نەکەونە هەڵەی لەو جۆرەوە.

**سەرهەنگ فەرەج محەمەد- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

تێبینی: ئەم بابەتەم نارد بۆ (کوردستانی نوێ) پاش ئەوەی هەندێک تێبینیان هەبوو لەسەر پسووڵەی تەلەفۆنەکە، بەڵام پاش چارەسەرکردنی ئەوەش دوور لە هەموو ئیتیکێکی رۆژنامەوانی، بابەتەکەیان بەشێوەیەکی کەموکورت بڵاوکردبووەوەو بەمەبەست چەند دێڕێکیان لێ دەرهێنابوو.



# ئۆتۆمبێلی پەیمانگا، بۆ کاری حیزبیی بەکاردەهێنرێت

ئارام نەجیم

ژمارەیەک خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەڵەبجە، نیگەرانن لەوەی کە راگری پەیمانگاکەیان ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ کاری حیزبیی بەکاردەهێنێت‌و ئاشکراشی دەکەن، کە مامۆستا حیزبییەکان بەبیانووی ئەوەی کە ئەو ئۆتۆمبێلە لەلایەن حیزبەوە بۆیان کردراوە بۆ زۆربەی کارەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن‌و بەشەکانی دیکەیان فەرامۆشکردووە.

رەفیق لایەق، راگری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەڵەبجە بە رۆژنامەی راگەیاند «ئەو ئۆتۆمبێلەی باسی لێدەکەن، لەلایەن منەوە بۆ کاری حیزبیی بەکارهاتووە، خۆی حیزب بۆی کڕیوین، رۆیشتنیشی بۆ سلێمانی بۆ کاری حیزبیی نەبووە، بەڵکو بۆ چوونی ژمارەیەک لە خوێندکارەکان بووە بۆ چڵەی سەرکردەیەکی ئەم ناوچەیە کە مامی یەکێک لە خوێندکارەکان بووە».

لەلایەکی دیکەوە، خوێندکار کەیوان تاهیر لە قۆناغی چوارەمی بەشی شانۆ بە رۆژنامەی راگەیاند «ئۆتۆمبێلی پەیمانگاکەمان بۆ کاری حیزبیی بەکاردەهێنرێت، کە ئێمەش داوای دەکەین بۆ گەشت، دەڵێن دەبێت لە وەزارەت ئیجازە وەربگرن، ئایا بۆ ئەو گەشتانەی سلێمانی ئیجازەی وەزارەتیان وەرگرت».

ئەو خوێندکارەی بەشی شانۆ وتیشی «ئۆتۆمبێلەکە رەقەمی شینەو لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە کە ئۆتۆمبێلەکە لەژێر دەستی مامۆستا حیزبییەکاندایەو بەشی شانۆ بە تەواوی پشتگوێخراوە، باوکی خوێندکاریشمان مردووەو ئۆتۆمبێلیشیان نەداوینەتێ».

لەئێستادا راگرایەتیی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەڵەبجە بۆ هەر گەشتێک، داوا لە خوێندکاران دەکات کە مۆڵەتی وەزارەت وەربگرن‌و بە نووسراو داوای بکەن‌و لە دوای گەڕانەوەشیان نووسراوێک یان راپۆرتێک لەسەر گەشتەکەیان بخەنەڕوو.

مامۆستا هونەر ساحب، مامۆستای بەشی پەیکەرسازیی بە رۆژنامەی راگەیاند «ئامادەنیم نووسراو و راپۆرت بەرزبکەمەوە بۆ راگرایەتی، لەکاتێکدا شۆفێرەکە ئیفادی بۆ بنووسرێت‌و ئێمە بەدەربکرێین لەو ئیفادەو دواتریش پێمان بڵێن ئاگادار نەبووین کە رۆیشتوویت».

# ناوی دەیان بەڕێوەبەری بنکەکانی هەڵبژاردن دەخرێنە لیستی ڕەشەوە

**بەرهەم عومەر**



کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکان لە عـێراق، دووبـارە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانە دەکاتەوە بە ڕێکخەری بنکەکانی هەڵبژاردن، کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم لە (٧/٢٥)دا کاریان بۆ کۆمسیۆنی باڵا دەکـردو ڕەخنەی لایەنگیریان لێ دەگیرا لەلایەن لیستە بەرهەڵستکارەکانەوە.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئاماژەی بەوەکرد؛ کە هەر بەڕێوەبەرێکی خوێندنگە بە بەڵگە سەلمێنرابێت‌و سکاڵای لەسەر تۆمارکرابێت، کە لایەنگیریی‌و خروقاتی ئەنجامداوە، لـەو پـەیـڕەوەی بۆیان دەستنیشانکراوە سزا دراوەو جارێکی دیکە بـۆی نییە لە کۆمسیۆندا هیچ بەرپرسیارێتییەک لەئەستۆ بگرێت.

هۆگر چەتۆ، سەرۆکی تۆڕی ڕۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، باسی لەوە کرد، کە بەپێی ڕاپۆرتی گشتیی تۆڕەکەیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هـەرێـمـی کـوردسـتـان لـە (٧/٢٥)ی ئەمساڵدا، سێ بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە ڕێکخەری کارەکانی کۆمسیۆن‌و بەڕێوەبەری بنکەکانی دەنگدان بوون، خروقات‌و لایەنگیریان کردبوو بۆ لایەنە بەشدارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئـەوانـەش لـەلایـەن کۆمسیۆنەوە ئیجرائاتیان بەرامبەر کرابوو.

لە کۆی ئەو (٦٠) حاڵەتی خروقاتەی تۆڕی ڕۆژ لە ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیاندا ئاماژەیان پێکردووە، هۆگر نموونەی بنکەیەکی دەنـگـدانـی شـەقـڵاوەی باسکرد، کە ژمارەی دەنگدان زیاتر بووە لە ئاستی دیاریکراو، بەبێ گەڕانەوە بۆ فۆرمی (١١١)و لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئـامـاژەیـان پـێـکـردووە، بەوپێیەش کۆمسیۆن سندوقەکانی ئەو بنکەیەی هەڵوەشاندەوەو دەنگەکانی ئەژمار نەکرد.

سـەرۆکـی تـۆڕی ڕۆژ، دڵنیایی خـۆی خستەڕوو لـەوەی کۆمسیۆن بەپێی ڕێساکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرو کارمەندەکانی خۆی دەکات، بەوپێیەی لە ڕاپۆرتی کۆتایی کۆمسیۆندا، بە ڕوونی دیارە کە ڕێوشوێنی پێویست گـیـراوەتـەبـەر بـۆ سـزادانـی مادیی‌و مەعنەویی ئەو کارمەندانەی لایەنگیریان کردووە.

هـــەروەهـــا هـــۆگـــر بـــاســـی لە ئامادەسازییەکانی تـۆڕی ڕۆژ کرد بۆ هەڵبژاردنی ئایندەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی ئـەو ئـەزمـوونـەی کارمەندەکانیان وەریانگرتووە لە هەڵبژاردنەکانی رابـردوودا، وەکو: ڕاگەیاندنی کاتژمێر بە کاتژمێری ڕەوشـی هەڵبژاردن لە بنکەکانداو چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە قۆناغی بانگەشەوە تا ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی.

بـەڕێـوەبـەری قـوتـابـخـانـەکـان بەوپێیەی بەرپرسیارن لە کەلوپەل‌و پێداویستییەکانی خوێندنگەکانیان، لەبەر ئەوە زۆرینەیان کراونەتە بەڕێوەبەری بنکەی دەنگدان‌و کارەکانیان ڕاپەڕاندووە لە هەڵبژاردنەکانی رابـردوودا، بەڵام پێدەچێت هەندێکیان لە لیستی ڕەشدابن‌و کۆمسیۆن بە ناچاریی دووبـارە دایان بنێتەوە وەکو بەرپرسی بنکە.

هۆگر چەتۆ پێیوابوو؛ ئەگەر دووبارە نـاوی ئەو بەڕێوەبەرانەی خراونەتە لیستی ڕەشەوە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەستنیشان کرابێتنەوە بۆ بەرپرسیارێتی بنکەکانی دەنگدان، ئەو کاتە پێویستە هـەمـوو لایـەک فشار بخەینە سەر کۆمسیۆن بۆ ئەوەی کەسانی شیاوتر بۆ ئەو کارانە دیاری بکات.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، ئاماژەی بەوەشکرد، کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (١٠) هەزار ناوەندی دەنگدان هەیەو کۆمسیۆن پێویستی بە (٥٠) هەزار کارمەند هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کـارەکـانـی، لەبەر ئـەوە لە ئێستاوە ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتەبەرو ڕێگە نادرێت بەهیچ کارمەندێک لایەنگیریی بکات‌و خروقات ئەنجام بدات.

عەبدولڕەحمان هەروەها وتی: «بۆ ئـەوەی پـرۆسـەی هـەڵـبـژاردن پاک‌و بێگەرد ئەنجام بدرێت، ئێستا ناوی دەیان بەڕێوەبەری بنکەی هەڵبژاردن لە لیستی ڕەشدان، کە پێشتر بەرپرس‌و کارمەندی بنکەو وێستگەکان بوون، بەڵام بەهۆی لادان لە ڕێنماییەکان سزادراون».

# حکومەت هۆکاری پەرەسەندنی بێکارییە

**ئەحمەد حەمە ساڵح**

سـەرجـەم تاکی کـوردی بـە ئاستە جیاوازەکانییەوە تا کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و لایەنە سیاسییەکانیش، هەمووان کۆکین لەسەر بوونی بێکاریی لە کوردستاندا، کە بووەتە یەکێک لە کێشە گەورەکان‌و گرفتێکی ڕۆژانەی نێو ماڵی کوردیی.

**بێکار:** ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە سەروو (١٨) ساڵەوەیەو هیچ کارێکی نییە سوودی لێوەربگرێت بۆ دابینکردنی بژێویی ڕۆژانەی خۆی، بەتایبەت لە نێو گەنجان‌و ژناندا، کە کەمیش نین ئەو توێژەی کۆمەڵگە هەتا تەمەنێکی زۆریش چاوەڕێی دەستی گەورەکانیان لەنێو خێزاندا کە هاوکاریی مادییان بکات، یان کەمبوونەوەی دەرامەتی تاکەکەسە کە داهاتی ڕۆژانـەی بەشی پێداویستییەکانی ناکات، یـان خاوەنی مووچەیەکە، بەڵام بەشی بژێویی ژیانی ناکات، ئەمجۆرە کەسانەش لە ڕاستیدا بێکارن، ڕەنگە کەمتواناو پەککەوتەبن، یان خـاوەن پێداویستی تایبەتن یان بێ سەرپەرشتیداربن، کە بۆ بژێوییان پشت بەداهاتی کەسانی دیکە دەبەستن، بەتایبەت گەورەکانیان (بەخێوکەریان) لە خێزاندا، ئەمەش پێویستە لەلایەن حکومەتەوە مووچەیان بۆ دابینبکرێت، ئەگەر کاری شیاو بە توانای خۆشیان هەبوو بخرێنە سەرکار.

بێکاریی دەکرێت بە سێ بەشەوە:

**یەکەم:** بێکاریی بەریەککەوتن، ئەمجۆرە بێکارییە کاتێک ڕوودەدات کە جۆری کار گۆڕانی بەسەردادێت.

**دووەم:** بێکاریی وەرزیی.

**سێیەم:** بێکاریی شاراوە (موقەنەعە).

بێکاریی دەبێتە هۆی دابڕان لە هەموو بوارەکانی ژیان‌و کاریگەریی لەسەر باری (کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و خێزانی‌و تەنانەت کەسایەتی‌و.... هتد) دەکـات، تا دەگاتە ڕادەی سستبوونی هەستی هاوڵاتیبوون‌و نەتەوایەتیی.

بێکاریی کاتێک دەبێتە دیاردەیەکی مەترسیدار کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بگرێتەوە، هۆی سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆنزمبوونەوەی باری ئابووریی یان نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەی بواری ئابووریی وڵات هەر لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی‌و چۆنێتی دابەشکردن‌و سەرفکردنی ئەو داهاتەی کە هەیە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەداو بەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا، تا نایەکسانی ئابووریی بەهێزبێت لە کۆمەڵگەدا، بێکاریی لە زیادبووندا دەبێت، ئەمەش بە ڕوونی لە کوردستاندا دەبینرێت.

ساڵانێکە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا یەکێک لە ڕەونەقترین دروشمەکانی لایەنەکان نەهێشتنی بێکاریی بووە، بەڵام بێکارییش تائێستا هەر لە زیادبووندایەو بە مەترسییەکی زۆر زیانبەخش دەبینرێت.

لایـەنـە سیاسییەکان‌و حکومەتیش یەکێکن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان‌و فراوانبوونی دیاردەی بێکاریی، بەجۆرێک لە فەرمانگەکانی حکومەتدا کەم نین ئەو فەرمانبەرانەی کە ڕۆژانـە تەنیا دەوام دەکـەن‌و کارناکەن، یان هەر دەوامیش ناکەن‌و مووچەخۆرن، ئەمانەش خۆیان لە بێکاریی شاراوە (موقەنەعە) دەبیننەوە.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەوەندەی کار بۆ دروستکردنی باڵەخانەی بەرز کراوەتەوە لەلایەن حکومەت‌و کەرتی تایبەتەوە، نیو ئەوەندە بیر لە کارگەی بەرهەمهێنەر بکرایەتەوە ژمارەیەکی باشتر لە بێکاری خۆماڵیی هەلی کاری بەردەوامی دەستدەکەوت، لەکاتێکدا ئەو بینا بەرزانە تائێستاش هەر بەچۆڵیی ماونەتەوەو بازاڕیان نییە.

سەرەڕای بوونی بێکاریی لە کوردستاندا، جـۆرەهـا خەڵکی جـیـاواز لە کرێکاری بیانیی هێنراونەتە کوردستانەوە، لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆری کوردستان بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن.

ئەگەر بیانوو ئەوەبێت کە بیانییەکان لەو بوارەی کۆمپانیاکان پێویستیانە شارەزاو بە ئەزموونن، ئەوە دەکرێت کەسێکی شارەزا لە وڵاتانی دیکەوە بهێنرێت‌و سەدان خەڵکی خۆماڵی سوودی لێوەربگرن، یان ئەگەر پاساوی هێنانی ئەو کرێکارانە ئەوەبێت ئەو جـۆرە کـارەی کرێکارە بیانییەکان دەیکەن، کرێکاری خۆماڵیی پێی ڕازی نییە، دەکرێت ئەو پارەیەی بۆ کرێکارێکی بیانیی سەرفدەکرێت وەک مووچە بدرێت بە بێکاری خۆماڵیی‌و وەک فەرمانبەرێکی حکومیی، ئەوکاتە ئەو بیروڕایانەش نامێنێت.

لـە ڕاستیدا ئـەوەی پەیوەندیی بە گوندەکانەوە هەیە، لەبیرمان نەچێت لە ڕاپەڕینەوە هەتا ئەمڕۆش ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تەنیا کاری گوندنشینەکان خۆیان بووە، لەگەڵ پێدانی پێداویستییەکی کەم لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە، بەتایبەت لەساڵانی نەوەدەکاندا.

بەداخەوە جوتیارانی کوردستان لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە هـەر بە بێکاریی ماونەتەوە، زەوییەکان بێبەرهەم‌و بێ داهات‌و گوندەکان هەر بە چۆڵیی، یان نیمچە ئاوەدانیی ماونەتەوە، لە ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ هەردوو کەرتی کشتوکاڵی‌و پیشەسازیی لە کوردستاندا لە سستییەوە بەرەو نەمان دەڕوات.

لە کۆتاییدا دەپرسین ئایا کارکردن بۆ پێشخستنی هەردوو کەرتی (کشتوکاڵی‌و پیشەسازیی) نابێتە هـۆکـارێـک بۆ بـووژانـەوەی ژێرخانی ئابووریی‌و کار دۆزینەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بێکاران‌و خاوەن دەرامەتە کەمەکان؟



حکومەتی هەرێم چی کردووە بۆ کەمکردنەوەی بێکاریی؟

## دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان:

# دەیسەلمێنین حکومەتی هەرێم ڕێکەوتنی هەیە بۆ ناردنەوەی پەنابەران

شارا عەبدولڕەحمان

**ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی دانیشتووی بەریتانیا بەزۆرو «بە ئاگاداریو ڕەزامەندیی» حکومەتی هەرێم بەردەوامەو دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانیش وێڕای نارەزاییو نیگەرانییان، ئاماژە بەوە دەکەن، کە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی ئەو پەنابەرانەو سەر لە نوێ خستنەوە ناو کۆمەڵیان، لە ئەرکە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمە.**



شەوی (٢٠٠٩/١٢/١٨) زیاتر لە (٥٠) پەنابەری دیکەی کوردی دانیشتووی بەریتانیا، کە تائێستا مافی مانەوەیان پێنەدراوە بەزۆر نێردرانەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، کە لەوێ هێزێکی زۆری ئاسایشو پۆلیس لە چاوەڕوانییاندا بوونو پاسی تایبەتی بۆ گواستنەوەیان تا دەرەوەی فڕۆکەخانە بۆ تەرخانکرابوو، لەناو فڕۆکەکەشدا پەنابەرەکان هێزێکی کۆماندۆی (G4S)ی بەریتانی لەگەڵیاندا هاتبوونو چاودێری وردیان دەکردن.

سۆران، یەکێکە لەو پەنابەرانەو لەبارەی دیپۆرتکردنەوەکەیان وتی: «وەک ئەوەی تاوانباربینو لە دەستی یاسا هەڵاتبین هێزێکی کۆماندۆی بەریتانی لەناو فڕۆکەکەدا لەگەڵمانبوون، جێگەش نەبوو دانیشن، بەڵام هەر هاتن، جگە لەوەی لە فڕۆکەخانەش حکومەتەکەی خۆمان هێزێکی زۆری ئاسایشو پۆلیسی لە کەمیندا بۆ دانابووین وەک ئەوەی دوژمن هاتبێت، تەنانەت یەکێک لە برادەرەکانمان کە نەیویست دابەزێت بەشەقو بۆکس دایانبەزاند، ئەمەش بەخێرهاتنەوەیەکی جوان بوو بۆ کوردستان».

ئەو پەنابەرانە چەند ڕۆژێک لە گرتووخانەی برۆک هاوس لە بەریتانیا دەستبەسەربوونو ڕۆژی (١٢/١٨) لە گرتووخانەوە گواستوونیانەتەوە بۆ فڕۆکەخانەو ڕاستەوخۆ بەرەو کوردستان نێردراونەتەوە، لە هەرێمیش بێ هیچ دوودڵییەک وەرگیرانەوە.

ئامانج عەبدوڵڵا، سکرتێری دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان ڕوونیکردەوە، کە ئاگاداری هەموو ئەو پەنابەرانەن کە ڕۆژانە دەنێردرێنەوە بۆ هەرێم، وتی: «چەند جارێک سەردانی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانمان کردووە بۆ ئەوەی ئاوڕێک لە حاڵی پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی دەرەوە بدەنەوەو ڕێگەنەدەن، کە ئەو وڵاتانە بە ئارەزووی خۆیان یاریی بە چارەنووسیان بکاتو هەرکات بیەوێت دەستبەسەریان بکاتو بیاننێرێتەوە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە».

لەلایەکی دیکەوە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق پێنجشەممەی ڕابردوو (٢٠٠٩/١٢/١٧)، لەبەردەم قونسوڵخانەی بەریتانیا لە لەندەنی پایتەختی ئەو وڵاتە خۆپیشاندانێکیان سازکردو داوای وەستاندنی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عێراقییان بۆ وڵاتەکەی خۆیان کرد، کە لە خۆپیشاندانەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانانی مافی مرۆڤو پەنابەرانی چەندین وڵاتی جیاوازو چەند ئەندام پەرلەمانێکی وڵاتەکە بەشدارییان تێدا کردبوو، بەڵام بە وتەی ئامانج هیچ بەرپرسێکی کورد کە لەو وڵاتەن نەک هەر بەشدارییان نەکرد، «بەڵکو تائێستا حکومەتی هەرێم خۆی بەخاوەنی ئەو کێشەیە نازانێت»، لە کاتێکدا کە تا مانگی ئەیلولی ئەمساڵ (٣٢٠٣) پەنابەری کورد تەنیا لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان دیپۆرتکراونەتەوەو سەدانی دیکەش لە وڵاتەکانی سویدو نەرویجو دانیمارکو سویسراوە نێردراونەتەوە، جگە لەوەی نزیکەی (١٠٠٠) پەنابەری دکەیش بە مەبەستی ناردنەوەیان دەستگیرکراون.

پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان لە کوردستان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی وەک نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونو بێ کارییو بێ بڕوانامەییو قەرزارییو نەخۆشیی خەمۆکی بوونەتەوە بەشێوەیەک، کە بەپێی ئامارەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران لە ماوەی ساڵی ڕابردووەوە تا کۆتایی مانگی ڕابردوو (٣) لەو پەنابەرە دیپۆرتکراوانە کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە.

ئامانج دەڵێت: «حکومەتی هەرێم دەبێت تێبگات لەوەی، کە هەروەک چۆن لە کۆمەڵگەکەیدا کێشەی کۆمەڵایەتیو تەندروستیو پەروەردەییو بێ کارەباییو ژن کوشتنو چەندین کێشەی دیکە هەیە، ئاواش کێشەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان هەیەو پێویستە ئاوڕیان لێ بداتەوە، چونکە هەر ئەوان بوون لەدەست بێ کارییو قورسی ژیانو سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا ڕایان کرد، ئێستاش بوونەتە سووتەمەنی ئەو کەمتەرخەمییەی، کە حکومەت بەرامبەریان ئەنجامی دەداتو بێئومێدبوون لەو بێ هەڵوێستییەی حکومەتی هەرێم».

لەماوەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم بێئاگایی خۆی لە ناردنەوەی پەنابەران نیشانداو بەفەرمی ڕایگەیاند: هیچ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا مۆرنەکردووە، کە پەنابەرانی کورد بنێرنەوە کوردستان.

هاوکات نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەیسەلمێنین لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لە بەریتانیا کۆبوونەوەیەک کراوە بە ئامادەبوونی شانازی ئیبراهیم ئەحمەد، نوێنەری یەکێتی لە بەریتانیاو بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێم لەو وڵاتەو ئەحمەد بەیاتی، نوێنەری حکومەتی عێراق لەگەڵ چەند بەرپرسێکی وڵاتەکە، باس لە ناردنەوەی پەنابەرەکان کراوەو حکومەتی هەرێم هیچ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ وڵاتاندا بۆ ناردنەوەی پەنابەران مۆرنەکردووەو بە هیچ جۆرێکیش لەگەڵ ناردنەوەی پەنابەراندا نییە، چونکە جگە لەوەی کێشە بۆ ئەو پەنابەرانە دروستدەبێت، کێشە بۆ حکومەتی هەرێمیش دروستدەبێت لەوەی، کە هاوکارییان بکاتو ژیانیان مسۆگەر بکات.

بەڵام فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەڵگەیان لایە لەسەر ڕێکەوتننامەی حکومەتی هەرێمو وڵاتی بەریتانیا بۆ ناردنەوەی پەنابەران، لەوبارەیەوە ئامانج وتی: «بە بەڵگەوە حکومەتی هەرێم ڕەزامەندیی نیشانداوە بۆ ئەو مەبەستەو ڕێکەوتنی نهێنی کراوە، ئێمە ئەم بەڵگانەمان ئاراستەی پەرلەمان کردووەو داوامان لە حکومەتیش کردووە ڕووبەڕووببینەوەو بەڵگەکانیان نیشان بدەین، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون».

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانو بەندەکانی مافی مرۆڤی جیهانی، ناکرێت هیچ کەسێک بەزۆر لەو شوێنەی کە دەیەوێت تێیدا نیشتەجێبێت، ڕێی لێبگیرێت، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ کەسێک لە فڕۆکەخانە بەبێ ڤیزاو نووسراوی فەرمی وەرناگیرێتو مافی دابەزینی لە فڕۆکەخانە نییە، ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم ئاگاداری ناردنەوەی پەنابەرانەو بەپێی ڕێکەوتنێک ئەو پەنابەرانە وەردەگرێتەوە.

ئامانج ڕوونیکردەوە؛ کە ئەو پەنابەرانە نوێنەری ئەو وڵاتەیان لەگەڵدایە کەلێی نێردراونەتەوە لە فڕۆکەخانەش پرس دەکات، ئەگەر حکومەت ڕەزامەند نەبێت لە ناردنەوەیان، ئەوا بە هەمان فڕۆکە دەیانگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی نێردراونەتەوە، «هەروەک ئەو حاڵەتەی مانگی ڕابردوو لە فڕۆکەخانەی بەغدا ڕوویداو حکومەتی عێراق ئامادەیی نیشان نەدا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پەنابەرانەی لە بەریتانیاوە نێردرابوونەوە، بۆیە بە هەمان فڕۆکە گەڕێنرانەوە بەریتانیا».

بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ناردنەوەی پەنابەرانیش فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە بڕیارێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووەو لە پڕۆژەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە بەهۆی ئەوەی هاوڵاتییانی دەرەوەی وڵات بەشێکی زیندووی کۆمەڵگەی کوردستانن، پێویستە هەروەک چۆن پاڵپشت بە بەرنامەی گەردوونی مافی مرۆڤو یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەر کەسێک ئازادە لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، بەوشێوەیەش هاوڵاتییانی کورد ئازادبن لە مانەوەیان لە وڵاتانی دیکەو بە هەر جۆرێک یاسایی یان نایاسایی ڕۆشتبن، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ئاسانکاریی نەکاتو ڕێگەنەدات بە گێڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان بە هەر بیانوویەک بێت، یاخود بە خواستی خۆیان نەبێت.

هاوکات پڕۆژە بڕیارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان بە پێویستیشی دەزانێت، کە لە فڕۆکەخانەو خاڵە سنوورییەکانەوە ڕێگا نەدرێت بە هیچ لایەنێک ئەو کوردانە بگەڕێنێتەوە، ئەگەر بە خواستی خۆیان نەبێت، بەڵام تائێستا ئەم پڕۆژەیە نەبووەتە بڕیار تاکو کاری پێبکرێت، ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بەردەوامە.

### فراکسیۆنی گۆڕان:

## پێویستە حکومەتی هەرێم ئاسانکاریی نەکاتو ڕێگا نەدرێت لە فڕۆکەخانەو خاڵە سنوورییەکانەوە هیچ لایەنێک بەبێ ویستی خۆیان ئەو کوردانە بگەڕێنێتەوە

# بازرگانانی کورد لە دوبەی بەشداریی پێشانگایەک دەکەن

ڕۆژنامە

لە گەشتێکی بازرگانیدا، بازرگانانی هەرێمی کوردستان سەردانی دوبەی دەکەن بۆ بەشداریی لە پێشانگایەکدا، لە ڕاگەیەنراوێکیشدا یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن؛ یەکەمجارە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانو عێراق بانگهێشتی فەرمیی لەوجۆرە بکرێن.

پێشانگاکە کە تایبەت بە دەرمانو کەرەستەی پزیشکییە، لە (٢٠١٠/ ١/٢٥) دەکرێتەوەو تا (٢٠١٠/١/٢٨) لە دوبەی بەردەوام دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتایی مانگی داهاتووەوە گەشتێکی بازرگانیی بۆ ئەو مەبەستە بەرەو دوبەی ڕێکدەخرێت.

شێخ مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: «دەیان کۆمپانیای تایبەت بە دەرمانو کەرەستەی پزیشکیی بەشداریی ئەو پێشانگایە دەکەنو ئێمەش وەک یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەرپرسانی باڵای بواری بازرگانیی ئەو وڵاتەوە بە فەرمیی بانگهێشتکراوین، ئەمەش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانو عێراق یەکەمین بانگهێشتی لەوجۆرەیە لەدوای ساڵی (١٩٩١)».

سەرۆکی یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: تائێستا ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانی بواری دەرمانو کۆمپانیا تەندروستیو پزیشکییەکان خۆیان ناونووسکردووە بۆ بەشداریکردن لەو گەشتەو پێشانگاکەدا، هەروەک دووپاتیشیکردەوە، کە سوود لە پێشانگاکە وەردەگرنو هەوڵدەدەن بانگهێشتی کۆمپانیا بەناوبانگە بەشداربووەکانی پێشانگاکە بکەن «بۆئەوەی بەپێی پێویست وەبەرهێنان لە بواری تەندروستی لە کوردستاندا بکەنو هەوڵیشدەدەین بیانکەینە هاوکار لە پێشخستنی بواری تەندروستی لە کوردستاندا».


پایتەختی کوردستان تەنها (٨٪)ی سەوزاییە

# شارەکانی کوردستان نیوەی ستانداردی جیهانیی، سەوزاییان نییە

ئارام شێخ وەسانی
هێمن محەمەد

هەولێر

**بۆ ڕێگرتن لەو فراوانبوونە ئاسۆییەی لە ساڵانی ڕابردوودا لە شارەکانی کوردستان پەیڕەوکرا، کە زۆرێک لە شارەزایان بە «نائاسایی» دەزانن، لە هەولێردا بە دوو پشتێنەی سەوزایی ڕێ لەو فراوانبوونە دەگیرێتو هەوڵدەدرێت ڕووبەری سەوزاییو فراوانبوونی ستوونی زیاد بکرێت، بەڕێوەبەری پارکەکانی هەولێریش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لە ئایندەدا هاوڵاتییان ناچار دەکەن لە خانووەکانیاندا سەوزایی هەبێت.**

فراوانبوونی لە ڕادەبەدەری شاری هەولێر بە شێوەی ئاسۆییو کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی لە شارەکەدا، شارەزایانی بواری ئابووریی‌و ئەندازیارانی تایبەتمەندی سەرقاڵکردووە، بەشێوەیەک لە هەوڵی شرۆڤەکردندان‌و وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بڕیار وایە بە پشتێنەیەکی سەوزایی بە چواردەوری شاردا ڕێگریی لەو دوو حاڵەتە بکەن.

نەوزاد ئەدهەم بەرزنجی، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان لە هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پلانیان داناوە بۆ ڕێگریی لەو دۆخە، بەوپێیەی لە زۆرێک لە وڵاتاندا ئەو پشتێنانە پەیڕەو دەکرێت بۆ زۆرکردنی ڕووبەری سەوزایی بە مەبەستی پاراستنی ژینگە، بەهۆی زۆریی ژمارەی دانیشتووان‌و کارگەکانەوە، ئەو وتی: «خاڵی شەشەمی پلانەکە بریتییە لە دروستکردنی دوو پشتێنەی سەوز بەدەوری شاری هەولێردا، پشتێنەیەکیان بەدەوری (١٠٠) مەترییەکەدایەو درێژییەکەی (٤٢)کم دەبێت، پشتێنەی دووەمیش بەچواردەوری شاری هەولێردایە، کە پانییەکەی (٢)کم‌و درێژییەکەشی (٧٥)کم دەبێت، کە پلانسازی کارەکە دراوە بە کۆمپانیایەکی لوبنانی بۆ ئەوەی تەواوی بکات».

باسی لەوەشکرد، کە بەپێی لێکۆڵینەوەکانیان، ئەو گوندانەی دەکەونە سەر پشتێنەکە، گوندەکان وەک خۆیان دەمێننەوەو سنوورەکانیان دیاریدەکرێت، وتیشی: «بەپێی ئەو ئامارەی لای ئێمەیە نزیکەی (٥) هەزار کەس دەکەوێتە سنووری ئەو پشتێنە سەوزەوەو ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەشی لەدەرەوەی شار هەیە، حکومەت هاوکاری خاوەن زەوییەکان بکات بۆ ئەوەی نزیکەی (٢٠٪) زەوییەکان بکرێنە داری بەردارو (٦٠٪)ی بکرێتە گەنم‌و جۆو دانەوێڵە، ئەوەی دیکەی کە دەمێنێتەوە دەکرێت بە دارستان».

### سەوزایی نیوەی ڕێژەی ستاندارد نییە:

لە هەرسێ شارەکەی کوردستاندا، هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک کەمترین ڕێژەی سەوزایی هەیە، بەشێوەیەک کە لە هیچکام لەو شارانەدا ڕێژەی سەوزایی بەپێی پێویست‌و ستانداردەکان نییەو وەک لە ڕابردوودا پسپۆڕان ئاماژەیان پێکردووە بە پشتبەستن بەو هەوڵانەی لە ئارادایە تا (١٠) ساڵی دیکە ڕێژەی سەوزایی ناگاتە ڕێژە ستانداردەکەی.

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر، پێیوایە بەپێی پلانێکی دیاریکراو ڕێژەی سەوزایی هەولێر دەگەیەنرێتە ستانداردی جیهانیی، وتیشی: «لە ئێستادا ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر (٨٪)ە، لەکاتێکدا کە پێویستە (٣٠٪) بێت، هەرچەندە تائێستاش کاری باش کراوە، چونکە ساڵی (٢٠٠٥) ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر (٠٣٪) بوو، لەم چوارساڵەدا ڕێژەکە زۆر بەرزبووەتەوەو پلانێکی درێژخایەنیشمان داناوە، کە ڕێژەی سەوزایی دەبێتە زیاتر (٣٠٪)»، بەڵام ئاماژەی بە ماوەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە نەکردو ڕوونیدەکاتەوە، کە پەیوەستە بەجێبەجێکردنی پرۆژەکانەوە.

بەپێی وتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانێکی (٦) خاڵیی دانراوە بۆ سەوزکردنی شاری هەولێر، کە تێیدا ئەو زەوییانەی بەپێی نەخشەی بنەڕەتی بۆ پارک تەرخانکراون، جێبەجێدەکرێن، کە نزیکەی (٥٠٠) شوێنن، کە تائێستا جێبەجێنەکراون‌و تەنیا بەشێکیان پەرژینکراون، هەروەک جگە لە پشتێنەکانی دەرەوەی شاریش شەش شوێنی دیکە دیاریکراون بۆئەوەی بکرێنە دارستانی دەستکرد بە ڕووبەری (٦٠٠) هەزار مەتر.

### پێویستییەکان بۆ زیادکردنی سەوزایی:

بەهۆی زیادبوونی پێویستییەکان‌و زۆربوونی ڕووداوی سروشتیی‌و ئۆتۆمبێل‌و دانیشتووان لە چەقی شارەکانی کوردستاندا، پێویستی بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی زۆر زیادی کردووە، بەشێوەیەک، کە ساڵانە دیاردەی خۆڵبارین‌و کەمیی بارانبارین کاریگەریی لەسەر کەشوهەوا جێدەهێڵن، هەروەک زۆریی ڕێژەی کارگەکان‌و ئۆتۆمبێل لە شارەکاندا کاریگەریی خراپی هەبووە بەشێوەیەک، کە لە ساڵی (١٩٩١) تەنیا (٣٠) هەزار ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێردا هەبووە، بەڵام ئێستا (٤٠٠) هەزار ئۆتۆمبێل هەیە.

شارەزایانی بواری ژینگە باس لەوە دەکەن، کە سەوزایی کاریگەریی دەبێت لەسەر دابەزاندنی پلەی گەرماو زیادکردنی ڕادەی شێ، پاککردنەوەی ئاوهەواو زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجین.

بەڕێوەبەری پارکەکانی هەولێر، ئاماژە بە پێویستیی سەوزکردنی زیاتری ناوشار دەکات‌و دەڵێت: «بەشێکی دیکەی پلانی سەوزکردنی شاری هەولێر، هێنانی ڕووبارێکی دەستکردە لە زێی گەورەوە، کە پێداویستییە جوانکارییەکانی بۆ جێبەجێ دەکرێت، هەروەها چەند پارکێکی گەورە دەکرێت کە تائێستا لە سەنتەری شاری هەولێردا (٦٠٠) هەزار مەتر دووجا کراوەتە سەوزاییو پێویستە چەند پارکێکی دیکەش دروستبکرێن»، ڕوونیکردەوە جگە لەوانەش خاڵێکی دیکەی پلانەکە، کە هێشتا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەوەیە، کە هەموو کەسێک کاتێک خانوو دروستدەکات (٢٠٪) زەوییەکەی تەرخان بکات بۆ سەوزایی، هەروەها هاوڵاتییان لەپێش ماڵەکانیان دار بڕوێنن، چونکە «ئەوەی ئێستا هەیە وایکردووە شێوەی شار نەشاز بێت».

# هاوڵاتییانی دۆڵی خانەقا متمانەیان بە بەڵێنی بەرپرسان نەماوە


دیمەنی گوندێکی دۆڵی خانەقا

ئەحمەد باڵەکی

سۆران

**دۆڵی خانەقا لە (١٨) گوند پێکدێت‌و لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی وەرتێی سەر بە قەزای ڕەواندزە، بەڵام ئەم گوندانە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە بێبەشن‌و هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکراوە، ئەمەش وایکردووە خەڵکی ئەم ناوچەیە متمانەیان بە بەڵێنی بەرپرسان نەمێنێت.**

زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس لەوەدەکرێت کە دۆڵی خانەقاو باڵەکایەتی لانکەی شۆڕشی کوردی بوو، بەڵام لای خەڵکی دۆڵی خانەقا تەنها بووەتە قسەو هیچ خزمەتگوزارییەکی لەگەڵدا نییە.

ئیدریس حەمەد، دانیشتووی گوندی سەرنەوسی دۆڵی خانەقا لەم بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە (١٨) گوندی دۆڵی خانەقاین، تائێستا حکومەت نەیتوانیوە هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆ پێشکەش بە گوندەکانی ئێمە بکات».

ئەو هاوڵاتییەی گوندی سەرنەوسی دۆڵی خانەقا باس لەوە دەکات، کە بەرپرسان بەردەوام حکومەتی هەرێم بە ساوا دەزانن‌و دەپرسێت «ئەی بۆ لەکاتی پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردندا حکومەت ساوا نییە؟ بەڵێنەکانمان پێدەدەن کەچی جێبەجێی ناکەن».

خەڵکی دۆڵی خانەقا بەهۆی نەبوونی کارەبای نیشتمانی‌و نەبوونی ڕێگاوبانی گونجاو دەناڵێنن‌و توورەن لەو بەڵێنانەی کە لەلایەن بەرپرسانەوە بەردەوام پێیان دەدرێت‌و دواتر جێبەجێناکرێن.

سیروان سیرینی، قایمقامی قەزای ڕەواندز لەبارەی نەبوونی خزمەتگوزاریی لە ناوچەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «ئێمە لەبەرنامەماندایە کە کارەبای نیشتمانی‌و پڕۆژەی ڕێگاوبان‌و چەندین خزمەتگوزاریی دیکە بۆ دۆڵی خانەقای سەر بە قەزای ڕەواندز ببەین، لەساڵی داهاتووەوە لە بەرنامەشماندایە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هەموو شوێنەکانی دیکەی سنوورەکەمان ببەین بەپێی توانا».

بەڵام شێخ حەمەد پیرۆت، هاوڵاتییەکی دیکەی دۆڵی خانەقایە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتی ئەو ناوچەیە نەکات، هەموو گوندەکان چۆڵ دەبن‌و ڕوو لە شارەکان دەکەن‌و بەروبوومی کشتوکاڵیی نامێنێت.

شێخ حەمەد وتیشی: «بەڕاستی هیچمان بۆنەکراوە، نە قوتابخانەکانمان وەک پێویستەو نە ڕێگاوبانێکی باشمان هەیە نە کارەبای نیشتمانیمان هەیە، نازانم شانازیی چی بە حکومەتەکەی خۆمانەوە بکەین».

# بزووتنەوەی گۆڕان.. لە کوێوە؟.. بۆ کوێ؟

فاروق عەبدوڵڵا

**سەرەتای سەرهەڵدان..**

کەم ڕۆژ هەیە لانیکەم جارێک لە یەکێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوزارشتی «دوای ١٨ ساڵ» نەبیستین یاخود بەرچاومان نەکەوێت، هەروەک ئەوەی واقیعی سیاسیی ئەمڕۆ لە «دوای ١٨ ساڵ» خۆی بەرجەستە کردبێتو تەنیا بەدەرکەوتنی لیستی جیاوازو تەنیا بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە واقیعیەتی دەسەڵاتێک پێناسەی خۆی وەرگرتبێت!.

لەلایەک خەریکە "دوای ١٨ ساڵ" دەبێتە ئەمری واقیع لە نووسینو قسەکردنمانداو لەلایەکی دیکەیشەوە بە مەبەستی زۆر دوورنـەخـسـتـنـەوەی سـەرەتـاو زۆر قووڵنەکردنەوەی بابەتەکە دەکرێت لێرەدا ئێمەش هەر لەو چوارچێوە دەرنەچین، بەڵام بە جیاوازی ئـەوەی کە پێویستی وەبیرهێنانەوەیەک زیاد دەکەین.

پێویستی ئەوەی کە هێشتا (١٨) ڕۆژ تێنەپەڕیبوو بەسەر ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا کە بزووتنەوەی سیاسییو ناڕەزایەتی (بە هەموو کەموکوڕییەکییەوە) بوونی هەبوو بـەڕووی سیاسەتی ئەوکاتی ئەو کەرەستەیەی کە ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆی لێکەوتووەتەوە، دواتریش کۆڕەوی خەڵکی کوردستان ئەگەرچی لە چوارچێوەی هاوکێشەیەکی سیاسیی ناوخۆییو ناوچەییو جیهانیدا بوو، بەڵام ناڕەزایەتیو بێمتمانەیی خەڵکی بـەڕووی دەسەڵاتی ناڕەسمیی ئەوکاتی «بەرەی کوردستانی» گەیاندە ئاستێکی بـەرز، ئەگەر ئەمڕۆ خەڵکی پێیانوابێت دەسـەڵات لە ئاستی پێویستییەکانی ژیانیاندا نییە، ئەوا ئەوکات پێیانوابوو، کە ئەو هێزانەی وەکو یەکێتییو پارتی لە ئاستی ڕابەرایەتی ڕاپەڕینو ئامانجە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکدا نینو لێرەشەوە ناڕەزایەتی بە دووقۆڵی لەگەڵ سەرەتاکانی بێ ئیرادەییو نائومێدیی بەداخەوە سەریانهەڵداو تاکارگەیشتە ئەوەی لێرەو لەوێ دەیان دەربڕینی وا بەرگوێمان دەکەوت، کە گوزارشت بوون لەوەی خەڵک بە هیچ پێوانەیەک دڵخۆشو ڕازی نین بەوەی لە دوای بەعس هاتووەو بەگومانو بێزارییو دوودڵییەوە سەیری ئاکامەکانی ڕاپەڕین دەکەنو پەشیمانی دەبینرا لە چاوی هەموو ئەوانەی چاوەڕوانییەکی جوانترو باشتریان لە ڕاپەڕین هەبوو.

ئەمانە تەنانەت لە دروشمی خۆپیشاندانە جـەمـاوەریـیـە خۆبەخۆییەکانیشدا ڕەنگیدایەوەو چەندین دروشمی هۆنراوە ئاسای میللی وا سەریانهەڵدا، کە نیشاندەری کورتهێنانی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی بوو لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە دەسەڵاتی خۆماڵییو بەرهەمەکانی ڕاپـەڕیـنو هەندێکجار بەهای شۆڕشو ڕاپەڕینیش دەهێنرایە خوارو دەخرایە ژێر پرسیار.

بەمجۆرە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای ڕاپەڕینەوە سەرەتایەکی دوولایەنە لە ناڕەزایەتیو بێ ئومێدیی دەستیپێکردو بە تەریبیو بەشانی یەکەوە هەنگاویان دەناو مێژووی ئەم «١٨ ساڵ»ەیان نەخشاند.

تازە ئەمە ئەو بەشە لە کۆمەڵگە بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو دەسەڵاتی خۆیی بە ئاوات دەخواستو فیداکاریو قوربانی لەپێناودا پێشکەشکردبوو ئومێدی خۆی بـەدروشـمو بەڵێنەکانی نـاو بەرنامەی پارتەکانی شاخ گرێدابوو، لە دەرەوەی ئەمە بزووتنەوەیەکی دیکەو بیرکردنەوەیەکی دیکە لە ئارادا بوو، کە ئەنجامی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتییان پێشبینی دەکردو خەڵکیان لە مەترسییەکانی ئاگادارکردەوەو بە هەموو توانایان تێکۆشان دوای بەعس کۆمەڵگە بەجۆرێکی دیکە ڕێکبخەنەوە، کە ئازادییو عەدالەتو ژیانێکی باشتر ئامانجیان بوو. چەپەکانو ڕۆشنبیرە بەهەڵوێستەکانو هەڵسوڕاوانی بواری پێشکەوتنخوازیو عەلمانییەتو....هتد پشکی سەرەکییان هەبوو لەم هاوکێشە سیاسییەدا.

هـەڵـبـەتـە ئـەمـە باسێکە زۆرتـر هەڵدەگرێت، بەڵام دەکرێت لێرەدا بەکورتی بەوەندە کۆتایی پێبهێنینو تەنیا ئەوەندەمان بەس بێت، کە بڵێین بزووتنەوەی گۆڕان نە بزووتنەوەیەکی لەپڕی دەستکردەو نە بەرهەمی سیاسیی یەک تێڕوانینو هێڵی سیاسییە.

ئەمەش ڕاستییەکە ئەگەر دەرکی پێبکەین لە خزمەتی باشتر کار لەسەرکردنی ئەم بزووتنەوەیەو ئامانجەکانیەتیو بەبێ ئەم لێکدانەوە سیاسییو مێژوویيو بابەتیەش گومانی نییە ئەم بزووتنەوەیە ئەگەری ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، کە لانیکەم لە وەزعی ئێستایەوە بەرەو گۆشەیەکی تایبەتو سـنـووردارو کـەم کاریگەرتر بڕواتو لەگەڵ مێژووی ڕابردوویدا پچڕانی تێبکەوێت، کە بەخزمەتی مێژووی دواتری ناشکێتەوە.

**بزووتنەوەی گۆڕانو ڕابەرایەتی:**

کـەم نین ئـەو هـۆکـارە سیاسییو مێژوویيانەی کە لە ساڵانی ڕابـردوودا ئەم بزووتنەوەیەیان لە ڕابەرایەتییەکی مەحکەمو دەرکەوتوو بێبەشکردووە. بەڵام لە بەرامبەریشدا کەم نەبوون ژمارەی ئەو خۆپیشاندانو مانگرتنو چالاکیانەی، کە لە چەند ساڵی ڕابـردوودا لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕوویانداو بوونە جێی سەرنجی دەسەڵاتو میدیاکانو خەڵک بەگشتیی، دەکرێت ئەم چالاکیانە بێبەش نەبووبن لە عەفەویەتو ناڕێکخراوبوون، بەڵام بەگشتیی هەموویان ڕێژەیەک لە ڕێکخراوبوونو سـەرکـردەی محەلییان هەبووەو هەندێکجار کەسایەتییەکانیش ناسراون، گیراون، تەقەیان لێکراوەو لێیان کوژراوە.

ئـەمـڕۆ لـەبـارەی سـەرکـردایـەتـیو ڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە گفتوگۆیەک سەریهەڵداوەو دواجاریش هەر بە گفتوگۆ نامێنێتەوەو ئەنجامی عەمەلیی خۆی لێدەکەوێتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان نەحیزبێکە لیستی ناوەکانی سەرکردایەتییەکەی ڕیزبکەینو نەبزووتنەوەیەکیشە تایبەت بە هەڵبژاردن تا کاندیدەکانیان وەکو ڕابەرایەتییەکەی پیشان بدەین، بەڵکو بزووتنەوەی ناڕەزایەتی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانەو لەوێشەوە سەرچاوەی گرتووە، بەمپێیە ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بەسەرکردایەتییە حیرفییەکان هەیە واتە پێویستی بە جـووڵانو چالاکیکردنە لە فەلەکی تایبەتی خۆیدا

(کرێکاران، مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، بێکاران،....) ڕۆشنتر بڵێین دەبێت توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە سەنتەرەوە بۆ پێگەی خۆیان بەرینەوەو لە ڕێگەی پێکهێنانی ڕێکخراوو یەکێتییو نەقابەکانیانەوە ڕێکخراوبکرێنو دواتریش پێکەوە گرێدانی ئەم پارچانەو لێکهەڵپێکانی هەوڵو چالاکییە نەقابییەکان هەنگاوی دووەمەو بێ ئەمەش کاری توێژەکان بەهەر پێشکەوتنێکەوە کورت دێنێتو ناکامڵە.

لێرەوە بەڕاستی دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەوەی پێیدەوترێت سەرکردایەتی گۆڕانو ڕابەرایەتی ناوەندی لێرەدا مانا پەیدادەکاتو پێناسی کۆمەڵایەتی ( نەک نوخبەوی) خۆی وەردەگرێت.

**گۆڕان: بزووتنەوە یان لیست؟ بزووتنەوەی گۆڕان لە پشت لیستی گۆڕانەوەیە؟ یاخود لیستی گۆڕان لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندایە؟**

بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر بە هەموو مانایەک نوێ نەبێتو تەمەنێکی دوورو درێـژی هەبێت، بەڵام لەو لایەنەوە زۆر نوێ دەردەکەوێت، کە بەفراوانترین ئاستی ڕێکخراوەیی خـۆی نمایشکردو لەپاڵ لیستێکدا بینرایەوە جا ڕەنگە بە خەیاڵی کەمترین گۆڕانخوازدا ( ناڕازی) هاتبێت، کە دواجـار لانیکەم ئەم بزووتنەوەیە لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا وەکو بەشێک لە هەڵبژاردنو لیست خۆی نمایش دەکات، هەربۆیە خەریکە ناڕۆشنییەک دەردەکەوێت لە پێناسەی پەیوەندی ئەم بزووتنەوەو لیستە، یاخود لانیکەم پرسیارێک هاتووەتە پێش کە ئاخۆ جیاوازییەک هەیە تا باس لە پەیوەندیی نێوانیان بکرێت؟

باشتروایە لەوێوە دەستپێبکەین کە زۆربـەی سەرکردایەتی ئەمڕۆی لیستی گۆڕان، کادیرانو خەڵکانی ناسراوی ناو (ی.ن.ک) بوونو بە هەرهۆیەک بێت چیتر نەیانتوانیوە لەو چوارچێوەی ڕێکخراوەدا بمێننەوەو درێژە بەکاری سیاسییان بدەن هەڵبەت ئەم دیاردەیە بـەردەوام لەناو حیزبەکاندا هەبووەو هیچ سەیرو نوێ نییە، بەڵام ئەوە جێی سەرنجەو نوێیە کە هەمیشە ئەم حاڵەتانە بە دووباردا شکاوەتەوە ئەویش بەوەی یان ناڕەزایەتییەکان گەڕاونەتەوە ناو حیزبو یاخود حیزبێکی نوێیان پێکهێناوەو لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا دەگمەنە ئەم حاڵەتانە خرۆشانو هەژانی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە ڕوویدا وەها نەبوو لە ستانداردی گشتیی جیاواز بوو بەوەی کە تابیعێکی سیاسیی _ کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەبینیو شەپۆلەکانی هەتا چاوبڕکات ڕۆیشتو سنووری حیزبی تێپەڕاند.

ئاشکرایە کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیو داواکاری گۆڕان دەمێکساڵ بوو کەوتبووە ڕێو دەنگو ڕەنگو کاریگەرییەکانیشی دواجـار سـنـووری حیزبی نەناسیو لەولاشەوە نارازییەکانی ناو حیزب باش ئەم دەنگەیان دەبیستو بگرە کاری خۆشیان لەسەر دەکرد.

بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک لە بەرامبەر نەهامەتییەکانی ژیان گەیشتە ئاستێک، کە ئیتر وەکو بومەلەرزەیەکی سیاسیی کوردستانی هەژاندو هەمووانی گـرتـەوەو بەهەمانشێوەی یەکێتیی حیزبەکانی دیکەیشی ڕاوەشاندو ئەندامە گۆڕانخوازەکانی لێهەڵوەراندنو لەتبوونی حیزب لەلایەکو پێکهێنانی لیستێکی وەکو چاکسازییو خزمەتگوزارییش خۆی لەخۆیدا بەرەنجامی ئەم بوومەلەرزەیە بوو، نەک ئەو پاساوانەی خۆیان دەیهێننەوە.!!

بەهەرحاڵ لەم نێوەندەدا لەناو ئەزمەی سیاسیی حیزبی ( ی.ن.ک)و شکستی دەسـەڵات لە ئیدارەی باشی کۆمەڵگەداو بەرەوژوورچوونی دەنگی ناڕەزایەتیو لە کارلێکی وەها وەزعێکداو لە هەمووشی گرنگتر هاتنەپێشی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانو بەمجۆرە لیستێکی گۆڕان لەناو لیستەکاندا دروست دەبێت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا چنراوێک پێکدەهێنن.

ئێستا بزووتنەوەی گـۆڕانو لیستی گۆڕان لای زۆربەی خەڵک هیچ جیاکاریی تێدا ناکرێتو کێشەکەش لێرەدا نییەو ئەوەشی ئەم لێکدانەوە دەکاتە هەقیقەتێک کە هەمووان ببینن یاخود بەپێچەوانەوە دیوارێک لەنێوان لیستی گۆڕانو بزووتنەوەی گۆڕاندا دروست دەکات لە ئێستا بە پلەی یەکەم بەستراوەتەوە بە تێڕوانینو لێکدانەوە سیاسییەکانی لیستی گۆڕانو سەرکردایەتییەکەیو ئەوە ئەوانن لە ئێستادا لەم ئەگەرە یەکێکیان دەکەنە ئەمری واقیع لانیکەم لە مێژووی نزیکدا.

سەرەڕای ئەوانیش دیارە خەڵکانێکی سیاسییو ڕۆشنبیرو... بەردەوام ئەوانیش ئەگەر کەمتریش بێت کاری خۆیان بەقەدەر خۆیان هەیەو دواجاریش بە هەمووان لەو هەویرە شتێک دروست دەکەن، کە دواتر قسەی زیاتری لە بارەوە دەکەین.

**لیستی گۆڕان بزووتنەوەی گۆڕان بەرەوکوێ دەبات؟**

وەک پێشتر باسمانکرد لە دەرەوەی لیستی گۆڕانو ڕابەرایەتییەکەی، خەڵکانی سیاسییو ڕۆشنبیرو چالاکی بـواری کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتیی کار لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان دەکەنو لەو پێناوەشدا بە هەڵوێستو کاری جۆراوجۆر خەریکی کارکردنو سەرەڕای هەرجیاوازییەکیان تا ئەمڕۆ لەگەڵ سەرکردایەتی لیستی گۆڕان، بەڵام چاودێرن، هاوکارن، ڕەخنەگرن، کاری ئەم توێژانە لە ئایندەدا دوورکەوتنەوەو نـزیـکـبـوونـەوەکـان لـەسـەرکـردایـەتـی ئێستای گـۆڕان بەستراوەتەوە بـەوەی، کە ئایا سەرکردایەتی ئەمڕۆی لیستەکە بزووتنەوەکە بەرەو کوێ ئاراستە دەکەن؟ ئایا ئەو ناڕەزایەتیانەی خەڵکو ئومێدەکانیان لەم ڕاستایەدا چی بەسەر دێت؟ هەربۆیە ئەمڕۆ ئەم سەرکردایەتییە لە پێگەیەکی هەستیارو مێژوویی گرنگدایە، نەک کاری ئەوان، بەڵکو تەنانەت چاودێریکردنی کاری ئەوانیش کارێکی زۆر ئاسان نییەو دەبێت بەدەربەستەکان خۆیان بۆ ئەم ئاستە لە بەرپرسیارێتی ئامان بکەن.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە چەند مانگێک بەسەر بردنەوەی لیستی گۆڕاندا تێپەڕیوە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) کۆتایی هاتووەو بەرەو ڕووی هەڵبژاردنێکی دیکە هەنگاودەنێین، زۆر خاڵی گرنگ هەیە دەکرێت ڕیزیان بکەینو وەکو کۆمەڵێک سەرنج بیخەینەڕوو بە مەبەستی هـاوکـاریو بەشداریی لە بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی گۆڕانو هەرچی زیاتر جێگیرکردنی خودی لیستی گۆڕانیش لەناو بزووتنەوەکەداو بەرگرتن بە ئەگەری کاڵکردنەوەی خەسڵەتە زیندوو جەماوەرییە ئیجابییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو بەرگرتن بەوەی، کە بزووتنەوەیەکی ئاوا زیندوو پڕ لە ناڕەزایەتیو ئومێد نەگۆڕین بە ماشێنی بەرهەمهێنانی بێ ئومێدیو لاموبالاتی سیاسییو پەرتەوازەیی.

ئەگەرچی لە ئێستادا ئەمانە نە وجـوودیـان هـەیـەو نـە سەرەتاشیان دەرکەوتووە، بەڵام ئێمە کارکردن لەسەر خراپترین ئەگەرەکانیش بێبایەخ نابینینو هەردەبێت وابکەین، بەڵام سەرەڕای ئەمەش گەر تێبینییەکانمان لەسەر وەزعی ئێستای ئەم لیستەو هەندێک لەو تێڕوانینو چالاکیو نمایشانەی بوونیان هەیەو کە کاتی ئەوەیان هاتووە دیاریبکرێنو بنیاتنەرانە ڕەخنەیان لێبگرین، کە لێرەدا بە کورتی چەند حاڵەتو تێڕوانینێک دەخەمەڕوو بە ئومێدی گۆڕان لە گۆڕانداو کەمتربوونەوەی سەرنجە سلبییەکانی لە ئایندەی دوورو نزیکدا:-

**١) گۆڕان لەنێوان کاری ئاساییو کاردانەوەی نائاساییدا:**

سەرجەم بزووتـنـەوەو ڕێکخراوە سیاسییەکان، سـەرەڕای هەر داهێنانو هەوڵێکی زەیـنـی تـاکو سـەرکـردەو ئۆرگانەکانی، بـەڵام دواجـار بریتین لە کارلێکە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی خودی کۆمەڵگە، بەم پێیە هەموو پێکهاتە سیاسییەکان مەحکومن بە کارلێکردنی یەکتریو هەمیشە لـە بەرگریکردنی یەکتردان بە ئاستی جۆراوجۆر، بەتەواوی کـارو چالاکییەکانی ڕێکخراوێک یان بزووتنەوە سیاسییەکە (بەکارتێکردنەکانی بەرامبەریشەوە) دەکرێت بەکاری سیاسییو سروشتی ناوببرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەشێکی زۆر یاخود سـەرو ئاستی ڕێگەپێدراوی چالاکییەکان کاردانەوە (رد الفعل) بێت.

ئەمە حاڵەتێکە ئەگەرچی نەبووەتە سیمای گـۆڕان، بـەڵام ناوبەناو هەستی پێدەکرێت، کە دوورنییە هەندێکجار بەرامبەرەکەی بە بەرنامە بیخاتە ئەم فەلەکی (کاروکاردانەوەیە).

هەربۆیە هەندێکجار وا هەست دەکرا، کە بەشێک لە کاروچالاکییەکان بەتایبەتی ڕاگەیاندن زیاتر لە وەڵام بە ڕاگەیاندنی بەرامبەر بوو، نەوەک واقیعی سیاسییو کۆمەڵایەتی کوردستان.

هەڵبەتە ئەوە ڕاستە کە هەندێکجار بـەنـاچـاری دەبـێـت لـە بـەرامـبـەر کاریگەرییەکانی بەرامبەرەکەت لەسەر کۆمەڵگەو جەماوەرەکەت پەنابەریتە بەر وەڵام، دەرهاویشتە خراپەکان ئەوکات دەست پێدەکات، کە سنووری ڕێگەپێدراوت بەزاندو لەبری وەڵامـدانـەوە بەواقیعی کۆمەڵگە بەشێکت لێبووە درێژکراوەی نەیارەکەت.

**٢) زیادەڕەویی لە واقیعیبووندا:**

ئەمەش یەکێکی دیکە لەو حاڵەتو لێکدانەوانەی، کە ئەگەرچی بە ئامانجی زیاتر واقیعیبوونو کۆمەڵایەتیبوون ڕابەرایەتی لیستی گۆڕان کاریان لەسەر کردووە، بەڵام دواجار ئەوەی جێی سەرنج بوو کە لەم بوارەدا زیاد لە پێویست ئەم ڕێبەرایەتییە بابەتەکەی لەخۆی قورسو خەست کردووەتەوە دەرەنجامیش پێناچێت سوودی لەزیان زیاتر بووبێت.

بزووتنەوەی گۆڕان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوانەو لەسەر بنەمای (ژیانێکی باشتر) سەرچاوەی گرتووەو زیـادەڕۆیـی نییە، ئـەگـەر بڵێین ئەم بزووتنەوەیە ئەمەندە لە خاڵی ئابوورییەوە ئینتلاقی کـردووە، کە کەمتر سیمای سیاسییو ئایدیۆلۆژی پێوە دیار بوو هەر بۆیە ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە پێویستیان بەوەیەو چاودێریش دەکەن تا بزانن ڕابەرانی گۆڕان لەم بوارەدا چی دەڵێنو چی دەکەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرا هەندێک بابەت زۆر گرنگی پێدەدراو بۆ نموونە بەناوی واقیعی بوون هەندێکجاریش خۆترساندنیان بەوەی، کە ئاخۆ کۆمەڵگە چی لەسەر ئەم ڕابەرایەتییە دەڵێت: (بۆ نموونە لەبواری ئاییندا).. دەمانبینی کە زیاد لەوەی چاوەڕوان دەکرا گرنگی دەدرا بەلایەنی ئایینیو لە بەرامبەردا باسی عەلمانیەت بۆ جارێکیش بەرچاو نەکەوت.

# مافی میللەتێک گرنگترە یان..!



سیروان ژاژڵەیی

حیزبەکەی سەرۆک کۆمار لە هەڵبژاردنی ( ٢٥/ ٧) ی ئـەمـسـاڵ دەریخست ئەو هێزە لە ڕابردوو و ئـێـسـتـادا بەهۆی بوونی کێشە کا نی و چـارەسـەر نـەکـردنـیـان، مـتـمـانـەی جـەمـاوەری خـــۆی لەدەستداوە، گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی نوێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ئـەو هـێـزە لـەدوای هـەڵـبـژاردنـەوە دەیەوێت لە ڕێگەی چڕکردنەوەی هێرشو موهاتەراتی ڕاگەیاندنییەوە پاساوی بێ بنەماو نالۆژیکی جۆراجۆر بۆ شکستەکەیان بهێننەوە، بەجۆرێک ڕاگەیاندنی حیزبیان کردووەتە ئامرازو سەکۆی چەواشەکاریی بۆئەوەی هەم جەماوەری کوردستانو هەم ڕای گشتیی پێ چەواشەبکەن، ئێستا ساڵی (١٩٩٤) نییە، ساڵی (٢٠٠٩)یە جەماوەر وەک خۆی ڕاستییەکان دەبینێت، دواجار هەزار هاتوهاوار لای خەڵکی بە فلسێکە، لەو ساتەی لیستی گۆڕان وەک قەوارەیەکی سیاسیی خۆی ڕاگەیاند، بۆئەوەی بە جیا بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بکات، بەڵام یەکێتی وەک ئەوەی کێچ کەوتبێتە کەوڵییەوە! لە بری هەڵوێستە بکاتو پێداچوونەوە بە وەزعی خراپی خۆیدا بکاتەوە، بـەڵام ئەو حیزبە سوودی لەو ئەزموونە وەرنەگرتو بەهەموو توانایەکی مادییو مرۆیی کەوتووەتەخۆ بۆ نابوتکردنو بێئەهمییەتکردنی هاتنەمەیدانی بزووتنەوەی گۆڕان.

ڕۆژانـــە دەبـیـسـتـیـنو دەبـیـنـیـن لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە، سەرەڕای هەڵبەستنی دەیان ناوو ناتۆرەی بێ بنەما بۆ هەڵسوڕاوانی گۆڕان، کەچی لە وەها دۆخێکی هەستیاردا، وەک ئەمڕۆ جەنابی سـەرۆک بۆ کورد پێویستە نوێنەرەکانمان لە بەغدا لە ململانێی سەختدا بن بۆ وەرگرتنی مافە سیاسیو یاساییەکانی خەڵکی کوردستان، کە جەنابی سەرۆک دەڵێی نە بای دیوەو نە بۆران زۆر خەمساردانەو بێباکانە بەغدا بەجێدەهێڵێتو دەگاتەوە کوردستان، تاوەکو پێشوازیی لە چەند لایەنگرێکی گۆڕان بکات، پێگەو شوێنی جەنابی سەرکۆمار زۆر لەوە گەورەترە لە کوردستان چاوەڕوانی ئەوە بکات بزانێت کێ دەگەڕێتەوە بۆ ناو حیزبەکەی، دەپرسین دەبێت ئەو هەموو ئەندام مەکتەب سیاسیو سەرکردایەتیو کادیرانەی حیزبەکەت ئیشو ڕۆڵیان چ بێت؟ ئایا ئەوان ناتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن؟!

ئەوەندە جەنابی سەرۆک کۆمار خۆی تەرخانکردووە بۆ دژایەتیکردنی ڕەوتی گۆڕان، هێندە بە ئاگای پاراستنو دابینکردنی خواستو مافەکانی کورد بێتو بەدیقەترو پەرۆشانە مامەڵە لەگەڵ بڕیارە سیاسییەکانی ناوەند بکات باشترە، چونکە پێش ئەوەی جەنابی سەرۆک کۆماری عێراق بێت، نوێنەرایەتی کورد دەکات لە بەغدا، هەرکارێکی ناڕەواو پێچەوانەی بەرژەوەندییەکان بە میللەتەکەمان بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی جەنابیدایە.

حەقوایە ئەو کارە ڕۆتینیو لاوەکیانەی حیزب بسپرێت بە سەرکردەو کادیرەکانی دی لە کوردستان کە کاروباری حکومییان لەسەرشان نییە، ئەگەر بتەوێت بەم جۆرە گۆڕان لاواز بکەیت، بەخوا تازە نە بەتۆو نە بە هیچ کـەسو لایەنێک ڕەورەوەی گۆڕان ناوەستێت، سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن کارناکاتە سەر تێڕوانینو هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، چونکە با جەنابی سەرکۆمارو حیزبەکەشی لەوە دڵنیابن تازە گۆڕان وەکو بەکتریای سوودبەخشی گەشەکردو چووەتە ناو تـەواوی خانەکانی لەشی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، وەک پێداویستییەکی حەتمیو خواستی تاکی کوردو واقیعی کۆمەڵگەی کوردستان بەرفراوانتر دەبێت.

serwanserwano@yaoo.com

# ساڵێک تێپەڕبوو بەسەر پڕۆژەکەی تاڵەبانی

**«بە ئاسانی دەتوانیت هەموو میللەت بخەڵەتێنیت بۆ ماوەیەکی کورت، بەشێکی میللەتیش بۆ هەمیشەیی، بەڵام هەرگیز ناتوانیت هەموو میللەت بخەڵەتێنیت بۆ هەتا هەتایە»**
**ئەبراهام لینکۆڵن**



ئاری ئەبوبەکر

لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی، جەلال تاڵەبانی، پڕۆژەی «چاکسازیی و جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتی» ڕاگەیاند.

کەم نەبوون ئـەوانـەی، کە هەموو خەون و ئاواتی خۆیان لەسەر ئەم پڕۆژەیە هەڵچنی، بەتایبەتی تریش هەندێک ڕاگەیاندن، کە هەر زوو دەهۆڵی ریکلامکردنیان بۆ ئەم پڕۆژەیە کوتی، وەک ئەوەی هەنگوینیان لەداردا دۆزیبێتەوە، چەندین ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، شیکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتییان بۆ گرنگی ئەم پڕۆژەیە کردو چەندەها کاغەزیان بۆ ڕەشکردەوەو مانشێتی ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنیان لێ دروستکرد.

زۆربــوون ئەوانەشی بـڕوایـان وابـوو، کە پڕۆژەکە میکیاژکردنێکی ساختەو قێزەونە بۆ بە شەرعیکردنی ئیدامەدان بەو هەموو گەندەڵیی و ناعەدالەتییەی کە بەرۆکی کوردستانی گرتووە، کە یەکەمین و دواهەمین بەرپرسیار تاڵەبانی و بارزانین لێی، پێش هەر کەسێکی دیکە، وە پێیانوابوو جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بەو مۆدێلە ئاڵۆزەی کە لە کوردستاندا هەیە، بەم پڕۆژەیەو هەزارەها پڕۆژەی دیکەی بێ سیستماتیک و میکانیزم، بێ ناوەڕۆک و فشەڵ، چارەسەر ناکرێت، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەمجۆرە پڕۆژەیە، بە تولەڕێبردنی جەماوەردایە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی ریشەیی.

هەشبوون زیاتر ئەم پڕۆژەیەیان وەک چاوبەستێک و خۆڵکردنە چاوی کادیرو بەشێک لەو سەرکردایەتییە ناڕازییەی ناو یەکێتی دەهاتە پێشچاو بۆ دەمکوتکردنیان و نیشانەی پرسیار خستنە سەریان لەسەر ئەوەی، کە ئەگەر داوای گۆڕان و چاکسازیی دەکەن، فەرموو وەرنە ژێر چەتری تاڵەبانییەوەو ئیش لەسەر ئەم پڕۆژە درۆزنانەیە بکەن، بۆیە هەرزوو سەرکردایەتییە ناڕازییەکەش لەم مەرامە تێگەیشتن، لەوەی کە لە خۆ هەڵخەڵەتاندن زیاتر هیچ شتێکی دیکە لەم پڕۆژەیەدا نییە.

تاڵەبانی لە ئێستادا پێش ئەوەی سکرتێری یەکێتی بێت، سەرۆک کۆمارە، پێش ئەوەی سەرۆک کۆماریش بێت، سەرکردەیەکی لێنەبڕاوەی (٥٠) ساڵەی کوردە، کە حسابی جدیی بۆ هەموو وشەیەکی دەکرێت، کە دەیڵێت و دەینووسێت، بەڵام ئەو فاکتەرە سەرەکییەی لە کێشی پڕۆژەکەی تاڵەبانی کەمکردەوەو کردیە بڵقی سەر ئاو، بە هەند وەرنەگرتنی ئەو پڕۆژەیە بوو لەلایەن پارتییەوە، کە بە رووکەش بە شەریکی ستراتیژیی یەکێتی دەناسرێت و برابەشن لە دەسەڵات و دابەشکردنی سەروەت و ساماندا.

ئـەوەی لە دونـیـای سیاسەتی وڵاتـی ئێمەدا جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە قسەو گفتی سیاسییە باڵادەستەکان باجی نییەو زۆر بەسانایی دەتوانن بێ ئارەق لێی دەرچن، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتاندا سیاسیی بەرپرسیارە لە هەر قسەیەکی کە دەیکات و لێپرسینەوەی لەسەرە، رەنگ هەیە بگاتە دادگا، چونکە سەرکردە وەک ئێمەی هاوڵاتی سادەو ئاسایی نییە، کە ڕەنگە باجی قسەکانمان تەنیا خۆمان بیدەین و نە زەرەرو نە قازانجی بۆ کەسانی دیکە نەبێت.

هەرچەندە خـودی پڕۆژەکەی تاڵەبانی زۆر کرچوکاڵ سادەو بەرتەسک بوو، بەتایبەتی بۆ کوردستان کە گەندەڵیی تا بینەقاقای هاتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا جێگەی دڵخۆشی بوو، چونکە ئیعتیرافێکی راستگۆیانە بوو بۆ یەکەمجار سەرکردەیەک لە مەوقیعێکی وا گەورەی دەسەڵاتدا بەو شێوەیە پڕۆژەیەک گەڵاڵە بکات و بیخاتە بەردەم رای گشتیی.


مادام پڕۆژەکە داوای جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتی کرد، کەواتە دەستتێوەردانی حیزب لە حکومەت هەبوو وە هەیە، مادام ئەم دیاردە قێزەونەش هەیە، خۆ لانیکەم دەبوایە (ئەگەر هەر بۆ رووکەش و هەڵخەڵەتاندنی ئێمەی سادەش بوایە) لێپرسراوێکی گەندەڵمان لە حیزبەکەی تاڵەبانی ببینیایە، کە بدرێتە دادگا یان لە مەوقیعی دەسەڵاتەکەی دوور بخرایەتەوەو بەئاشکراش جاری ئەم دوورخستنەوەو دادگایە بدرایە، تا ببوایە بە دەرس بۆ هاوگەندەڵەکانی.

ئێستا ساڵێکی رەبەق بەسەر لەدایکبوونی پڕۆژەکەدا تێپەڕیوە، کافی نەبێت بۆ بە عەمەلیکردنی بە قەولی تاڵەبانی خۆی (دەستو مەچەکی چاکسازیمان لێهەڵماڵیوە)، ئەی دەبێت چەند ساڵ و مانگ و سەدەمان پێویست بێت بۆ ئەوەی، کە لە دیاردەی میلیشیای حیزبی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی دیکەی حیزب و حکومەت رزگارمان ببێت و دەبێت چەندی دیکەمان بوێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەو....هتد؟

پڕۆژەکەی تاڵەبانی وەک پەندە کوردییەکەی لێقەوما، کە دەڵێت: «دەستدانە بەردی قورس، نیشانەی نەهاویشتنیەتی»، تاڵەبانی نەک هەر بەردێکی قورسی هەڵگرت، بەڵکو بەردەکەو تەوقیتی هەڵگرتنەکەشی سەقەت بوو، لە هەمووشی بەسوێتر دانانەوەی بەردەکە بوو بێ ئەوەی ئیعتیرافی نەتوانینی هاویشتنی بەردەکە ببیستین، بە پێچەوانەوە، وەک هەر شکستێکی دیکە لە کەشکۆڵی دەوڵەمەندی پڕ شکستی سەرکردایەتی کورددا، بەسەرکەوتن بۆی هەژمار کرا.

Arei1976@hotmail.com

# مەترسییە ناوخۆییو دەرەکییەکان کامیان کاریگەرترن؟



بەهرۆز عەلی — قاهیرە

گەر مەترسییەکانی لاوازبوونی قـــەوارەی سیاسیی هـەرێـمی کوردستان پۆلێن بکەین بۆ مەترسیی دەرەکیی و ناوەکیی و لە رەهەندەکانی هەردووکیان بکۆڵینەوە بڕواناکەم بگەینە ئەو راستییەی مەترسیی دەرەکـــی بـــەقـــەدەر مەترسیی ناوەکی کاریگەریی سلبیی هەبێت لە لاوازکردنی قـەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەی ئەوەی ماوەیەکە سەرکردەی دەست رۆیشتوو ئەوەندە تەرکیزی لەسەر ئەوەیە، کەوا مەترسیە دەرکییەکان بەردەرگایان لی گرتووین گەرفریا نـەکـەویـن رامـانـدەمـاڵـێـت، بۆ گەیشتنمان بە دەرەنجامی راستیی و دروستی ئەو تێڕوانینە، پێویستە هەڵوێستەیەک بکەین لەسەر مەترسییەکانی دەرەکیی و ناوەکیی و خاڵەکانیان دەستنیشان بکەین، ئاخۆ کامیان لەسەر مانەوەو بەهێزبوونی قەوارە سیاسییەکەمان مەترسییان هەیە؟

دیـارتـریـن خـاڵـی مەترسیی دەرەکی بریتییە لە بەشداریکردنی لایەنەکانی عێراق و هـەوڵـدان بۆ پتەوکردنی قـــەوارەی نیشتمانی عێراق، کە لایەنی سوننیی و شیعی کردوویانە بە ئامانجی سەرەکییان، بـەڵام کـورد تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سـودی لە ناکۆکیی شیعەو سوننە وەرگرتووە بۆ بەهێزکردنی قەوارەی سیاسیی خۆی لە عێراق، کە بێگومان دەبوایە هەر لەسەرەتای رووداوەکانی (٢٠٠٣)ی عێراق بیری لە خیاری دیکە بکردایەوە، وەک بەدیل و ئەو رۆژەی لەبەرچاو بوایە، ئێستا بە نزیکبوونەوەی هەندێ قەوارەی سیاسیی شیعی و سوننیی و هاوپەیمانیەتی بەستنیان لەسەر بنەمای عێراقێتییان بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتوو، لەو نێوەندەدا رەنگە کورد پەراوێز بخەن، ئەمە بە یەکێک لە خاڵەکانی مەترسیی دەرەکی دادەنرێت، خاڵێکی دیکەی مەترسییە دەرەکییەکان ئەوەیە هەستدەکرێت هەوڵدەدرێت وردە وردە بەعسییەکان بگەڕێنەوە بۆ بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، کە خاوەنی پاڵپشتی هەندێ وڵاتانی عەرەبین، خاڵێکی دیکەی مەترسییەکان ئەوپەڕی ئەوەبێت، کە ئەمجارەیان رەنگە کورد چانسی ئەوەی نەبێت لە وەرگرتنی پۆستە سیادییەکان بەتایبەتی یەکێک لە پۆستە سیادییە باڵاکان وەک پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار کە مـاوەی دوو دەورەیـە بەدەستییەوەیەتی، ئەوانەی کە باسمانکرد دیارترین خاڵە مەترسیدارە دەرەکییەکانی سەر قـەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراقن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک فاکتی گرنگ هەیە، کە دەتوانرێت لە رێگەیەوە بەر بەو مەترسیانە بگرێت وەک چەسپاندنی هەندێ مافی بنەڕەتی لەناو دەستوور، فاکتێکی دیکە فاکتی نێودەوڵەتییەو لە رێگەیەوە دەتوانین بەرگریی پێبکەین بەرامبەر ئەو مەترسییە دەرەکییانەی کە باسمان لێوە کرد، ئەویش پاراستنی بنەماکانی مافی مـرۆڤ و مافی کەمینەکانە بەتایبەتی ئێمەی کورد وەک ئەرکی ئەخلاقیی و قانوونی بێت نێوەندە نێودەوڵەتییەکان دەبێت پابەندبن پێوەی، سەبارەت بە پەیدابوونەوەی بەعسییەکانیش گـەر بێنەوە ناو پرۆسەی سیاسیش موستەحیلە وەک جارانیان لیبێتەوە، چونکە هەم رەوشی سیاسیی گۆڕاوە، کە چارەنووسی رژێمە شمولییەکانی دیکەیش بەرەونەمان دەبـات، هەم لەبەردەم هێزگەلێکی وەک پێکهاتەی شیعەکان، کە ساڵانێکە پێگەیەکی بەهێزیان لەناو دەوڵەتدا داکوتاوە، ئەو بـوارەیـان نابێت وەک جاری جاران چۆنیان بوێت لێخوڕن.

هـــەرچـــی مـــەتـــرســـیـــیـــە ناوخۆییەکانیشە گەرچی زۆرترن، بەس دەکرێت لێرەدا گرنگترینیان باس بکەین کە ئەمانەن: ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە لەدوای راپەڕینەوە لەگەڵ یەکەم هەنگاوی دەسەڵاتی خـۆمـاڵـی کـۆمـەڵـگـەی کـوردی گیرۆدەی بووەو حوکمڕانی کورد، نەک نەیتوانیوە بەرتەسکی بکاتەوە، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ بازنەکانی ناعەدالەتی بەرەو فراوانتر دەبات، گەندەڵیی ئیداریی و دارایی و سیاسیی بەجۆرێکە کە بەشی هەرە زۆری داهاتی کوردستان لەبری ئەوەی بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات و پـەرەپـێـدانـی گشتگیرو بەردەوام بێت بۆ دەوڵەمەندبوونی چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاحی حیزب و بنەماڵەی حوکمڕان بەکاردێت و نارێکیی و بێپلانیی ئیدارەش لەولاوە بوەستێت، خاڵێکی دیارتری مەترسییە ناوخۆییەکان ئیختیسابکردنی زانکۆو دادگاو بازاڕو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەو گومرگ و زەریبەیە بەدەس حیزبی حاکمەوە، تەداخولی حیزب لەم ئاستە گرنگانەی دەوڵـەتـدا بەجۆرێک مەترسییان دروسـتـکـردووە وەک ئـەوە دێتە بەرچاو، کە دەوڵـەت و حوکمداریی موئەسەساتی غیابی هەبێت و میلیشیاو خێڵ سەرکردایەتیان بکات، وەک چـۆن لە سەدەکانی نـاوەڕاسـت (سـەدەی تاریکی) هەموو کاروبارەکانی ژیانی گشتیی دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ کڵێساکان لێرەش هەموو شتەکان بەبێ بوونی مەرجەعی یاسایی و شەرعی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حیزب.

خاڵێکی دیکەی مەترسی ناوخۆیی ناشەفافی دیبلۆماسی کـوردیی و پەیوەندییەکانی کوردە بە جیهانی دەرەوەو هەندێ وڵاتی دراوسـێ، لەبری ئەوەی دەزگای دیبلۆماسیی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم لەسەر بنەمای زانستیی و پاراستنی بەرژەوەندی باڵای هەرێم و لەلایەن دیبلۆماتی بێلایەن و خاوەن ئینتیما بۆ هەرێم، نەک بۆ حیزب و ئەم و ئەو بەڕێوە ببرێن، کەچی لەلایەن یەک دوو سەرکردەوە بەڕێوە دەبرێن تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبی فەرمانڕەواش بێئاگان لێی.

خاڵێکی دیکەی مەترسی ناوخۆیی لاوازکـردنـی ئـەو دیموکراسییە نیسبییەیە، کە دەرەنجامی راپەڕینی خەڵکی کوردستان هاتەکایەوە بۆیە دەڵێن دەرەنجامی راپەڕینە، چونکە لە رێگەی کودەتاوە نەهاتووەتەکایەوە تا گرووپێک خۆیان بە میراتگریی بزانن و شەرعیەتی شۆڕش بکەنە بنەمای سەرچاوەی حوکمڕانیی.

هـەمـوو ئـەم کەموکورتییە ناوخۆییانە کاریگەرییان کردووەتە سەر تاکی کوردو رای گشتیی میللی کوردستان، لە هەندێ حاڵەتیشدا کاریگەرییان خستووەتە سەر دۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمیش تایبەت بە کوردستان و قەوارە سیاسییەکەی، کە هەم لە مەحفەلە نێودەوڵەتییەکان سومعەی کورد پێوەی لەکەدار بووە، هەم ئەملاو لامـان دڵشادن پێی، ئەمانە بوونەتە هۆی نائومێدکردنی میللی خەڵکی کوردستان، کە رۆژ لەدوای رۆژ ئینتیمایان بۆ نیشتمان نەمێنێت و بەلایەوە گرنگ نەبێت چارەنووسی قـەوارەی سیاسیی هەرێم چی لێدێت، وەک ئاماژەمان پێکرد گەر لە بەرامبەر مەترسییە دەرە کییەکان کۆمەڵێک فاکت هەبن بۆ رەوینەوەیان، ئایا بۆ مەترسییە ناوخۆییەکان چ زەمانەتێک هەیە؟

# سەروەرکردنی یاسا لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا



چیمەن محەمەد رەشید

*راستی بەرایی لە پێناو نەهێشتن و رەواندنەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی و کاری نایاسایی پێویستە بە ئاراستەی دانان و قەناعەت هێنان بێت بە پرەنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات*

پێگەی دەسـتـوور دەکەوێتە لوتکەی هەرەمی قانوونی دەوڵەت، هەموو دەوڵەتێکی یاسایی پێویستی بە دەستوورێک هەیە، بۆ ئەوەی سروشتی ئـەو دەوڵـەتـە دیـاری بکات لـەگـەڵ شـێـوەی سیستمە سیاسییەکەی، ئەوە جگە لەوەی کە لە دەستووردا ئاڵاو پایتەخت و زمان و بیروباوەڕە فیکریی و سیاسییەکەی، رێکخستنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریـی لە رووی پێکهاتن و تایبەتمەندییەکانییەوە تیایدا دەستنیشان دەکرێت.

لـە دەسـتــووردا مـافـەکـان و ئازادییە سیاسیی و مەدەنییەکان، چ لەسەرئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رێکدەخرێن و دیاریدەکرێن.

گرنگیی و پیرۆزیی دەستوور ئـــەوەنـــدەی لـــە پـراکـتـیـزەو جێبەجێکردندایە، ئەوەندە لە رستەی بـریـقـەدارو چەمکی فەلسەفیی و مرۆیی و رازاندنەوەیدا نییە، ئەوە بەو مانایەی نا کە لە گرنگی بنەماو برگە دەستوورییەکان کەم بکەینەوەو بێ بایەخی بکەین، بەڵکە بەوپێیەی زۆربـەی هـەرەزۆری دەستوورو کارنامەی دەوڵەتانی دنیا بە دەوڵەتە شمولیی و دیکتاتۆرەکانیشەوە لە بەڵگەنامە دەستوورییەکانیاندا جەخت لە چەمکی ئازادییە سیاسیی و مەدەنییەکان و مافەکانی مرۆڤ و چەمکی هاوڵاتی بوون و دیموکراتیی و یەکسانی و دادپەروەری کردووەتەوەو لە هەمان کاتیشدا پێچەوانەی ئەو برگە دەستوورییانە دەجووڵێنەوە یان فەرامۆشی دەکەن و دەستوورەکانیان تەنیا وەک بابەتگەلێکی رووکەشی فـریـودەرانـە خستووەتەڕوو، کە لاپەڕەکانی مێژوو گەلێ نموونەی لەو جۆرەی تێدایە.

یەکێک لە کـارە هــەرە دیـارو گرنگەکانی دەستوور رێکخستن و دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییەیە کە دەبێت لەنێوان گروپ و رێکخراوو حیزبە سیاسییەکان لەلایەک و لەگەڵ دەسـەڵات لەلایەکی دیکەوە بێتە ئاراوە، بە پشتبەستن بەو راستییەی کە هـەر حیزبێکی سیاسیی چ لە دەسەڵاتدا بێت یا ئۆپۆزسیۆن بێت رەگەزێکە لە رەگەزەکانی ژیانی سیاسیی دیموکراسیی.

راستی بەرایی لەپێناو نەهێشتن و رەوانـدنـەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی و کـاری نایاسایی پێویستە بە ئاراستەی دانان و قەناعەتهێنان بێت بە پرەنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسـەڵات لەلایەن حکومەتەکانەوە بـەوەی، کە فەرمانڕەوایەتی مافی گەلەو تەنیا گـەل خـۆی ئـەو مافە دەبەخشێ بە ئەوانەی کە بە ئازادانەو ئارەزوومەندانە دیاریان دەکات بۆ ئەو ئەرکە، ئەمەش راماندەکێشێت بۆ درکـکـردن و زانینی پێویستی حەتمی بایەخی بە سەروەریکردنی یاسا لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا، بەومانایەی کە یاسا بکەینە مەرجەعی یەکەم لە هەڵسەنگاندن و جوڵانەوەی گـروپ و لایەنە سیاسییەکاندا، بە جـیـاوازی بـیـروڕای سیاسیی و پێگەو ریزبەندیی و ئینتمایانەوە، هەر بۆچوون و داواکردنێک بۆ گفتوگۆو راگـۆڕیـنـەوەش شتێکی خەیاڵیی و ناڵۆژیکی دەبێت کاتێک بەد حاڵی بـوون و دیوارێکی پۆڵاین لەنێوان لایەنە سیاسییە ناکۆکەکاندا هەبێت بەتایبەتی لەنێوان حیزبی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆندا، کە هـەر یـەک لای خۆیەوە خۆی بە خاوەن ماف و راست دادەنێت و پێی وایە بەرامبەرەکەی مافی نییە، یـان بۆچوونەکانی نادروستن! بۆیە رێکخستنی ئەو پەیوەندییەو بە یاسایی کردنی زامنێکی بەهێز دەبێت بۆ سەقامگیریی سیاسیی و لە هەمانکاتیشدا فاکتەرێکی گەورە دەبێت لە چەسپاندنی ئاشتیی و پێکەوە ژیانی سیاسیی هێمنانەی دوور لە گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، لەبەر ئـەوە یەکێ لە کـارە هـەرە گرنگو پڕ بایەخەکانی ئـەمـڕۆی هێزە بڕیار بەدەستەکانی کوردستان بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستاندا، بۆ هێنانە ئارای زەمینەیەکی لەبارو گونجاو بۆ وەلاوەنانی یەکجارەکی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی و گرژیی و ئاڵۆزییەک لە هەبوونی دەستوورێکی پێشکەوتووی جێ رەزامەندیی گشتیی و بەسەروەریکردنی یاسادا خۆی دەبینێتەوە.

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٤٧ – R٣
پرۆژە: پرۆژەی قیرتاوکردن و شۆستە لە ناحیەی رزگاری.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٤٤ – R٤
پرۆژە: کۆنکرێتکردنی جادەی سەرەکی هارگلان لە بیارە.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٤٦ – R٥
پرۆژە:دروستکردنی هۆڵی لەش جوانی لە رانیە.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٢ – R٤
پرۆژە: پرۆژەی ئاوی گوندی سێوەنگ لە شارباژێر(دووبارە٢).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٤٥ – R٢
پرۆژە: دروستکردنی ئاوەرۆ لە دوو سایدی شۆرش

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٦٠٠٠٠٠٠) شانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ – ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com


کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# لە شکستی سیاسیی دەترسن



**مەهدی ئەبوبەکر**

لە (٢٠)ی نیسانی رابردوو، پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی بۆ «گۆڕانکاریی بنەڕەتیی» دەرکرد. ئەو یاسایە کە ناوی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی هەڵگرتووە، ئەگەر کاری پێبکرێت، ئەوا دەبێتە دەستپێک بۆ گۆڕانکاریی راستەقینەو بنەڕەتیی لە شێوەو جۆری حوکمڕانیی لە کوردستاندا. یاساکە بە بێدەنگیی تێپەڕی، هەڵوەستەیەکی جێ بایەخی لەسەر نەکرا، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوکات لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە سەرگەرمی خۆئامادەکردنی بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بوون.

یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک هەڵەی یاسایی‌و زمانەوانییەوە تێپەڕی، بەڵام ئەم قسەیەمان هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو یاسایە خراپە، بەپێچەوانەوە سەرەڕای کەلێنە یاساییەکانی، بەڵام هێشتا لە ئەگەری جێبەجێبوونیدا ئەنجامی باش بەسەر تێکڕای ژیانی سیاسیی‌و ئیداریی هەرێمی کوردستانەوە جێدەهێڵێت.

شاراوە نییە ئەنجومەنی پارێزگاکان بە کۆتاییهاتنی ساڵی (٢٠٠٩) تەمەنی درێژ بۆ خەڵکی کوردستان جێدەهێڵن، ئەوەشی کە لە خۆر رووناکتر دەدرەوشێتەوە ئەوەیە، بەمزووانە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان سازنادرێت. تەنانەت کاتێکیشی بۆ دیاری نەکراوە تا دڵی خۆمانی پێخۆشبکەین‌و بڵێین ئەو یاسایەی دەتوانێت گۆڕانکارییەک بکات، بەمنزیکانە کاری پێدەکرێت. بە گوێرەی ئەم یاسا نوێیە تەنیا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکرێت، بەڵکو هەموو ناحیەو قەزاکانیش بە ئەنجومەن‌و قایمقام‌و مودیری ناحیەی «هەڵبژێردراو» شاد دەبن. ئینجا وەرە سەیری ئەو مەترسییە بکە کە بەهۆی ئەو یاسایەوە رووبەڕووی یەکێتی‌و پارتی دەبێتەوە.

هەیە لەوانەیە بڵێن باشە یەکێتی‌و پارتی پەرلەمان بەدەستی خۆیانەوە نەبوو، ئەی بۆچی یاسایەکی وا «مەترسیداریان» دەرکرد، کە ریشیان لە ناحیەیەکی سەر سنوورەوە تا مەرکەزی پارێزگاکان دەداتە دەست هەڵبژاردنەوە؟

پارتی‌و یەکێتی کە دەتوانین بە جمکە حیزبی کوردستان ناویانبەرین، بەهۆی ئەوەی ئامادەنەبوون یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە زۆر لە یاساکەی پەرلەمانی کوردستان پێشکەوتووترە جێبەجێبکەن، بەناچاریی ئەو یاسایەیان دەرکرد، ئەگەرنا هەرگیز ئامادەنەبوون یاسایەکی وا دابهێنن کە سوور دەزانن حوکمی لامەرکەزیی ئیداریی لە کوردستاندا تا ئاستێک دەچەسپێنێت‌و بەوهۆیەشەوە دەسەڵاتیان لاوازدەبێت.

جمکە حیزبی فەرمانڕەوای شەریکەبەش بە بیانووی نەبوونی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بڕیاریان نەدا لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، هەرچەندە یاساکە زیاتر لە (٣) مانگ پێش هەڵبژاردن چاوی بەدنیا هەڵهێنابوو.

لێ راستی دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و تەنانەت دواخستنی دەرکردنی یاساکەشی، پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە ئەوان دەترسان لەوەی دەسەڵاتی ئیداریی لە ژمارەیەکی زۆر شارو شارۆچکە بە ئۆپۆزسیۆن بدۆڕێنن، خۆیشیان باش دەزانن دۆڕانی ئیدارەی چەند شارو شارۆچکەیەک شکستی سیاسیشی بەدوادادێت‌و ڕێخۆشکەرە بۆ دۆڕانی دەسەڵاتی سیاسیی.

بیانووی یەکەممان لێوەرگرتن، بە کامی دڵی خۆیان هەڵبژاردنیان دواخست، بەڵام سوپاس بۆ خوا پەرلەمانی نوێ دەستبەکارە، ئەی بۆچی وادەیەک بۆ ئەو هەڵبژاردنە دیاری ناکات؟

خۆ خوانەخواستە ناڵێن لەبیرمان نییە؟ ئەگەر بەنیازیش بوون وابڵێن، ئەوا ناتوانن حاشا لەوە بکەن کە فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکیان خستووەتە بەردەست سەرۆکایەتیی پەرلەمان تا کاتێک بۆ ئەو هەڵبژاردنە دیاری بکات، لە راستیدا جمکە حیزبی کوردستان، بەتایبەتی یەکێتی دوای ئەوەی شکستی سیاسیی خۆی لە ناوجەرگەی سلێمانی‌و زۆرینەی قەزاو بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی‌و ناوچەی گەرمیان بینی، نایەوێت وا بە ئاسانیی مەرگی دەسەڵاتە ئیدارییەکەشی لەو ناوچانە ببینێت.

یەکێتی باش دەزانێت ئەمجارە چۆن‌و بەچی دەردەسەرییەک حکومەتی وەرگرت، دەزانێت ئەگەر «رێکەوتننامەی ستراتیژیی» نەبووایە، با بە یەک لیستیش لەگەڵ پارتی بەشداربووبن، بەڵام پارتی رازی نەدەبوو یەکێتی حکومەت وەربگرێت، بۆیە یەکێتی تا پێیبکرێت لە پەرلەماندا رێگر دەبێت لەبەردەم دیاریکردنی کاتێک بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لانیکەم رێگردەبێت تا چەند کارێک لە سەر ئاستی عێراق‌و کوردستان‌و ناوخۆی یەکێتی بەجێ دەگات، ئەوانەش بریتین لە:

- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، چونکە ئەو هەڵبژاردنە تا ئاستێک توانای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەردەخات.
- کۆنگرەی یەکێتی، بە وتەی خۆیان لە نیوەی یەکەمی ساڵی داهاتوو کۆنگرە دەبەستن، بۆئەوەی چەند دەموچاوێکی نوێ بهێننە بەر واجیهەی حیزب‌و بە خەڵکیی بڵێن ئەوەتا خۆمان گۆڕیی.
- گۆڕینی چەند بڕگەو مادەیەکی یاساکە، تا دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکان‌و پارێزگارەکان کەمبکرێتەوە.
- لای یەکێتی لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە، بتوانێت سوود لەو دواخستنە وەربگرێت‌و لە رێگەی بەخشینەوەی پارەوە ویژدانی زۆرێک بکڕێت، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی لە رووی سیاسییەوە کارێکی نا ئەخلاقییەو لە رووی یاساییشەوە تاوانە، هەڵبژاردنی رابردووش سەلماندی کە گرەوێکی دۆڕاوە، بەڵام یەکێتی بۆ قۆناغی داهاتوو زۆر پشتی پێبەستووە.

ئەوەی ئێستا بۆ جمکە حیزب، بەتایبەتی یەکێتی گرنگە، ئەوەیە ئەم وەزعە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دەزانن هەڵبژاردنی پارێزگاکان زیانێکی زۆریان لێدەدات، بۆیە حیلە شەرعێک دەدۆزنەوەو بە بڕیارێک تەمەنی ئەم ئەنجومەنانەی ئێستا درێژ دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئۆپۆزسیۆنە، ئەوەیە رێگەی حیلەو تەڵەکەبازییان لێبگرن‌و داوابکەن کە هەڵبژاردنەکە لە (٧)ی ئازاری داهاتوو لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بکرێت. جمکە حیزب بیانوویەکی مەنتیقی‌و یاساییان نییە بۆ رازی نەبوون بەو پێشنیازە، ئەو بیانووەشیان نییە بۆ مەسەلەی کات‌و ئامادەکاریی، چونکە کاتێکی زۆر لەبەردەستدا ماوەو تا (٧)ی ئازار عەیامێکە.

**ئەوەی ئێستا بۆ جمکە حیزب، بەتایبەتی یەکێتی گرنگە، ئەوەیە ئەم وەزعە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دەزانن هەڵبژاردنی پارێزگاکان زیانێکی زۆریان لێدەدات**




**بەڕێز/ مامۆستا ئاسۆس هەردی**

**بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئاوێنە**

بابەت/ پیرۆزبایی
دوای سڵاو

بەناوی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم لە جەنابتان دەکەین بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نێودەوڵەتی (جبران توینی ٢٠٠٩) بۆ رۆژنامەنوسی ئازاد، ئەگەر وەرگرتنی خەڵاتەکە بۆ بەڕێزتان جێگای رێزو سەرکەوتووییە، بۆ ئێمە شانازییە کە ئێوە لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیرو دیارن‌و رۆڵتان هەبووە لە دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی ئەهلی‌و بەرەو پێش بزاوتی رۆژنامەگەریی لە کوردستان، ئەمڕۆ بە خۆشحاڵییەوە لە سایەی یاسایەکی رۆژنامەگەریی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دەتوانن بەوپەڕی ئازادییەوە لە بواری رۆژنامەگەریدا خزمەت بە جەماوەری کوردستان‌و عێراق بکەن‌و ببنە جێی رەزامەندیی دەزگایەکی وەک (جبران توینی) کە خەڵاتی نێودەوڵەتی خۆی بۆ ساڵی (٢٠٠٩) پێشکەش بە رۆژنامەیەکی کوردی زمان بکات، کە ئەمەش رێزلێنانە لە هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان.

دووبارە پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەین

**محەمەد نوری تۆفیق**
**سکرتێری لقی سلێمانی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**



**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٧٠٣ – R١

پرۆژە: دروستکردنی بینایی داڵدەدانی ژنان(شێلتەر) لە سلێمانی(دووبارە٢).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٥٠٠٠٠٠٠) چل و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**



**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣٧ – R٥

پرۆژە: دروستکردنی یاریگای تۆپی پێ لە سورداش.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١/٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**














چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩